# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٢٦)- (١)ی ئابی ٢٠٢٢

## سەرۆك بارزانی:

# کەلتووری شۆڤێنی تاوانی ئەنفالی بەرهەم هێناوە و هەتا ئێستاش ڕەگی داکوتاوە و دەبێ بنبڕ بکرێت

## هەتا ڕوفاتی یەك شەهید مابێت، ئێمە لە هەوڵەکانمان بەردەوام دەبین

دەبێ کەلتووری یەکدی ڕەتکردنەوە بگۆڕدرێت بۆ برایەتی، پێکەوەژیان و لێبوردەیی

لێبوردەیی گەلی کوردستان لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، هیچی لەوەی باشووری ئەفریقیا کەمتر نەبوو






# داستانی خواکورک

٢٧

لە کۆتایی داستانە مێژوویی و سەرفرازییەکەی خواکورکدا، وەک پێزانین و ڕێزگرتن لە قارەمانەتی، ئازایەتی، چاونەترسی و بوێریی پێشمەرگە، وتارێکم پێشکەش کردن.

پێشمەرگە قارەمانەکان

خەباتی ئێمە، خەباتێکی ڕەوایە، چونکە مافی گەلەکەمان لەلایەن ڕژێمێکی دیکتاتۆرەوە پێشێل کراوە کە بڕوای بە هیچ پرەنسیپ و بنەمایەک نییە. نەک هەر بڕوای بە مافی گەلی کورد نییە، بەڵکوو بڕوای بە مافی مرۆڤیش نییە. هەموو ئامانجەکانی نەهێشتن و تواندنەوەی گەلی کورد و وڵاتەکەیەتی، بۆیە هەر چەندە گوشارەکانی ڕژێم زیاتر بن و ئیمکانات و تواناکانمان کەمیش بن، بەڵام ئەرکەکانمان بە ڕێکوپێکی ڕاپەڕێنین و بەو ئیمان و ئیرادە و بڕوایە هەیە بەرەو ڕووی دوژمن ببینەوە، دڵنیام سەر دەکەوین.

بارودۆخەکە جێی ئومێدە، ئەوە نییە هیچ مەترسییەک هەبێت و بڕیاریش ئەوەیە کە ئێمە بەرگری بکەین و پشت بە خوا سەریش دەکەوین. تەنانەت ئەگەر لە خۆڕاگری و بەرگریدا بشمرین، زۆر سەربەرزانەترە لەوەی لە کۆڵانەکانی ئەورووپا، یان ئەو شار و ئەم شارو ئەولاو ئەملادا ڕەزیل و سووک و سەرگەردان بین.

تاکە ڕێی بەردەممان گەیشتنە بە ئامانجەکانمان، بە زۆر بێت، یان بە خۆشی، تەنیا ڕێیش ئەوەیە سیاسەتی ئێمە ڕاست بێت. بەرگری بکەین و تەسلیمی زۆرداریی دوژمنان نەبین، ئەوە بە ئامانج دەگەین.

لە هەموو حاڵەت و بارودۆخێکیشدا ئامانجەکانمان زۆر ڕوون و ئاشکران و دەستیان لێ هەڵناگرین و هەرچیی بۆ ئەم خاکە پیرۆزە بکرێت کەمە، بەدڵنیاییەوە تێکۆشان بەبێ شەهید نابێت، پیرۆزیی ئەم خاکەش لەوەدایە کە بەهەزاران کەس لە پێناویدا شەهید بوون، ئەگەرنا بەو شێوەیە نەدەبوو.

ئێمە بانگەشەی ئەوە دەکەین کە پارێزەری ڕێبازی بارزانین، هەڵگری ئاڵای بارزانی و پارتیین، بەدڵنیاییەوە کاتێک ئەم دروشمانە بەرز دەکەینەوە پێویستە هەموو سەختییەکیش قبووڵ بکەین، خوراگر بین، سپاس بۆ خوا کە بەرگرییەکی باش و بەهێزیش بە سەربەرزی و سەربڵندییەوە کرا، ئەم بیروباوەڕەتان لێ پیرۆز بێت و دەستان خۆش بێت و ماندوو نەبن.

# چاپکراوی نوێ




بەرگی یەکەمی کتێبی (مەسرور بارزانی سەرەتایەکی نوێ.. شرۆڤەی گوتارەکەی چاتام هاوس لە لەندەن) لە ئامادەکردنی ئاسۆ حاجی و پێداچوونەوەی کوردۆ شابان و گرافیك و دیزاینی هاوکارمان لوقمان ڕەشیدی لە دووتوێی (٢٠٠) لاپەڕەی قەبارە گەورە کەوتە بەردەستی شرۆڤەکارو خوێنەران و کتێبخانەی کوردییەوە.


لە ڕووی ئەو پرسیارەی کە ئەم کتێبە بۆچی؟ ئامادەکاری کتێبەکە نووسیویەتی کە تێیدا هەوڵدراوە لەسەر بایەخی گوتارەکەی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناوەندی چاتام هاوس بۆ ئازادی و بیروبۆچوون لە لەندەن شیکردنەوەی جیاواز بکرێت، ژمارەیەك لە مامۆستایانی زانکۆو سیاسەتمەدارو نووسەر و شرۆڤەکار لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، لە بارەی ئەو گوتارە شرۆڤەو لێکدانەوەیان کردووە، هەموو ئەوانە لەگەڵ گوتارەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو کتێبەدا کۆکراونەتەوە، تا وەك دۆکیۆمێنتێکی مێژوویی و سەرچاوەیەکیش لەبەر دەستی خوێنەراندا بێت.

گوتارەکەی بەڕێز مەسرور بارزانی لە ناوەندی چاتام هاوس بۆ ئازادی و بیروبۆچوون لە لەندەنی پایتەختی شانشینی بەریتانیا، گوتارێکی ئاسایی نەبوو، هەروەها گوتارێکیش نەبوو کە تایبەت بێت بە بۆنەیەك یان سەردانێك، یاخود لە چوارچێوەی پەیوەندیی دوو لایەندا لە چوارچێوە بدرێت، بەڵکوو گوتارێکی تایبەت و ناوازە بوو، گوتارێك بوو کە شایەنی هەڵوەستە لەسەر کردنە، هەروەها لە گۆشەنیگای جیاوازەوە شیکاری بۆ بکرێت.

تایبەتمەندیی گوتارەکە لەوەدا بوو کە بۆ یەکەمین جارە سیاسییەکی کورد لە ناوەندێکی گرنگی هزری کە کاریگەریی لەسەر بڕیاری نەك تەنیا بەریتانیای مەزن هەیە، بەڵکوو کاریگەریی توێژینەوەو بۆچوونەکانی لەسەر ناوەندەکانی بڕیار لە سەرتاسەری جیهان دیارە.

ڕەنگە ئەو کتێبە یەکەمین کتێبی شیکاری بێت لە بارەی گوتارێکی سیاسی کە بە دڵنیاییەوە خزمەت بە فکرو مەعریفەی سیاسیی کوردستان دەکات، بەو ئومێدەی ببێتە هاندەر و مۆدێلێك بۆ ئەوەی کەسانی دیکەش دەست بهاوێنە کاری هاوشێوەو بەسوودوەرگرتن لە ڕێبازی گوتارشیکاری ڕاڤەی گوتارە سیاسییەکان بکەن، دەستخۆشی لە ئامادەکاری ئەم کتێبە دەکەین و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

# چاپکراوی نوێ




کتێبێکی دیکیۆمێنتاری بە ناونیشانی (پرۆفیسۆر مستەفا زەڵمی شەبەنگی یادگارییە زێڕینەکان چرای زانست و گوڵدانی کەلام) لە نووسینی (زانیار سەردار قرگەیی) کەوتە کتێبخانەی کوردی و بەردەستی خوێنەرانەوە.

مامۆستا مستەفا زەڵمی یەکێك بوو لەو ئەستێرانەی لە ئاسمانی هزرو بیری کوردەواریدا دەرکەوت و گەشایەوە، ئەو بە بەرائەتیی ڕوح و دەمو چاوێکی نوورانی و بە دڵێکی ناسك و بە کۆڵێك کتێب و زانستی زمانی خێرەوە، وەك فریادڕەسێك ڕێك لەو چاکسازانە دەچوو کە بۆ ئاشتی و ئارامی و ڕێنمایی کردنی مرۆڤایەتی ڕێگەی کەوتبووە سەر ئەم هەسارە پڕ لە بیری چەوت و هزری ناپەسند خۆحەشاردراو لەپێناو بەرگی ئاییندا.

دکتۆر زەڵمی نموونەیەکی دیارو زیندووە کە هەموو تەمەنی خۆی لە خزمەتی ئیسلام و مرۆڤایەتی و زانست و کۆمەڵگە خەرج کرد، ئەو مامۆستاو زاناو نووسەر و بیرمەندو شەرعزان و یاساناسێکی دیار بوو، کە توانی بە لێهاتوویی و هەوڵ و خزمەتە ئەکادیمی و ڕۆشنبیرییەکانی ببێتە پێشەنگێکی ناوازەو ڕێزلێگیراو لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق بە تایبەتی و وڵاتانی ئیسلامی بە گشتی.

پرۆفیسۆر و گەورە مامۆستای بە ئەزموون دکتۆر مستەفا زەڵمی خاوەنی چەندین شاکارو پڕۆژەو نووسین و کتێبی بە نرخ و داهێنانی مەزنە، بیروبۆچوونی کراوەو بەرزو هەڵکەوتوون، سەلیقەیەکی وردو جوانی هەبوو، هەمیشە بۆ خزمەتکردنی ئایینی ئیسلام و زانست و هوشیاریی یاسایی نەتەوەی کورد تێکۆشاوە، سەدان کەس لە ڕۆڵەکانی کوردستان و عێراق و تەنانەت لە دەرەوەی عێراقیشدا لەسەر دەستی ئەم بەڕێزە و بە زانستەکانی پەروەردەو گۆش کراون، بە داخەوە پرۆفیسۆر زەڵمی لە تەمەنی (٩٢)ساڵیدا و لە ڕۆژی ٢٠١٦/٦/٤ کۆچی دوایی کرد و لە هەمان ڕۆژدا لە شارەدێی خورماڵ بە خاك سپێردرا.

ئەم بەرهەمە ناوازەی زانیار قرگەیی کە کتێبێکی قەبارە گەورەو(٤٢٤) لاپەڕە لەخۆ دەگرێت، توانیویەتی کەلێنێك لە کتێبخانەی کوردی پڕبکاتەوەو ببێتە سەرچاوەیەك بۆ ئەوانەی تینووی زانیاری و شارەزایین لەسەر ئەم زاناو پرۆفیسۆرە، بۆیە دەستخۆشی لێ دەکەین و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

# چاپکراوی نوێ




بەم دواییە چاپی یەکەمی کتێبی (ڕێگای ئاوریشمی نوێ.. سێ لێکۆڵینەوەی زانستی) لە نووسینی (کامەران حەسەن) چاپکراو کەوتە کتێبخانەی کوردییەوە. ئەم بەرهەمە لە سێ لێکۆڵینەوەی زانستی پێکهاتووە و هەوڵێکی خاکەڕایانەیە بۆ خوێندنەوەی ڕێگای ئاوریشم کە لە ڕاستیدا سیستەمی دەمارەکانی ناوەندی جیهانە، کە مرۆڤەکان و شوێنە دوورەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، یارمەتیمان دەدات کە باشتر لە ڕووداوە مێژووییەکان و هەندێك بابەتی دیکە بگەین.هەرچەندە ئەمە سەرەتای خوێندنەوەی ئەم پرۆژەیە دەبێت، بەڵام دەکرێت بەشێکی بچووك بێت لە خوێندنەوەی وێنە گەورەکە، لەم سێ بابەتە کارکراوە تا کۆسپەکان، ئامانجەکان و چەلێنجەکانی ڕێگای ئاوریشم باس بکرێت، هەروەها هەڵسەنگاندنی ئەم پرۆژەیە لە ڕووی تیۆری هاوڕایی و لایەنی جیۆپۆلیتیکییەوە و بەپێی لێکۆڵینەوەکان خوێندنەوە بۆ ڕێگای ئاوریشم کراوە.

هەر لەم کتێبەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ڕێگای ئاوریشم خاوەن کۆمەڵێك هەڕەشەو دەرفەتە کە بە توێژینەوەو هەڵسەنگاندن و خۆ ئامادەکردن دەکرێت سوود لە زۆرترین دەرفەتەکانی وەربگیرێت و بە ئامادەکاری ڕێگری لە هەڕەشەکانی بکرێت، بەڵام بەبێ ئامادەکاری و بێ زەمینسازییەکی تۆکمەی سیاسی و ئابووری و کولتووری، کوردستان تەنیا دەبێتە دەروازەیەك بۆ هاتنە ژوورەوەی کاڵاو شتومەك و کولتووری جۆراوجۆر لە دەرگایەکیەوە و دەرچوونی وزەو سەرچاوەکانی دیکە لە دەروازەیەکی دیکەوە. بەم شێوەیە کێشەکان و ململانێ ناوخۆییەکان زیاد دەکەن، هەژموونی هەندێك وڵات و لایەن زۆرتر دەبێت و کاریگەری لەسەر حوکمڕانیی کوردستان دروست دەکات، کوردستان بەرەو لاوازبوون دەبات، بە تایبەتی چین بەپێی زانیاری و توێژینەوەکان بە هیچ شێوەیەك نایەوێت خۆی تووشی کێشە ناوخۆیی و نەتەوەییەکانی وڵاتانی بەشدار لە پرۆژەی ڕێگای ئاوریشمدا بکات.

دەستخۆشی لە نووسەری کتێبی (ڕێگای ئاوریشمی نوێ.. سێ لێکۆڵینەوەی زانستی) دەکەین و هیوای سەرکەوتن و بەرهەمی زیاتری بۆ دەخوازین.




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
سالْح عومەر
شەمالْ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی سالْح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی



بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com



چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*


شێروان دووبەردانی :



## سەردانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بۆ بەغدا بەرهەمدار بوو

دڵشاد میران :



## لەم قۆناغە ئاڵۆزەی عێراقدا حکومەتی هەرێم دەتوانێت مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان بپارێزێت

دکتۆر ناقسەر نووری عەبدال :



## کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان... خاڵە لاوازەکانی وەرچەرخان بۆ خاڵی بەهێز

ولیەم ولفۆرس :



## بایدن ناتوانێت لەبارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە بڕیاری قورسی سیاسی بدات

ناجی سەلیمی :

## دوو کۆنسێرت لە هەولێر و سلێمانی ساز دەکەم



ڕۆمیۆ هەکاری :

## حکومەت لە بواری ئاسایشی ئاو و خۆراکدا هەنگاوی باشی هەڵگرتووە



## لەساڵیادی جینۆسایدی ئێزدییەکانی شنگالدا داوای سزادان و دادگاییکردنی تیرۆریستانی گیراوی داعش دەکرێت




## ئایا بنێشتی نیکۆتین هاندەرە بۆ وازهێنان لە جگەرەکێشان؟




ئیمان حەیدەر :

## لەم وەرزشە بەردەوام دەبم تا بە لووتکەی ئامانجەکانم دەگەم




## سکۆتەری کارەبایی تویۆتا



# سەرۆک بارزانی لە ڕیفراندۆمدا بە هەموو جیهانی نیشان دا، کورد گەلێکی زیندووە و سەربەخۆیی بە مافی نەتەوەیی خۆی دەزانێت





**دکتۆر عوسمان عەلی وەیسی**
شارەزا لە بواری دەدستووری
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە



گەلی کورد بە سەرۆکایەتیی مسعود بارزانی لە ساڵی ٢٠١٧ و لە پرسێکی دیموکراتی و ئازاددا ریفراندۆمی ئەنجام دا و، دەنگی بە سەربەخۆیی دا، بەمەش گەورەترین سەرکەوتنی مێژوویی تۆمار کرد و، بە هەموو گەلانی جیهانی ڕاگەیاند کە کورد گەورەترین نەتەوەی سەر گۆی زەوییە کە لەو مافە نەتەوەییە بێبەش کراوە و، تا ئێستا خاوەنی دەوڵەت و کیانی سەربەخۆی خۆی نییە. کورد لەو ریفراندۆمەدا بۆ سەربەخۆیی، شەفافانە توانی پرسی چارەنووسی خۆی یەکلا بکاتەوە، ئەو مافەی کە بە پێی ماددە و بڕگە نێودەوڵەتییەکان و بەندەکانی ڕێککەوتنەکان بۆ هەموو گەلان چەسپێندراوە و، لە هەموو بڕگە و ماددە یاساییی و دەستوورییەکاندا جەختی لەسەر کراوەتەوە، بەوەی بێ هیچ کۆت و بەربەستێك هەمووان دەتوانن لە چوارچێوەی ئازادی و دیموکراسیدا مومارەسەی مافی ئازادی و دیموکراسی و نەتەوەیی خۆیان بکەن، هەر وەکو چۆن نەتەوەکانی ئەوروپا لە دوای شەڕی ٣٠ ساڵەی هەر دوو ڕێبازی کاتۆلیکی و پرۆتێستانت لە کۆنگرەی ویستفالیا لە ١٦٤٨ پرەنسیپی نەتەوەکان چەسپێندرا و، ئەو مافەی بە نەتەوەکانی ئەوروپا دا کە سنوور و کیانی سەربەخۆی خۆیان هەبێت، دواتر لە سەردەمی بووژانەوە و نوێبوونەوە و «ڕێنسانس»دا مافەکانی نیشتمانیی هاووڵاتیان وەکو پرەنسیپی نەتەوەکان و چەندین مافی دیکەی جۆراوجۆر بەرجەستە بوون، پاشان نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر بنەمای مافەکانی مرۆڤ و نەتەوەکان، ئەو مافەی داوە بۆ ئەوەی نەتەوەکان ببنە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان و، ژمارەی دەوڵەتەکان لە سەرەتای دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ٥٤ دەوڵەتەوە بەرەو نزیکەی ٢٠٠ دەوڵەت زیادی کرد.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر لە یاسای نێودەوڵەتیدا هیچ لەمپەرێك لە بەردەم ئەنجامدانی ریفراندۆمدا نییە، ئەی بۆچی ئەو گەلەکۆمەکێ و هێرش و پێشێلکارییانە دەرهەق بە گەلی کورد کرا؟ سەرۆك بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێمی ئەو کات، ئەو مافەی هەبوو کە گەلەکەی بەرەو ریفراندۆم ببات و لایەنە سیاسییەکان و پەرلەمانی کوردستانیش لەگەڵ ئەنجامدانی ریفراندۆمدا بوون، لەمەش گرنگتر گەلی کوردستان وەکو گەلێکی شۆڕشگێڕ و بە درێژایی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان و لە سەرجەم شۆڕش و خەبات و ڕاپەڕین و قوربانیدانەکاندا، بۆ ئەوە بووە لە عێراقدا مافەکانی پێشێل نەکرێت و دژایەتی نەکرێت، نەوەك هیچ مافێکی لەو مافانە جێبەجێ نەکرێت کە لە دەستووری عێراقدا هاتووە و، تەنانەت وەکو هاوبەشێکی سەرەکی مامەڵە لەگەڵ کورد نەکرێت. لە یاسای نێودەوڵەتیدا هیچ لەمپەرێك نییە لە بەردەم گەلاندا بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، ئەمەش لەبەر ئەوەی گەلانی چەوساوە بە شێوەیەکی دیموکراسی و بە ئاشتی و ئارامی ڕوو لە بەدەستهێنانی مافەکانیان بکەن و، ڕۆڵیان لە پاراستنی ئاشتی و ئارامیی جیهانی و هەرێمایەتی هەبێت. ڕاستە گەلی کورد لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە دەستووری عێراقدا بەرەو فیدراڵییەت وەکو گرێبەستێکی یاسایی و کۆمەڵایەتی لە ناو چوارچێوەی عێراقدا مایەوە، بەڵام بە مەرجی هاوبەشی لە بەڕێوەبردنی عێراقدا، نەك بە پێشێلکاریی دەستووری و یاسایی و فەرامۆشکردنی مافەکانی، بە پێی هەردوو ڕەهەندی نێودەوڵەتی و نێوخۆیی، گەلی کورد ئەو مافەی هەیە لە چوارچێوەی پرسی ریفراندۆمدا خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێت، دەکرا دادگای نێودەوڵەتی بە هاوشێوەی کۆسۆفۆ ئەو مافە بدات بە گەلی کورد هەروەکو چۆن بە پێی دەستوور و یاساکانی کەنەدا هەمان مافی لە ناوخۆدا بە هەرێمی کیوبیك دا، ریفراندۆم ئەنجام بدات، لە ئەزموونی نێودەوڵەتیدا زۆر نموونە هەیە وەکو تەیموری ڕۆژهەڵات و باشووری سوودان سەربەخۆییان بەدەست هێنا و، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ئەو مافەی بۆ چەسپاندن، تەنانەت ئیسپانیاش ڕاستە سزای یاسایی هەندێك لەو سەرکردانەی دا کە هەرێمی کەتەلۆنیایان بەرەو ریفراندۆم برد، بەڵام هەرگیز بە هاوشێوەی عێراق نەتەوەیەك نەبووە بە ئاشتی داوای مافی خۆی بکات و لە پرۆسەیەکی تەواو دیموکراتی و یاساییدا داوای سەربەخۆیی بکات، کەچی سزای گەلەکە بدرێت لە ڕێگەی گەمارۆ و توندوتیژی و هێزی چەکدار و میلیشیات و کوشتن و دەرکردن و وێرانکردن، کە تا ئەمڕۆ شوێنەوارەکانی دیارە.

**سەرۆک بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێمی ئەو کات، ئەو مافەی هەبوو کە گەلەکەی بەرەو ریفراندۆم ببات و لایەنە سیاسییەکان و پەرلەمانی کوردستانیش لەگەڵ ئەنجامدانی ریفراندۆمدا بوون**

**ڕاستە گەلی کورد لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە دەستووری عێراقدا بەرەو فیدراڵییەت وەکو گرێبەستێکی یاسایی و کۆمەڵایەتی لە ناو چوارچێوەی عێراقدا مایەوە، بەڵام بە مەرجی هاوبەشی لە بەڕێوەبردنی عێراقدا، نەک بە پێشێلکاریی دەستووری و یاسایی و فەرامۆشکردنی مافەکانی**

**بە پێی هەردوو ڕەهەندی نێودەوڵەتی و نێوخۆیی، گەلی کورد ئەو مافەی هەیە لە چوارچێوەی پرسی ریفراندۆمدا خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێت**

سەرۆك بارزانی بە پێی یاسا ئەو مافەی هەبوو ڕای گەلەکەی وەربگرێت و لە پرۆسەیەکی چارەنووسسازدا بەرەو ڕیفراندۆمی ببات، کە وێڕای فشارە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و نێوخۆییەکان هەرگیز پاشگەز نەبووەوە لە بەدەستهێنانی ئیرادەی گەل، ئەو ئیرادەیەی هیچ کەس و لایەن و حزبێکی سیاسی و حکومەتێك ناتوانێت لە بەردەمیدا بوەستێت و ئینکاری بکات، پێشتر دوژمنانی گەلی کورد وایان لە تاکی کورد کردبوو، شەرمنانە باس لە سەربەخۆیی و دەوڵەتی خۆی بکات، ئەم جارە سەرۆك بارزانی ئەو لەمپەر و هەستیارییەی تێکشکاند، ئەمە یەکێك بوو لە دەستکەوتەکانی ڕیفراندۆم کە لەگەڵ بەشداریی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی کوردستان و دانیشتووانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، پاڵپشتییەکی یاسایی بە کوردستانییەتی ئەم ناوچە کوردستانییانەش دا.

هەموو ئەو لایەنە سیاسییانەی عێراق لە ژێر دەستتێوەردانی دەرەکیدا کاتێك دژی مافی نەتەوەی کورد وەستانەوە، شارەزاییان لە مێژوو و یاسا و عورفە نێودەوڵەتییەکان نییە، کە لە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و کۆنگرەکانی ڤیستڤاڵیا و ١٨ بەندەکەی ویلسنی سەرۆکی ئەمریکا و جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ و بەند و ماددەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش و بڕیاری ٦٨٦، ئەو مافەیان بە نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان داوە کە کۆمەڵکوژ نەکرێت و نەچەوسێتەوە و دوچاری هێرشی شۆڤێنی و مەزهەبی و تیرۆریستی نەبێتەوە و، هەموو مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی پارێزراو بێت، بۆیە نە دەسەڵاتی فیدراڵی و نە دادگای فیدراڵی ئەو مافەیان نییە بڕیار بۆ سڕکردنی ڕیفراندۆم و سزادانی هەموو نیشتمانپەروەر و دڵسۆزێکی نەتەوەیی بدەن، ڕیفراندۆم دەسەڵاتی گەلە بەسەر هەموو چەوسانەوە و سڕینەوەی مافی نەتەوەیەکەوە، جووڵاندنی هێزی چەکداری و سوپا و توندوتیژی دژی خەڵکی سڤیل لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و، سووتاندنی ماڵ و موڵك و کوشتنیان، ئەمە دەبێت لە لایەن دادگای فیدراڵییەوە هەڵوەستی لەسەر وەربگیرێت، نەك ئیرادەی گەلێك کە لە سەرووی دەسەڵاتی دادگاشەوەیە، ڕەت بکرێتەوە و سزای نیشتمانپەروەر و کەسایەتییە نەتەوەییەکان بدات.

ئەنجامی ئەم ڕیفراندۆمە بە ((بەڵێ)) بۆ سەربەخۆیی دەمێنێت، گرنگ نییە چەند ساڵی دیکە سەربەخۆییەکە جێبەجێ بکرێت، گرنگ ئەوەیە مافێکی چەسپێندراوە و کەی ژینگە و بارودۆخە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکە گونجاو بێت، دەکرێت بەرەو جێبەجێکردنی ئەو مافە بڕۆین، بەڵام دەبێت پاڵپشتییەکی نێودەوڵەتی وڵاتێکی زلهێزمان هەبێت، هەرچی ئەو وڵاتانەی بەرەو سەربەخۆیی ڕۆیشتن و ڕیفراندۆمیان ئەنجام داوە، پاڵپشتیی ئەمریکا، یان ڕووسیا، یانیش وڵاتێکی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشیان هەبووە.

باشووری کوردستان بە یەك هەڵوێست و یەك ئیرادە و خواست، هەموو پێکەوە بە ناوچە کوردستانییەکانەوە لە ساتێکی مێژوویی خۆیدا دەنگی بە سەربەخۆیی دا و، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی خستە بەردەم ئەمرێکی واقیعەوە، ڕیفراندۆم ئیرادەی گەلە و ئیرادەی گەل ئیرادەیەکی ئیلزامییە و بە فەرمی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی گوت ئازادی و سەربەخۆییمان دەوێت، لە ئێستادا هەموو خەڵکی کوردستان هەست بە پێشێلکاریی دەستوور دەکەن و بڕیاری مێژوویی خۆیان داوە، کە نایانەوێت لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتێکی مەرکەزی و پێشێلکاریی مافەکانیاندا بمێننەوە، هەڵسوکەوت و پێشێلکردنی مافی زمان و دەستووری و یاسایی و ئازادیی کورد لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، باشترین بەڵگەیە بۆ کۆتاییهاتنی ئەو عێراقەی کە لەسەر کۆمەڵێك بنەما کورد بۆی گەڕایەوە، مانەوەشی لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ماف و بەندە دەستووری و یاساییانەیە کە کەرامەت و مافی گەلی کورد بپارێزرێت، بە ڕیفراندۆم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و خودی کاربەدەستدانی بەغدا جارێکی دیکە ناتوانن ستەم و زوڵم لە کورد بکەن، ئەو پێشێلکاری و زەوتکردنی مافە دەستووری و یاسایی و دژایەتیکردنەش کە ئەنجامی دەدەن لە دژی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی، تەمەنی کورت دەبێت و بەردەوام نابێت، ڕیفراندۆم ئیرادەی گەلە و بڕیارە و، بڕیاری گەلیش یاساییە و لە سەرووی هەموو دەسەڵاتەکانەوەیە و هەر بە زیندوویی و پیرۆزی دەمێنێتەوە.

**پێشتر دوژمنانی گەلی کورد وایان لە تاکی کورد کردبوو، شەرمنانە باس لە سەربەخۆیی و دەوڵەتی خۆی بکات، ئەم جارە سەرۆک بارزانی ئەو لەمپەر و هەستیارییەی تێکشکاند**

**نە دەسەڵاتی فیدراڵی و نە دادگای فیدراڵی ئەو مافەیان نییە بڕیار بۆ سڕکردنی ڕیفراندۆم و سزادانی هەموو نیشتمانپەروەر و دڵسۆزێکی نەتەوەیی بدەن**

**ڕیفراندۆم ئیرادەی گەلە و بڕیارە و، بڕیاری گەلیش یاساییە و لە سەرووی هەموو دەسەڵاتەکانەوەیە و هەر بە زیندوویی و پیرۆزی دەمێنێتەوە**





# ٤٠ ساڵ چاوەڕوانی بۆ دۆزینەوەی ڕووفاتەکانیان

## ئەنفالی بارزانییەکان ٣١ی تەمموزی ١٩٨٣

«دارخورما لەسەر چیاکان شین نەبوون، بەڵام چیاکان جارێکی دیکە هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان لە ئامێز گرتەوە»

لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥، حکومەتی عێراق هەموو گوندەکانی ناوچەی بارزانی رووخاند و کاولی کردن و دانیشتووانەکەشی بۆ بیابانەکانی پارێزگای دیوانییە لە باشووری عێراق دوور خستەوە

لە دوای هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی بیابانی «بوسەیە لە پارێزگای ناسریە» توانرا رووفاتی ٥٠٣ کەس بدۆزنەوە، کە هەموویان بە رێگەی ناسنامە و جامەنەی سوور و شێوازی جلوبەرگەکانیاندا دەرکەوت ئەو گۆڕە بەکۆمەڵە بەشێکن لەو بارزانییانەی کە لە ساڵی ١٩٨٣ ئەنفال کراون

لە ساڵی ٢٠١٤ توانرا رووفاتی ٩٦ کەسی دیکە لە بێسەروشوێنەکانی بارزانییەکان بدۆزرێتەوە و بگەڕێندرێنەوە بۆ کوردستان، رۆژی ٣٠ی تەمموزی ٢٠٢٢یش رووفاتی ١٠٠ بێسەروشوێنی دیکەی ئەنفالی بارزانییەکان گەڕێندرایەوە بۆ کوردستان

لە ٣١ی تەمموزی ساڵی ١٩٨٣ رژێمی بەعس و سەدام حوسێن قۆناغی دووەمی ئەنفالی گەلی کوردستانی دوای ئەنفالی کوردە فەیلییەکان لە (٤ی نیسانی ١٩٧٨) بە ئەنفالکردنی ٨٠٠٠ پیاوی بارزانی لە (٣١ی تەمموزی ١٩٨٣) دەست پێ کرد و، دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ٤٠ ساڵ بە سەر ئەم تاوانە گەورەیەدا، هەتا ئێستا نزیکەی ٦٠٠ ڕووفاتیان بە دوو قۆناغ لە ساڵانی (٢٠٠٥ و ٢٠١٤) دۆزراوەتەوە و گەڕێنراونەتەوە بۆ زێدی خۆیان، هەوڵەکانیش بۆ گەڕان و دۆزینەوەی ڕووفاتەکانی دیکەش بەردەوامە.

ڕۆژی شەمەی ڕابردوو (٣٠ی تەمموزی ٢٠٢٢) ڕووفاتی ١٠٠ بارزانیی ئەنفالکراوی دیکەیان گێڕایەوە بۆ کوردستان و لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر، لە لایەن نوێنەرانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی کونسوڵخانەکانی وڵاتانی جیهان لە ڕێورەسمێکی شایستەدا پێشوازییان لێ کرا، پاشان گوازرانەوە بۆ زێدی خۆیان لە بارزان و ڕۆژی ٣١ی تەمموزی ٢٠٢٢ لە گۆڕستانی ژینۆسایدی بارزانییەکان، لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا بە خاك سپێردران.

ئەنفالی بارزانییەکان بە ڕاگواستنیان دەستی پێ کرد، بارزانییەکان لە شوێنی ڕەسەنی خۆیان ڕاگوێزران بۆ بیابانەکانی باشووری عێراق و دەست کرا بە وێرانکردنی دێهاتەکانیان و سووتاندنی دار و زەوییە بەپیت و چێنراوەکان و، تێکدانی ژینگەی دەڤەرەکە و تاڵانکردنی مەڕومالاڵت و بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی خەڵکەکە.

ئەو بارزانییانەی بۆ باشووری عێراق ڕاگوێزرابوون، لە ساڵی ١٩٨٠ لە ئۆردوگای قوشتەپە لە هەر دوو کۆمەڵگەی قودس و قادسییە نیشتەجێ کران، پێش ئەمەش لە ساڵی ١٩٧٨ هەندێکی دیکەیان ئەوانەی لە شوێنی ڕەسەنی خۆیان مابوون، ڕاگوێزران بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی (دیانا و هەریر و بەحرکە و گۆڕەتوو).

ئەم کارە دژە مرۆڤایەتی و شۆڤێنی و ترسنۆکانەیە کە لەلایەن ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێنەوە دژی ئەم خەڵکە سڤیل و بێتاوانە ئەنجام درا، ڕق و کینەیەکی شۆڤێنییانەی سیاسیی گەورە بوو دژی ڕابەرایەتیی بارزانییەکان لە ناو بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا و، ئەم ڕابەرایەتییەش کە ماوەی زیاتر لە ١٠٠ ساڵ لە شێخ عەبدولسەلامی بارزانی-یەوە دژی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دەستی پێ کردووە و تا گەیشتووەتە مستەفا بارزانی، کە ئەویش بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەدە ڕێبەرایەتیی بەدەست گرتووە و دوای ئەویش سەرۆك مسعود بارزانی کە لە ساڵی ١٩٧٩ ڕێبەرایەتیی گرتە دەست و، لە ماوەی ڕێبەرایەتیی سەرۆك مسعود بارزانی-دا لە ساڵی ١٩٨٣ ژینۆسایدی بارزانییەکان جێبەجێ کرا.

بەعس و سەدام حسێن، بە ئەنجامدانی ڕێککەوتنی ٦ی ئاداری ١٩٧٥ لەگەڵ شای ئێران، پێی وابوو شۆڕشی کوردستان کۆتایی هاتووە و زۆر بە غروور و لە خۆباییبوونەوە ڕایگەیاند: «دار خورما لەسەر چیاکانی کوردستان شین دەبێت، بەڵام جارێکی دیکە پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان دروست نابێتەوە»، بەڵام لەبەر ڕۆشنایی ڕێنماییەکانی جەنابی مستەفا بارزانی و لێهاتوویی سەرۆك مسعود بارزانی و کاك ئیدریسی هەمیشە زیندوو، بە ماوەیەکی کورت دوای پیلانە نێودەوڵەتییەکەی ٦ی ئاداری ساڵی ١٩٧٥ دووبارە بەرنامە بۆ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵان داڕێژدرایەوە و، چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە دژی ڕژێمی بەعس «سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکر» دەستی پێ کردەوە، لەمەش زیاتر دەنگی کوردستان «ئیزگەی شۆڕش» دووبارە دەستی بە پەخشکردنی بەرنامەکانی خۆی و بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانی پێشمەرگە کردەوە، بەمەش «دارخورما لەسەر چیاکان شین نەبوون، بەڵکو چیاکان جارێکی دیکە هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان لە ئامێز گرتەوە.»

سەدام حوسێن کە لە ١٦ی تەمموزی ساڵی١٩٧٩ بە کودەتایەکی سپی، ئەحمەد حەسەن بەکری دوور خستەوە و خۆی بووە سەرۆك کۆماری عێراق، دوای ساڵێك لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران خۆی تووشی شەڕێکی

گەورە کرد، لاوانی کوردستان هەر لە سەرەتاوە بەشداریکردنیان لەم شەڕە دۆڕاوە ڕەت کردەوە، بە دەیان هەزار لاوی کوردستان کە بانگهێشت کرابوون بۆ خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ، هەڵاتن و چوونە گوندەکانی کوردستان، بەمەش مەترسیی ئەوە لای ڕژێمی سەدام حوسێن دروست بوو، کە ئەم لاوانە جارێکی دیکە پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکەن و شۆڕشێکی گەورە هاوشێوەی شۆڕشی ئەیلوول دروست دەبێتەوە، بۆیە بە ناچاری لێبوردنی گشتیی دەرکرد و هەموو ئەو خەڵکەی لە خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ تەسریح کرد و، گەڕانەوە ماڵەکانی خۆیان، بەم هەنگاوەشی پێی وابوو کە ڕێگە لە دووبارە بەهێزبوونەوەی شۆڕش و چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە دەگرێت، لەمەش زیاتر بۆ دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیڤێك بۆ ڕێبەرایەتیی بارزانی «سەرۆك مسعود بارزانی» بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان، هەوڵیدا پرۆسەی دانوستاندنیش لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەست پێ بکات و پرۆسەکەش دەستی پێ کرد، بەڵام کە بینی سەرکردایەتی و ڕێبەرایەتیی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان هەر لە دەستی سەرۆك بارزانییە، پاش ئەوەی هەموو لاوانی کوردی لە خزمەتی سەربازی تەسریح کرد، لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ لایەنێکی سەرەکیی ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان کە «یەکێتی نیشتمانی کوردستان»ـە لە پرۆسەی دانوستاندان، لە بەرامبەریشدا شۆڕشی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چالاکییەکانی بەرفراوانتر دەبێت، بۆیە ئەم سەرۆك کۆمارە مەغروور و لەخۆباییە، پەنای بۆ کۆمەڵکوژی و ژینۆساید و ئەنفالی بارزانییەکان برد، ئەمەش وەك پەیامێك بوو بۆ ڕێبەرایەتیی «سەرۆك مسعود بارزانی» کە لەو کاتەوە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان دەکات.

### ● ڕاگواستنی بارزانییەکان بۆ بیابانەکانی خوارووی عێراق

لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥، حکومەتی عێراق هەموو گوندەکانی ناوچەی بارزانی ڕووخاند و کاولی کردن و دانیشتووانەکەشی بۆ بیابانەکانی پارێزگای دیوانییە لە باشووری عێراق دوور خستەوە و، خستنیە ژێر چاودێرییەکی توندەوە و، دوای نزیکەی پێنج ساڵ و دوای ئەوەی سەدام حوسێن بووە سەرۆك کۆماری عێراق و، دوای دەرکردنی لێبوردنی گشتی بۆ هەموو کەسێك، بارزانییەکانیش بەر ئەو لێبوردنە گشتییە کەوتن، بەڵام لێبوردنەکەی ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن بۆ بارزانییەکان مەرجدار بوو و، ڕێگەیان پێ نەدرا بچنەوە سەر ماڵ و زێدی خۆیان، بۆیە چەند کۆمەڵگەیەکی زۆرەملێی بۆ دروستکردن لە «هەریر، بەحرکە، قوشتەپە» ئەم سێ ناوچەیە کە نزیکەی ٢٠ – ٤٠ کیلۆمەتر لە ناوشاری هەولێرەوە دوور بوون، لەژێر چاودێریی توندی هێزە ئەمنییەکانی ڕژێمی بەعسدا بوون و، بەردەوام چاودێری دەکران، تەنانەت بە ئاگاداری دامودەزگانی ئەمنی بەعس دەبوایە سەردانی ناو شاری هەولێر بکەن، ژیان و گوزەرانیان لە ناو ئەو کۆمەڵگە زۆرە ملێیانەدا وەك مانەوە بوو لە ناو بەندیخانەیەکی گەورەدا و، هەموو کات دەزگا ئەمنییەکانی بەعس دەیانتوانی بە چەند ئۆتۆمبێلی سەربازی دەوری کۆمەڵگە بگرن و، هەموویان کۆبکەنەوە و هەرچی بیانەوێت دەرهەقیان بیکەن.

بەپێی لێدوانەکانی ئەوانەی شاهیدی ئەم کارەساتە و ئەنفالی بارزانییەکان بوون و لە بەردەم دادگای تاوانەکانی دەوڵەتی عێراق باسی ئەم ڕووداوەیان کردووە، ئاماژە بەوە دەکەن لە کۆتایی مانگی تەممووزی ١٩٨٣ هێزە ئەمنییەکانی بەعس چواردەوری ئەو کۆمەڵگە زۆرەملێیانەیان گرتووە کە بارزانییەکانی تێدا نیشتەجێ بوون و، داوایان کردووە کە پیاوانی ئەو کۆمەڵگەیە (ئەوانەی تەمەنیان لە سەرووی ١٤ ساڵییە) ئامادە بن، لەبەر ئەوەی بەرپرسانی ئەمنی دەیانەوێت لە کۆڕێکدا قسەیان بۆ بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش دەستیان لە پیاوانی نەخۆش و کەمئەندام و زۆر بەتەمەنیش نەپاراستووە و، هەموویان کۆکردووەتەوە و پاشان فەرمانیان پێ کردوون کە هەموو سواری ئەو ئۆتۆمبێلانە ببن کە بۆیان ئامادە کراوە، پاش ئەوە بەرەو بیابانەکانی «بوسەیە» لە پارێزگای ناسرییەی باشووری عێراق براون، ئیدی لە دوای ئەو

**ترسی بەعسییەکان لە ناوی «بارزانی» لە ساڵی ١٩٦٣ەوە دەست پێ دەکات و، یەکەمین ئەنفالیش لەسەر ناوی «بارزانی» لە سلێمانییەوە دەست پێ دەکات**

**تاوانبار و شۆڤێنییەکی وەک «زەعیم سەدیق» کە فەرماندەی حامییەی سلێمانی بوو، خەڵکانێکی زۆری لە ناو حامییە کۆکردەوە، وێنەیەکی مستەفا بارزانیشی لە بەرامبەر دانابوون و بەو خەڵکەی گوتبوو، هەر کەسێک سووکایەتی بەو وێنەی مستەفا بارزانی بکات، ئەوە ئازاد دەکرێت و دەچێتەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆی، ئەوەش ئامادە نەبێت ئەو کارە بکات، ئەوا بە زیندوویی دەخرێتە ژێر خاکەوە**

**ئەو خەڵکەی کە دەستگیر کرابوون، هیچیان ئامادە نەبوون سووکایەتی بە وێنەکەی مستەفا بارزانی بکەن، بۆیە تاوانبار و خوێنرێژ «زەعیم سدیق» فەرمان دەکات هەموویان بە زیندوویی بخەنە ناو چاڵێک و خۆڵ بە سەریاندا بکرێت، هەر لە ناو گۆڕەپانی حامییە «پارکی ئازادیی ئێستای سلێمانی» لە وێدا شەهیدیان دەکەن**



**ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن کە بە ناچاری ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠یان لەگەڵ مستەفا بارزانی واژوو کردبوو، خۆیان باش دەیانزانی هەتا مستەفا بارزانی و کوڕەکانی «سەرۆک مسعود بارزانی و کاک ئیدریسی هەمیشە زیندوو» لە ژیاندا بمێنن، ناتوانن یاری بە ڕێککەوتنەکە بکەن، هەر بۆیە یەکەم هەوڵی بۆ تیرۆرکردنی مستەفا بارزانی دەستی پێ کرد**

بردنەی کە بریادنن، هیچ کەسێك ئاگاداری چارەنووسی ئەو ٨٠٠٠ پیاوە بارزانییە نەبوو، حکومەتی بەعس و سەدامیش بە هیچ شێوەیەك چارەنووسی ئاشکرا نەکردن، تاوەکو لە ساڵی ٢٠٠٣ کە ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن ڕووخێندرا و، هەوڵەکان بۆ گەڕان بە دوای چارەنووسی هەموو خەڵکانی ئەنفالکراو «ئەنفالی بارزانییەکان و ١٠ ئەنفالەکەی دیکەی کوردستان» دەستی پێ کرد، ئیدی زەمینەیەك دروست بوو کە خەڵکانێك لە باشووری عێراق بوێرن ئەو کارەساتەی کە بە چاوی خۆیان بینیویانە، ئاشکرای بکەن، بەمەش لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٤و ٢٠٠٥ سەرەداوی کۆمەڵێك گۆڕی بەکۆمەڵ دەرکەوتن، کە بەشێکیان خەڵکە ئەنفالکراوەکەی گەرمیان و ناوچەکانی دیکەی کوردستان بوون، لە دوای هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی بیابانی «بوسەییە لە پارێزگای ناسریە» توانرا ڕووفاتی ٥٠٣ کەس بدۆزنەوە، کە هەموویان بە ڕێگەی ناسنامە و جامەنەی سوور و شێوازی جلوبەرگەکانیاندا دەرکەوت ئەو گۆڕە بەکۆمەڵە بەشێکن لەو بارزانییانەی کە لە ساڵی ١٩٨٣ ئەنفال کراون. ئەم هەوڵە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی کاروبای شەهیدان بۆ هەموو بێسەروشوێنەکانی ئەنفال بەردەوام بوو، بۆیە هەر ماوە ماوە سەرەداوی گۆڕێکی دیکەی بەکۆمەڵ دەردەکەوت، بەم شیوەیە لە ساڵی ٢٠١٤ توانرا ڕووفاتی ٩٦ کەسی دیکە لە بێسەروشوێنەکانی بارزانییەکان بدۆزرێتەوە و بگەڕێندرێنەوە بۆ کوردستان، ڕۆژی ٣٠ی تەمموزی ٢٠٢٢یش ڕووفاتی ١٠٠ بێسەروشوێنی دیکەی ئەنفالی بارزانییەکان گەڕێندرایەوە بۆ کوردستان و، پاش ئەوەی لە فڕۆکەخانەی هەولێر بە ئاستێکی شایستە پێشوازی کران، ڕەوانەی بارزان کران و لە گۆڕستانی ئەنفالی بارزانییەکان بە خاك سپێردران.



**• پەیامی داگیرکەران بە ئەنفالکردنی نەتەوەیەك پەیامی گێڕانەوەی ڕووفاتەکان بۆ داگیرکارانی کوردستان**

ترسی بەعسییەکان لە ناوی «بارزانی» لە ساڵی ١٩٦٣وە دەست پێ دەکات و، یەکەمین ئەنفالیش لەسەر ناوی «بارزانی» لە سلێمانییەوە دەست پێ دەکات و، پاش ئەوەی تاوانبار و شۆڤێنییەکی وەك «زەعیم سەدیق» کە فەرماندەی حامییەی سلێمانی بوو، خەڵکانێکی زۆری لە ناو حامییە کۆکردەوە، وێنەیەکی مستەفا بارزانیشی لە بەرامبەر دانابوون و بەو خەڵکەی گوتبوو، هەر کەسێك سووکایەتی بەو وێنەی مستەفا بارزانی بکات، ئەوە ئازاد دەکرێت و دەچێتەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆی، ئەوەشی ئامادە نەبێت ئەو کارە بکات، ئەوا بە زیندوویی دەخرێتە ژێر خاکەوە، ئەو خەڵکەی کە دەستگیر کرابوون، هیچیان ئامادە نەبوون سووکایەتی بە وێنەکەی مستەفا بارزانی بکەن، بۆیە تاوانبار و خوێنڕێژ «زەعیم سدیق» فەرمان دەکات هەموویان بە زیندوویی بخەنە ناو چاڵێك و خۆڵ بە سەریاندا بکرێت، هەر لە ناو گۆڕەپانی حامییە «پارکی ئازادیی ئێستای سلیمانی» لە وێدا شەهیدیان دەکەن.

دوای ساڵی ١٩٦٨ کە جارێکی دیکە بەعسییەکان و سەدام حوسێن «ئەو کات جێگری سەرۆك کۆمار بوو» هاتنەوە دەسەڵات، لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٨- ١٩٧٠ هەموو توانای خۆیان خستە گەڕ بۆ ئەوەی بە شێوازی سەربازی شۆڕشی ئەیلوول بە ڕێبەرایەتیی مستەفا بارزانی شکست پێ بهێنن، بەڵام سەرەنجام شەخسی سەدام حوسێن «کە سەرۆکی شاندی حکومەتی عێراق بوو بۆ دانوستاندن لەگەڵ شۆڕش»، سەردانی ناوچەی چۆمانی کرد و دانوستاندنی لەگەڵ جەنابی مستەفا بارزانی و شاندی شۆڕشی

**ئەو پیلانەی موخابەراتی عێراقی بە سەرکەوتوویی لەو ژوورەی بارزانی تێدا بوو، جێبەجێ کرا و بۆمبەکە تەقێندرایەوە، بەڵام پەروەردگار مستەفا بارزانی پاراست و ئامانجی پیلانەکەی موخابەراتی عێراقی پووچەڵ کردەوە**

**سەدام حوسێن لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤ نەیتوانی ئیرادەی مستەفا بارزانی بشكێنێت و لەمەش زیاتر هەموو گەلی كوردستان «بە كورد و هەموو پێكهاتەكانیەوە» زیاتر لە دەوری شۆڕش و مستەفا بارزانی كۆبوونەوە، بۆیە لە ئاداری ١٩٧٤ جارێكی دیكە شەڕی بەسەر شۆڕشی كوردستاندا سەپاندەوە**

**دوای نسكۆی ١٩٧٥ ڕژێمی بەعس و سەدام، یەكەم ناوچەی كوردستان كە دەستیان بە ڕاگواستن و كاولكردنی كرد، بارزان و گوندەكانی بارزانییەكان بوو**

**بەعس و سەدام پێیان وابوو ئەگەر بارزانییەكان لە ناوچەكانی خۆیان بمێنن، شۆڕشی كوردستان بەردەوام دەبێت، بۆیە هەموو گوندەكانی بارزانییەكان ڕاگوێزرا و دانیشتووانەكەشیان برد بۆ بیابانەكانی شاری دیوانیە لە باشوری عێراق**

**بەعس و سەدام پێیان وابوو بە تەنیا ڕێككەوتن لەگەڵ لایەنێكی سەرەكیی كوردستان (یەكێتی نیشتمانی كوردستان) ئەوا ڕێبەرایەتی لە بارزانییەكان وەردەگرێتەوە، بۆ ئەمەش لە ساڵی ١٩٨٣ بۆ دانوستاندنی لەگەڵ یەكێتی نیشتمانی دەست پێ كرد**

ئەیلوول ئەنجامدا، سەرەنجامیش ڕێككەوتننامەی «ئاداری ١٩٧٠» ئیمزا كرا، ئەمەش تەنیا دیكیۆمێنتە كە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی كوردستان لە مێژووی خۆیدا بەدەستی هێناوە و، تەنانەت دوای دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی كە داوا كرابوو بەرەی كوردستانی و حكومەتی عێراق لەسەر بنەمای ڕێككەوتنی ئادار بكەونە دانوستاندن و ڕێك بكەون و، پاش ئەوەی بەرەی كوردستانی و سەدام حسێن نەگەیشتنە هیچ ڕێككەوتنێك و حكومەتی عێراق دامودەزگاكانی خۆی لە ناوچەی حوكمی زاتی كشاندەوە، ئینجا سەرۆك بارزانی هەوڵەكانی خۆی خستە گەڕ بۆ ئەوەی بەرەی كوردستانی بڕیاری هەڵبژاردن بدات و بۆشایی دامەزراوە دەوڵەتییەكان بە دامەزراندنی پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان پڕ بكاتەوە.

ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن كە بە ناچاری ڕێككەوتنی ئاداری ١٩٧٠یان لەگەڵ مستەفا بارزانی واژوو كردبوو، خۆیان باش دەیانزانی هەتا مستەفا بارزانی و كوڕەكانی «سەرۆك مسعود بارزانی و كاك ئیدریسی هەمیشە زیندوو» لە ژیاندا بمێنن، ناتوانن یاری بە ڕێككەوتنەكە بكەن، هەر بۆیە یەكەم هەوڵی بۆ تیرۆركردنی مستەفا بارزانی دەستی پێ كرد، ئەمەش پیلانێكی دەزگای موخابەراتی عێراقی بوو بە ناردنی ژمارەیەك مەلای ئایینی عەرەب بۆ لای مستەفا بارزانی و، پیلانەكە بەو شێوەیە بوو كە یەكێك لە مەلاكانی مینڕێژ كردبوو، بۆ ئەوەی لە ناو ئەو ژوورەی دەچنە لای مستەفا بارزانی، بیتەقێننەوە و تیرۆری بكەن، ئەو پیلانەی موخابەراتی عێراقی بە سەركەوتوویی لەو ژوورەی بارزانی تێدا بوو، جێبەجێ كرا و بۆمبەكە تەقێندرایەوە، بەڵام پەروەردگار مستەفا بارزانی پاراست و ئامانجی پیلانەكەی موخابەراتی عێراقی پووچەڵ كردەوە.

هەر لە درێژەی هەوڵەكانی موخابەراتی ڕژێمی بەعس بۆ دەستوەشاندن لە مستەفا بارزانی، لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٠ -١٩٧٤ پیلانێكی دیكە بۆ لێدانی كاك ئیدریسی هەمیشە زیندوو لە بەغدا داڕێژا، پیلانەكەش بەوە جۆرە بوو كە كەمین بۆ ئەو ئۆتۆمبێلە دابنرێت كە كاك ئیدریس بارزانی هاتۆچۆی پێ دەكات و، سەرەنجامیش توانییان ئەو كەمینە دابنێن و تەقە لە ئۆتۆمبێلەكەی كاك ئیدریس بارزانی بكەن، بەڵام خۆشبەختانە لەو جارەدا كاك ئیدریس بارزانی لەناو ئۆتۆمبێلەكەدا نابێت و پێشمەرگەیەكی دیكەی تێدا دەبێت كە بە سەختی بریندار دەبێت.

ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤ نەیتوانی ئیرادەی مستەفا بارزانی بشكێنێت و لەمەش زیاتر هەموو گەلی كوردستان «بە كورد و هەموو پێكهاتەكانیەوە» زیاتر لە دەوری شۆڕش و مستەفا بارزانی كۆبوونەوە، بۆیە لە ئاداری ١٩٧٤ جارێكی دیكە شەڕی بەسەر شۆڕشی كوردستاندا سەپاندەوە و ئامانجی سەرەكییشی لە دووبارە هەڵگیرسانەوەی ئەم شەرە ئەوە بوو هەموو هێزی سەربازی خۆی «زەمینی، زرێپۆش، ئاسمانی، چەكی قەدەغەكراو» خستە كار تەنیا بۆ ئەوەی بارەگای بارزانی بگرێت و ئیرادەی شۆڕش بشكێنێت. ڕاستە سوپای عێراق و زرێپۆش و هێزە ئاسمانییەكانی، لە هەموو ناوچەكانی كوردستانیان دەدا و دەستیان نەدەپاراست، بەڵام هێرشی ڕاستەقینە و سەرەكی بۆ سەر بارەگای بارزانی بوو لە چۆمان و حاجی ئۆمەران و، قەناعەتی سەدام حوسێن بەو جۆرە بوو، ئەگەر بتوانێت بارەگای بارزانی بگرێت، ئەوا شتێك بە ناوی شۆڕشی كوردستانەوە نامێنێت، هەر بۆیە دوای ئەوەی توانا سەربازییەكانی لەسەر هەموو ئاستە جیاوازەكان بەرەو كۆتایی دەچوو و بارەگای بارزانی بۆ داگیر نەكرا، ئیدی ناچار بوو دەست لە بەشێكی خاكی عێراق بۆ شای ئێران هەڵبگرێت و نسكۆ بە سەر شۆڕشی ئەیلوولدا بهێنێت.

دوای نسكۆی ١٩٧٥ ڕژێمی بەعس و سەدام یەكەم ناوچەی كوردستان كە دەستیان بە ڕاگواستن و كاولكردنی كرد، بارزان و گوندەكانی بارزانییەكان بوو. بەعس و سەدام پێیان وابوو ئەگەر بارزانییەكان لە ناوچەكانی خۆیان بمێنن، شۆڕشی كوردستان بەردەوام دەبێت، بۆیە هەموو گوندەكانی بارزانییەكان ڕاگوێزران و دانیشتووانەكەشیان برد بۆ

بیابانەکانی شاری دیوانیە لە باشوری عێراق و، پاش ئەوەی لە ١٩٨٠ بارزانییەکان بە لێبوردنی گشتی گەڕانەوە بۆ کوردستان و لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکان نیشتەجێ کران و دەستبەسەر بوون، بەعس و سەدام پێیان وابوو بە تەنیا ڕێککەوتن لەگەڵ لایەنێکی سەرەکیی کوردستان (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) ئیدی ئەوا ڕێبەرایەتی لە بارزانییەکان وەردەگرێتەوە، بۆ ئەمەش لە ساڵی ١٩٨٣ دانوستاندنی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی دەست پێ کرد، بەڵام چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە بە ڕێبەرایەتیی سەرۆك مسعود بارزانی زۆر لە جاران زیاتر بوو، هەر بۆیە ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن بە پەنابردن بۆ ئەنفال و ژینۆسایدی بارزانییەکان، هەوڵی دا پەیامێك بۆ هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان بنێرێت، نەك شەخسی سەرۆك مسعود بارزانی، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو سەدام حسێن لە ماوەی ١٩٧٠-١٩٧٤ باش ئەو ڕاستییەی بۆ دەرکەتبوو کە بوێری و دووربینی و شێوازی سەرکردایەتیی «سەرۆك مسعود بارزانی و کاك ئیدریسی هەمیشە زیندوو» هەمان سیفاتی مستەفا بارزانی-یان هەیە، هەر بۆیە پەیامەکەی بەعس و سەدام بۆ هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان و تەواوی گەلی کوردستان بەمشێوەیە بوو:

١. هەر لایەنێکی سیاسی وەك پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی، یان سەرۆك مسعود بارزانی پێداگری لەسەر مافەکانی گەلی کوردستان بکات، ئەوا چارەنووسیان وەك چارەنووسی بارزانییەکان دەبێت.

٢. کارتێکی گوشار بوو بۆ ئەوەی دانوستاندنەکەی لەگەڵ ڕەحمەتی مام جەلال سەرکەوتوو بێت و بەرەو ئەو ئاراستەی بەرێت کە بەعس و سەدام ئامانجیانە و، دوای ئەوەی دانوستانەکە بێ ئاکام کۆتایی هات و دووبارە مام جەلال و یەکێتی شەڕیان لەگەڵ ڕژێمی بەعس دەست پێ کردەوە، بەڵام هێرشەکانی بەعس زۆر توند نەبوون و سەدام لەوە ترسا ئەگەر گوشاری زیاتر بخاتە سەر یەکێتی و مام جەلال، ئەوا ناچار دەبن لەگەڵ پارتی ئاشت ببنەوە و دووبارە یەکڕیزیی کورد دروست ببێتەوە، بەڵام ئەمەش بە دڵی بەعس و سەدام وەرنەچەرخا و پارتی و یەکێتی ئاشت بوونەوە و بە هەوڵەکانی کاك ئیدریسی هەمیشە زیندوو ئەو ئاشتبوونەوەیە سەرکەوت و بووە بناغەیەك بۆ بەرەی کوردستانی، ئیدی لەو کاتەوە لای بەعس و سەدام هەموو کورد وەك بارزانییەکانی سەیر دەکرا، هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٨٨ هەڵەبجەی بە چەکی کیمیاوی بۆردومان کرد، دوای ئەویش پرۆسە بەدناوەکەی ئەنفال «١٠ ئەنفالەکە» دەستی پێ کرد و، ئەمەش کۆتایی ئەو پەیامە بوو، ئەوەی وەك بارزانییەکان بیربکاتەوە، چارەنووسی وەك بارزانیەکان دەبێت.

## ● پەیامی گێڕانەوەی ڕووفاتی بێسەروشوێنەکانی ئەنفال

سەرۆك بارزانی لە پێشوازیی هێنانەوەی ڕووفاتی بێسەروشوێنەکانی ئەنفال «هەموو ئەنفالەکانی کوردستان» خۆی ئامادە بووە و هەوڵی داوە لەو ڕێوڕەسمانە پەیامی خۆی ئاراستەی دۆست و دوژمن بکات بەمشێوەیە:

١. لە ڕێوڕەسمی پێشوازی و بە خاك سپاردنی ڕووفاتی بێسەروشوێنەکانی گەرمیان سەرۆك بارزانی جیا لەوەی تاجە گوڵینەی وەفاداری لەسەر ڕووفاتەکان دانا، لەکاتی بە خاك سپاردنیشیان تەرمی ڕووفاتەکان لەسەر شانی سەرۆك مسعود بارزانی بوو، جیا لە جامانە سوورەکەی سەری، جامانەیەکی ڕەشیشی لەملدا بوو. سەرۆك بارزانی ویستی لەم مەراسیمەدا پێمان بڵێت: «بارزان و بارزانی نە ناوچەیە و نەهۆزێکی دیاریکراو و، عەقیدەی بارزان، عەقیدەی کوردبوون و کوردستانیبوون و متمانەبەخۆبوون و سەربەخۆیی کوردستانە، هەر بۆیە هەر ڕۆڵەیەکی ئەم کوردستانە هەڵگری ئەم عەقیدەیە بێت، بارزانی-یە».

٢. هەر لە ڕێوڕەسمی پێشوازیکردنی لە ڕووفاتی هەموو بێسەروشوێنەکانی ئەنفال، سەرۆك مسعود بارزانی پەیامی بۆ تێکڕای داگیرکارانی کوردستان ناردووە و پێی ڕاگەیاندوون کە هەموو گەلی کوردستان هەڵگری عەقیدەی کوردبوون و کوردستانیبوون و سەربەخۆیی کوردستانن، ئەوجا، یان ئەوەیە ڕێز لە مافەکانیان دەگرن، یان هەموو ئامادە دەبن بە شێوەی ڕووفاتەکانی ئەنفال بمرن.

**سەدام حسێن لە ماوەی ١٩٧٠-١٩٧٤ باش ئەو ڕاستییەی بۆ دەرکەتبوو کە بوێری و دووربینی و شێوازی سەرکردایەتیی «سەرۆك مسعود بارزانی و کاك ئیدریسی هەمیشە زیندوو» هەمان سیفاتی مستەفا بارزانی-یان هەیە**

**لە ڕێورەسمی پێشوازی و بە خاك سپاردنی ڕووفاتی بێسەروشوێنەکانی گەرمیان سەرۆك بارزانی جیا لەوەی تاجە گوڵینەی وەفاداری لەسەر ڕووفاتەکان دانا، لەکاتی بە خاك سپاردنیشیان تەرمی ڕووفاتەکان لەسەر شانی سەرۆك مسعود بارزانی بوو، جیا لە جامانە سوورەکەی سەری، جامانەیەکی ڕەشیشی لەملدا بوو**

**هەر لە ڕێورەسمی پێشوازیکردنی لە ڕووفاتی هەموو بێسەروشوێنەکانی ئەنفال، سەرۆك مسعود بارزانی پەیامی بۆ تێکڕای داگیرکارانی کوردستان ناردووە و پێی ڕاگەیاندوون کە هەموو گەلی کوردستان هەڵگری عەقیدەی کوردبوون و کوردستانیبوون و سەربەخۆیی کوردستانن، ئەوجا، یان ئەوەیە ڕێز لە مافەکانیان دەگرن، یان هەموو ئامادە دەبن بە شێوەی ڕووفاتەکانی ئەنفال بمرن**



**دکتۆر ناڤسەر نووری عەبدال**

شارەزا لە بواری ئابووری بۆ گوڵان:

# کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.. خاڵە لاوازەکانی وەرچەرخان بۆ خاڵی بەهێز

**هەڵسەنگاندنی ئابوورییانەی کار و ئەدای کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گۆڕینی خاڵە لاوازەکان بۆ خاڵی بەهێز و ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەدییەکانی بەردەم کابینەکە، تەوەری دیدارێکی گۆڤاری گولان بوو لەگەڵ دکتۆر ناڤسەر نووری عەبدال پسپۆڕ و شارەزا لە بواری ئابووری. لێردا پوختەی وتەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** سەرەتا وەکو شارەزایەکی ئابووری دەکرێت بزانین هەڵسەنگاندنی ئابوورییانەت بۆ کار و ئەدای کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی چییە؟**

- ڕەنگە لە دووتوێی دیمانەیەکدا نەتوانین شیکردنەوەیەکی زانستییانە بۆ هەموو ئەدا و کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، بەڵام دەکرێت لە دووتوێی هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەیەکی پوخت و کورت باس لە گرنگترینی ئەو بەرنامە و پڕۆژە و کارانە بکەین، کە لە قۆناغێکی هەستیار و ماوەیەکی کەمدا سەرکەوتووانە جێبەجێ کراون.

کابینەکەی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کات و ساتێکی هەستیار و پڕ لە قەیرانی دارایی دامەزرا، پەتای کۆرۆنا و شوێنەوارەکانی کە سەرتاسەری سێکتەرەکانی دوچاری ئیفلیجبوون کردبوو، نەك تەنیا لە کوردستان بەڵکو لە سەرانسەری حکومەتەکانی دنیا کاردانەوەی هەبوو، لە کوردستانیش لەگەڵ دابەزینی پێوانەیی بەهای نەوت و بڕینی بودجە و قەرزارییەکی زۆری حکومەت، بارگرانیەکی زۆر گەورەی دروست کردبوو لەسەر جێبەجێکردنی کارنامە و بەرنامە حکوومییەکەی سەرۆك وەزیران. ئەم حکومەتە میراتییەکی زۆر خراپی بەڕێوەبردنی ئابووری و قەرزاری و ڕاوەستانی پڕۆژەکانی بۆ مابووەوە، لە هەمووشی مەترسیدارتر گەندەڵی بوو کە لە حاڵەتەوە ببوو بە دیاردە، کارکردن لەم دۆخەدا ئیرادەیەکی بەهێزی دەویست، تاوەکو گەلی کوردستان لەو هەموو مەترسییانە دەرباز بێت. زۆر لەم خاڵە لاوازانە پێشوەختە هەبووە و هەندێکیشی لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت بووە، وەکو بڕینی پشکی هەرێم لە بودجەی گشتیی عێراق و ئەو فشار و پاڵەپەستۆیانەی هەندێك لایەنی سیاسی و میلیشیاتی چەکداری دژی هەرێم و قەوارەکەی دەیانکرد، یان شوێنەوارە پڕمەترسییەکانی کۆرۆنا و قەیرانی جیهانیی ئابووری و دارایی و داشکانی بەهای نەوت، هەندێك لەو تەحەددییانەش ناوخۆیی بوون، بەتایبەتی گەندەڵی دارایی و ئیداری کە ساڵ لە دوای ساڵ گەورەتر دەبوو.

لەم کابینەیەدا ڕیزبەندی نەهێشتنی گەندەڵی و پاراستنی سەرومالی هاووڵاتیان و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش بە یەکێك لە گەورەترین دەستکەوتەکان دادەنرێت. ڕاگرتنی گەندەڵی و پاراستنی داهاتی گشتی و کەمکردنەوەی خەرجییە ناپێویستەکان ژینگەیەکی لەباری بۆ بەرنامە چاکسازییەکەی حکومەت دانا.

**لەم کابینەیەدا ڕیزبەندی نەهێشتنی گەندەڵی و پاراستنی سەرومالی هاووڵاتیان و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستانی داعش بە یەکێک لە گەورەترین دەستکەوتەکان دادەنرێت**

**ڕاگرتنی گەندەڵی و پاراستنی داهاتی گشتی و کەمکردنەوەی خەرجییە ناپێویستەکان ژینگەیەکی لەباری بۆ بەرنامە چاکسازییەکەی حکومەت دانا**

*** باسی فشار و پاڵەپەستۆی حکومەتی عێراقت کرد کە لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەبوو، بەڵام دواتر پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و ناوەند ئاسایی بوونەوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ڕۆڵی حکومەت لە ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان چۆن بوو. ئایا لە ڕووی ئابوورییەوە تا چەند ئەمە گرنگ بوو؟**

- هەموو حکومەتێکی سەرکەوتوو ئەگەر

**هەموو حکومەتێکی سەرکەوتوو ئەگەر بیەوێت ڕوو لە چاکسازی و خۆشگوزەرانی بکات، دەبێت کێشە و گرفتەکانی ناوخۆ و دەرەوە بۆ کەمترین ڕێژە دابەزێنێت**

**پێشتر بۆ دابینکردنی مووچە قەرز دەکرا، ئێستا قەرز ناکرێت، پێشتر پشتبەستن بە داهاتی نەوت بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز بوو، ئێستا ئەم ڕێژەیە هاتووەتە خوارەوە**

**دەستپێکردنەوەی پڕۆژەکان کە بە هۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش ڕاوەستابوون، ئومێدێکی گەورەی بەخشییە هاووڵاتیان و بزنێسکار و وەبەرهێن و بەڵێندەرەکان**

بیەوێت ڕوو لە چاکسازی و خۆشگوزەرانی بکات، دەبێت کێشە و گرفتەکانی ناوخۆ و دەرەوە بۆ کەمترین ڕێژە دابەزێنێت، چاکسازیی ئابووری و وەرچەرخان لە بەڕێوەبردنی ئابووریدا هێز و ئیرادە و ژینگەیەکی ئارامی دەوێت. سەرۆکی حکومەت لە دەستپێکی دەستبەکاربوونی ڕاستەوخۆ سەردانی بەغدای کرد و نییەتباشیی خۆی نیشان دا و دۆخەکەی هێور کردەوە. دواتر لەم سەردانەی دواییدا ڕۆڵی هەبوو لە کەمکردنەوەی ئەو گرژییانەی کە بە هۆی بڕیارە نادەستووری و سیاسییەکەی دادگای فیدراڵی دژی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دروست ببوو. خۆڕاگریی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پشوودرێژی بەرامبەر هێرشە یەك لە دوای یەکەکانی مووشەك و درۆن و شەڕی ئیعلامی زۆر گرنگ بوو، چونکە ڕێگری کرد لە نیاز و مەرامی هەموو ئەو گرووپ و لایەنە سیاسی و دەرەکییانەی کە دەیانویست کوردستان پەلکێشی ئاڵۆزی و گرژییەکان بکەن لەگەڵ بەغدا، بەمەش حکومەت سەرکەوتوو بوو، بەوەی هەڕەشەکانی سەر هەرێمی کوردستانی گۆڕی بۆ پاڵپشتیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئیدانەکردنی.

ئاسایبوونەوەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حکومەتی ناوەند و گۆڕینی زمانی زبر و هەڕەشە بۆ لێکتێگەیشتن و پەیوەندی لە بەرژەوەندیی سەرجەم گەلانی عێراق و کوردستاندا بوو، تەنانەت دواخستنی گفتوگۆکان و جێبەجێکردنی بڕیارە نادەستوورییەکەی دادگای فیدراڵ ئەمە لە بەرژەوەندیی ئابووری و دارایی هەرێم و عێراق بووە و گەیشتنە بە تەکامولی ئابووری کە بە خێروخۆشیی خەڵکی و ئابووری دەگەڕێتەوە، بەمەش دیپلۆماسیەت لەپێناو هێوربوونەوەی دۆخەکە و باشکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان بەکار هێنرا.

*** ئەگەر لەسەر ئەم خاڵە ڕابوەستین، ئایا بەرزکردنەوەی داهاتی ناوخۆ و دانەوەی قەرز و پێدانی مووچە لەکاتی خۆیدا، تاچەند لەسەر بەهێزیی ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی دەبێت؟**

- وەرچەرخان لە ئابوورییەکی ڕەیعیی پشتبەستوو بە تاکە سەرچاوەی داهاتێکی ناجێگیری نەوتی بۆ ئابوورییەکی خاوەن داهاتێکی جۆراوجۆر و فرەچەشن کارێکی هەروا ئاسان نییە. لە دەستپێکی کابینەکەدا ئەمە لە خاڵە بەهێزەکانی بەرنامەی کابینەکە بوو، لە ڕووی کرداریشەوە لەو ماوە کەمەدا کاری گەورە ئەنجام دراون، پێشتر بۆ دابینکردنی مووچە قەرز دەکرا، ئێستا قەرز ناکرێت، پێشتر پشتبەستن بە داهاتی نەوت بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز بوو، ئێستا ئەم ڕێژەیە هاتووەتە خوارەوە، تەنانەت ڕێگەگرتن لە گەندەڵی، پارە و داهاتێکی زۆری گەڕاندەوە، گەڕانەوەی یەك ملیار دۆلار قەرز متمانەی بۆ حکومەت و قەوارەی ئابووری و سیاسیی هەرێمی کوردستان گەڕاندەوە، خۆ ئەگەر هەر دوو ساڵ جارێك بتوانرێت ملیارێك دۆلار بگەڕێندرێتەوە، ئەوا دەبینە حکومەتێك کە خاوەن توانای دارایی و ئابووری بەهێزە و متمانە پێکراو دەبێت.

*** باشکردنی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە یەکێك لەو پێوەرانە دادەنرێت کە ڕۆڵی لە هەڵسەنگاندنی باشیی حکومەتەکان هەیە، بەردەوام حکومەتە بەهێزەکان و خاوەن ئابووریی باش، ئاستی خزمەتگوزارییەکانیان باشە. لە ڕوانگەی خزمەتگوزارییەکانەوە تاچەند توانراوە هەنگاوی باش بنرێت؟**

- دەستپێکردنەوەی پڕۆژەکان کە بە هۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش ڕاوەستابوون، ئومێدێکی گەورەی بەخشییە هاووڵاتیان و بزنێسکار و وەبەرهێن و بەڵێندەرەکان، دواتر بەردەوامیی پڕۆژەکان و گۆڕانکاریی لە ئاستی پێشکەشکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان دەستکەوتی گەورە بوو لە قۆناغێکی پڕ لە قەیران و کێشەدا، بەرزکردنەوەی ئەدای کاری وەزارەت و دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان لە کارە پێشینەکانی ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوون، لە دوای مووچە لە خەمی کارەبا و ئاو و بەنزین و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی و پەروەردەیی و ڕێگاوبان و قیرتاوکرنی شەقام و پرد بوو، ئەمانە پارە و بودجەیەکی گەورەیان پێویستە و بە پێداویستیی سەرەکیی هاووڵاتیان دادەنرێت و ئابووری لە سەرجەم سێکتەرەکانی گواستنەوە

و پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاری بە بایەخەوە دەڕواننە ئەم خزمەتگوزارییانە، لە ئابووریدا دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە تا ئاستی داهاتی تاکەکەسی و گەشەی ژمارەی دانیشتووان ڕوو لە زیادبوون بکات، دەبێت توانای پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانیش زیاد بکرێت، بەتایبەتی لە وڵاتی ئێمەدا کە زۆربەی ئەو خزمەتگوزارییانە پاڵپشتی کراون، واتا تێچوونی زۆر زیاترە لەو داهاتەی دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت، هەر لە بواری پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکاندا حکومەت تا ڕاددەیەك توانیویەتی ڕۆتین و بیرۆکراتیەتی کوشندە کەم بکاتەوە و بەرەو بەئەلەکترۆنیکردنی کاروباری حکومەت و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان هەنگاو بنێت.

*** فرەچەشنکردنی ئابووری و جۆراوجۆرکردنی داهاتی ناوخۆ بە خاڵێکی گرنگی بەهێزی ئابووری دادەنرێت، ئایا هەنگاوەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم بوارەدا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەکو لە کارنامەکەیدا هاتووە ڕووی لە هەمەجۆرکردنی داهات و فرەچەشنکردنی ئابووری کردووە، واتا پێشتر ئابووریی عێراق و کوردستان لە ٩٠-٩٥٪ی داهاتەکانیان پشتیان بە داهاتی دەرهێنانی نەوت بەستبوو، ئێستا لە هەرێمی کوردستان کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و وەبەرهێنانی بیانی ڕووی لە بووژانەوە کردووە، لە ڕووی کەرتی گەشتیاریشەوە هەنگاوی باش نراوە، سەرۆکی حکومەت ئاماژەی بە زیادبوونی داهات لەسەرجەم کەرتە ئابوورییەکان کرد، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە لە بەڕێوەبردنی ئابووری و داهات سەرکەوتوو بووین. لەوەشدا سەرکەوتوو بووین کە زیادکردنی داهاتی ناوخۆ بارگرانی نەختە سەر ئەو هاووڵاتیانەی خاوەنی داهاتی کەم و مامناوەند و مووچەخۆرن، بەڵکو تەنیا بە ڕێکخستنی باج و گەڕانەوەی پارەی حکومەت و کۆنترۆڵکردنی داهاتەکان توانرا داهاتی ناوخۆ زیاد بکەین.

*** یەکێک لەو تەحەددیيانەی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەوە، وشکەساڵی و دەرکەوتنی گرفتی کەم ئاوییە، ئایا تا چەند وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەت توانیویانە لە ئاست داواکاری و بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران بن؟**

- وشکەساڵی دیاردەیەکی جیهانییە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی عێراق و هەرێمی کوردستانیشی گرتووەتەوە، وشکەساڵی کاریگەری لەسەر کەرتی کشتوکاڵی هەیە، ئەمە لە کاتێکدا پرسی خۆراك لە جیهاندا بە هۆی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بە دۆخێکی زۆر خراپدا تێپەڕ دەبێت، لەمەشدا هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دروستکردنی ژمارەیەك بەنداو و پاڵپشتیی کەرتی کشتوکاڵ و لابردنی باج لەسەر ئەو خۆراك و پێداویستیانەی ڕۆژانە هاووڵاتیان پێویستیانە، هەمووی ڕۆڵی لە ڕاگرتنی هەڵاوسانی خۆراکی هەبووە.

*** دامەزراندن و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجەکان و دەرچووانی زانکۆ بە یەکێك لە تەحەددییە گەورەکانی بەردەم کابینەکە دادەنرێت. وەکو شارەزایەکی ئابووری ئایا بۆ چارەسەرکردنی بێکاری و کەمکردنەوەی ڕێژەکەی لە کوێوە دەبێت دەست پێ بکەین؟**

- دۆزینەوەی هەلی کار و گرنگیدان بە سامانی مرۆیی بە یەکێك لەو کێشە گەورانەی بەردەم ئابووریی وڵاتانی جیهانی سێیەم دادەنرێت، بەتایبەتی کە ژمارەی کرێکار و فەرمانبەرانی حکومەت لە کەرتی گشتی زۆرە و حکومەت لە توانایدا نییە هەلی زیاتر لە کەرتی گشتی دابین بکات، لەم کاتەدا ئەرکی سەرشانی حکومەتە لە کەرتی تایبەت و لە بازاڕی کار و لە کۆمپانیا و کارخانەکان هەلی کار بۆ دەرچووان دابین بکات، هاوکات پرۆژەی بچووك و قەرز بۆ گەنجان دەست پێ بکاتەوە، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵەکانی بۆ بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری بەردەوام بێت، هەلی کارێکی زۆر بۆ گەنجەکان دەستەبەر دەبێت، چونکە ئەگەر ساڵانە لە زانکۆ و پەیمانگەکان ٢٠ هەزار دەرچوو هەبێت، لەو حەوت ساڵدا کە دامەزراندن نەبووە، ئەم ژمارەیە بۆ ١٤٠ هەزار گەنج هەڵکشاوە، پێویستە یاسای کار لەم هەرێمەدا هەموار بکرێتەوە و زامنی کارکردن لەکەرتی تایبەت بکات.

**لە بواری پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکاندا حکومەت تا ڕادەیەک توانیویەتی ڕۆتین و بیرۆکراتیەتی کوشندە کەم بکاتەوە و بەرەو بەئەلەکترۆنیکردنی کاروباری حکومەت و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان هەنگاو بنێت**

**ئێستا لە هەرێمی کوردستان کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و وەبەرهێنانی بیانی ڕووی لە بووژانەوە کردووە، لە ڕووی کەرتی گەشتیاریشەوە هەنگاوی باش نراوە**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵەکانی بۆ بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری بەردەوام بێت، هەلی کارێکی زۆر بۆ گەنجەکان دەستەبەر دەبێت**

## ڕۆمیۆ هەکاری

سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی بەیت نەهرێن بۆ گوڵان:

# حکومەت لە بواری ئاسایشی ئاو و خۆراکدا هەنگاوی باشی هەڵگرتووە

**هەوڵ و هەنگاوەکانی حکومەت لە بوارە جیاجیاکاندا، بە تایبەتی بەردەوامیدان بە پرۆسەی چاکسازی و کارکردن بە ئاراستەی دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراك و ئاسایشی ئاو و چەند بوارێکی گرنگی دیکە، بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ ڕۆمیۆ هەکاری سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی بەیت نەهرێن، لێرەدا دەقی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

> **بەو کار و پڕۆژانەی کە کابینەی نۆیەم لەسەریان دەڕوات، دەتوانرێت ژێرخانی کوردستان بەهێز و پتەو بکرێت، ئەمەش بە دڵنیاییەوە ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنی لەسەر بەرەوپێشەوەچوون و باشتربوونی ژیانی خەڵکی کوردستان دەبێت**

*** لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردووی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم، بارودۆخی سیاسی و ئابووری و دارایی لەو پەڕی خراپیدا بووە، بە تایبەتی کە پەتای کۆرۆنا بڵاو بووەوە و نرخی پەترۆڵ بووە خوار سفر، ئەمە وێڕای پاشاگەردانی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا و بێبەشکردنی هەرێمی کوردستان لە شایستە داراییەکانی خۆی، بەڵام کابینەی نۆیەم ئەم تەحەددییانەی تێپەڕاند و باس لە دەستکەوتەکانی خۆی دەکات، ئایا چۆن لە ئەدای کابینەی نۆیەم دەڕوانن لەم سێ ساڵەدا؟**

- بەداخەوە هەر لە دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی برای بەڕێزمان کاك مسرور بارزانی، کێشەکان دەستیان پێ کرد، کە زیاتر لە دوو ساڵ بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا بوو لەگەڵ کێشە نوێ و کۆنە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و کێشە هەرێمییەکان و، کێشە سیاسییە حزبییە ناوخۆییەکان، هەموو ئەوانە وایان کردووە کە بە شێوەیەك لە شێوەکان بەربەست لە بەردەم کارەکانی کابینەی نۆیەمدا دروست ببێت، بەڵام جێگای خۆشحاڵییە کە دوای تێپەڕاندنی سێ ساڵ لە ناو ئەو هەموو ئاڵۆزی و ئاڵنگارییە ناوخۆ و دەرەکییانەدا، کابینەی نۆیەم توانی سەرکەوتووانە ڕووبەڕووی کێشەکان ببێتەوە، کە گرنگترینیان کێشەی مووچە بوو، توانی چارەسەری بکات، ئەمەش سەروەرییەکی گەورەییە بۆ ئەو کابینەیە. هەروەها پرۆسەی چاکسازییش تا ئاستێکی زۆر باش چووەتە پێش و هیواداریـن هەموو لایەکمان پاڵپشتی و هاوکاری ئەو کابینەیە بکەین لەم ڕووەوە، چونکە چاکسازی هەم داخوازیی خەڵکی هەرێمی کوردستانە، هەم داخوازی حکومەتە و هەم داخوازیی هەموو لایەکمانە بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێت زیاتر خزمەت خەڵکی هەرێمی کوردستان بکات.

*** لە ناو ئەم بارودۆخە ئابووری و داراییە قورسەدا سەرۆکی حکومەت بەرنامەی چاکسازی دەست پێ کرد و، سەرچاوەکانی داهاتی فرەچەشن کرد، بەمەش توانی کە باری دارایی هەرێم ڕاست بکاتەوە و مووچە و پڕۆژەکانیش ڕانەوەستێت، ئایا تا چەند پیادەکردنی بەرنامەی چاکسازی گرنگ بوو؟**



- من پێموایە بەرنامەی چاکسازی کاتێکی زۆری دەوێت و، پێویستە ئێمە پشوودرێژ بین لەگەڵ حکومەت و ئەو کابینەیەدا، تا بتوانێت سەرجەم ئەو بەرنامەیە بەرەوپێش ببات، هەروەك چۆن هەنگاوی باشی ناوە، ئاواش بەردەوام بێت تاوەکو خەڵك هەست بەو چاکسازییە بکات، چونکە بە دڵنیاییەوە سەرکەوتنی چاکسازی بە مانای باشترکردنی باروگوزەرانی خەڵکی کوردستان دێت، هەروەها هەوڵێکی دیکەی ئەو کابینەیە کە دەستخۆشی لێ دەکەین، بریتییە لە هەمەچەشنکردنی سەرچاوە داراییەکان، واتە هەمەچەشنکردنی داهاتی حکومەت و هەرێمی کوردستان، بۆیە بەو کار و پڕۆژانەی کە کابینەی نۆیەم لەسەریان دەڕوات، دەتوانرێت ژێرخانی کوردستان بەهێز و پتەو بکرێت، ئەمەش بە دڵنیاییەوە ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنی لەسەر بەرەوپێشەوەچوون و باشتربوونی ژیانی خەڵکی کوردستان دەبێت.

*** لەم خولەی پەرلەماندا، ژینگەی سیاسیی پەرلەمان ئاڵۆز بوو و فەوزایەکی سیاسی هەبوو، بەڵام لەم خولەشدا کابینەی نۆیەم لە هەموو خولەکانی دیکە زیاتر وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتارانی داوەتەوە و، توانرا لە ناو ئەو فەوزایەدا پەیوەندییەکی باش لە نێوان حکومەت و پەرلەمان هەبێت، ئایا دروستبوونی ئەم پەیوەندییە باشە تا چەند پەیوەندی بە شەفافییەتی کابینەی نۆیەمەوە هەیە بەرامبەر بە پرسیاری پەرلەمانتاران؟**

- خۆی کاری پەرلەمانی و کاری جێبەجێکردن (حکومەت) گرێدراون بە یەکترەوە و دەبێت پەیوەندییەکی تۆکمە و هەمیشە باش و بەهێز لە نێوان پەرلەمان و حکومەتە هەبێت، چونکە پەرلەمان یاساکان دەردەکات و حکومەت ئەو یاسایانە جێبەجێ دەکات، بۆیە دەبێت حکومەت یارمەتیدەر بێت و لە هەمانکاتدا دەبێت پەرلەمانیش یارمەتیدەر بێت لە ڕووی تەشریعکردن و یاسادانان و دەرکردنی بڕیار و زۆر بواری دیکە، کە پەیوەستن بە ژیان و داهاتووی خەڵکی کوردستانەوە. دەتوانم بڵێم ڕۆژانە شاندی وەزارەتەکان و ئەو لایەنانەی پەیوەستن بە وەزارەتەکان و شوێنی دیکە، لە پەرلەمان ئامادەن، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە بتوانن هاوئاهەنگی دروست

**هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بۆ دروستکردنی سایلو و کارگەی دانەوێڵە (بۆ پشتگیریی جووتیاران بە کڕین و وەرگرتنی دانەوێڵە و بەرهەمەکانیان) خۆی لە خۆیدا ژێرخانی ئابووری کوردستان بەهێزتر دەکات**



**کابینەی نۆیەم لە هەوڵی ئەوەدایە کە کۆنترۆڵی کوالێتیی ئەو کەلوپەل و شتانە بکات کە لە دەرەوە هاوردە دەکرێن، بەم هەنگاوەش حکومەتی هەنگاوێکی زۆر گرنگ و بنەڕەتی بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆراک لە هەرێمی کوردستاندا هەڵدەگرێت**

**هیچ کاتێک بەغدا هەوڵێکی جددی نەداوە بۆ جێبەجێکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان و بگرە دەستی بۆ بڕینی قووت و ژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستانی بردووە**

بکەن بۆ پەرلەمان لە کاتی دەرکردنی پڕۆژە یاساکاندا، بۆ ئەوەی حکومەت ئاگاداری ئەو یاسا و بڕیارانە بێت کە لە پەرلەمان دەردەچن، هەروەها بۆ ئەوەی بتوانێت جێبەجێیان بکات. بۆیە لێرەدا پێویستە ئەوە بخەینەڕوو کە کابینەی نۆیەم هاوئاهەنگی و هاوکاریی زۆر و پێویستی لەگەڵ پەرلەمان کردووە، بۆ ئەوەی هەموو بڕیار و تێبینی و کەلێنەکان شەفاف بێت، هەروەها حکومەت لەم کابینەیەدا کاری کردووە بۆ ئەوەی هەموو کاروبارەکان بە گوێرەی یاسا و بڕیارەکان بێت، تاوەکو بتوانرێت زۆرترین خزمەت بە خەڵکی کوردستان بکات، لەم لایەنە و جێبەجێکردنی یاسا و بڕیارەکاندا حکومەت لە کابینەی نۆیەمدا زۆر سەرکەوتوو بووە، بەو دیوەی کە لە بەرژەوەندیی گشتیی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستاندا بێت.

*** لەم کابینەیەدا کۆمەڵێك هەنگاوی باش نراوە بۆ دروستکردنی ژێرخانی ئاسایشی خۆراك و پیشەسازیی خۆراك، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین سایلۆ بۆ کڕینەوەی بەروبوومی جووتیاران و چەندین کارگەی پیشەسازی دروست کراون، ئایا هەوڵدان بۆ دروستکردنی ژێرخانی ئاسایشی خۆراك لە کوردستان تا چەند گرنگە؟**

- بە دڵنیاییەوە زۆر گرنگە و لە چەندین ڕووەوە پاڵپشتییە بۆ جووتیاران و، مایەی دڵنیایی و دروستبوونی متمانەیە لەلایەن جووتیارانەوە، کە بەروبووم و دانەوێڵەکانیان بە ئاسانی بە حکومەت دەفرۆشنەوە و داهات و دەستکەوتەکانیشیان مسۆگەرە، کە لەلایەن حکومەتەی کوردستانەوە پارێزراو دەبێت، هەر بۆیە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بۆ دروستکردنی سایلۆ و کارگەی دانەوێڵە (بۆ پشتگیریی جووتیاران بە کڕین و وەرگرتنی دانەوێڵە و بەرهەمەکانیان) خۆی لە خۆیدا ژێرخانی ئابووریی کوردستان بەهێزتر دەکات، ئەم پڕۆژانەی ئاسایشی خۆراك لە کابینەی نۆیەمدا، هاندەرێکیشە بۆ ئەوەی کەرتی کشتوکاڵ ببووژێتەوە، زۆر گرنگە کە حکومەت گرنگی بە ئاسایشی خۆراك بدات، ئەوەی لە کابینەی نۆیەمدا دەیبینین، ئەوەیە کە گرنگییەکی زۆری بەو لایەنە گرنگەی وڵات و ژیان داوە و بەرنامەی زۆر باشتر و کاریگەرتریشی لە هەگبەدایە بۆ خزمەتی جووتیاران و خەڵکی کوردستان، لەم بارەیەوە ئەو هەنگاو کار و پڕۆژانەی حکومەت بەرز دەنرخێنرێن و چاوەڕوانی ئەوەش لە حکومەت دەکرێت، کۆنترۆڵی خاڵە سنوورییەکان بکات لە هاوردەکردن و هاتنی ئەو بەروبوومانەی کە جووتیارانی هەرێمی کوردستان بەرهەمی دەهێنن، کە ئەمەش دەبێتە خاڵێکی دیکەی هاندان و پاڵپشتیکردنی جووتیاران و زیادبوونی بەرهەمی ناوخۆیی. لەلایەکی دیکەوە کابینەی نۆیەم لە هەوڵی ئەوەدایە کە کۆنترۆڵی کوالێتیی ئەو کەلوپەل و شتانە بکات کە لە دەرەوە هاوردە دەکرێن، بەم هەنگاوەش حکومەتی هەنگاوێکی زۆر گرنگ و بنەڕەتی بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆراك لە هەرێمی کوردستاندا هەڵدەگرێت.

*** دژایەتیکردنی لایەنە سیاسییەکانی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی هەندێك لە لایەنە شیعەکان، گەیشتە ئەوەی کە دادگای بەناو فیدراڵی بەکار بهێنن بۆ ئەوەی بە بڕیارێك یاسای نەوت و گازی هەرێم ڕەت بکەنەوە،**



**دەیانویست دەست بەسەر دۆسێی نەوت و گازی هەرێمدا بگرن، بەڵام سەرۆکی حکومەت زۆر پێداگری کرد و ملکەچی ئەو ئەو بڕیارە نەبوو، ئایا هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ئەم ئیرادەیە چۆنە کە ڕاشکاوانە داکۆکی لە مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان دەکات؟**

- ئێمە هەر لە سەرەتاوە پاڵپشتی و دەستخۆشیمان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە و پاڵپشتی ئەوە ڕەتکردنەوە و پێداگرییەی جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بووین، کە ڕازی نەبوو بەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی سەبارەت بە نەوت و غاز دابووی، کە ئاشکرایە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان یاسایی نییە، بەڵکو بڕیارێکی سیاسییە لە دژی هەرێمی کوردستان، بەداخەوە هیچ کاتێك بەغدا هەوڵێکی جددی نەداوە بۆ جێبەجێکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان و بگرە دەستی بۆ بڕینی قووت و ژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بردووە، هەموو ئەو کارانە بۆ ئەوە بوون حکومەتی هەرێم نەتوانێت کارەکانی بە باشی جێبەجێ بکات و بە ڕێکوپێکی خزمەت بە خەڵکی هەرێمی کوردستان بکات، بەڵام بە حیکمەتی جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان توانرا هەموو ئەو لەمپەر و هەوڵانە پووچەڵ بکرێنەوە، ئەمرۆش نەبێت لە داهاتوودا دەبێت بەغدا هەموو ئەو بڕیارانەی لە دژی هەرێمی کوردستان دەری کردوون، هەڵبوەشێنێتەوە و، بڕیاری باشتر و یاساییانە بدەن، کە خزمەتی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بکات، نەك دوژمنایەتیی هەرێمی کوردستان بکەن.

*** هەوڵ و پڕۆژەکانی کابینەی نۆیەم لە پێناو پاراستنی ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان چۆن دەبینن؟**

- لە ڕاستیدا چەندە هەوڵ و کۆشش بکرێت بۆ پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو هێشتا هەر کەمە، جەنابی مسرور بارزانی سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان زۆر بە گرنگییەوە کار و بەرنامەی بووە بۆ مسۆگەرکردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا، جگە لەوەی چەندین بەنداوی گەورە و بچووك و مامناوەندی جێبەجێ کردووە، ئێستاش ژمارەیەك بەنداو لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بەبێ جیاوازی لە نێوان ناوچەو شارەکان، خستووەتە ژێر جێبەجێکردنەوە و بودجەی بۆ تەرخان کردووە، بە تەواوبوونی پڕۆژەکان لە داهاتوودا، لە کوردستان کێشەی ئاومان نابێت. ئەگەرچی بەردەوام دەبینین وڵاتانی دراوسێ بە هۆکار و بێ هۆکار ئاو لەسەر هەرێمی کوردستان دەگرنەوە، بەڵام بە حیکمەتی ئەو کابینەیە و بە بەرنامە و پڕۆژەکانی، لەم کێشە و گرفتانەش ڕزگارمان دەبێت. بەڵام دەبێت ئەوەمان لە بەرچاو بێت کە هێشتا بەرنامە و پڕۆژەی دیکەی ئاسایشی ئاو ماوە و جێبەجێکردنیان توانای زۆری پێویستە و دەبێت خەڵکی کوردستان پشوویان درێژ بێت، بەڵام ئەوەی جێی دڵخۆشییە ئەوەیە کە حکومەت جددییە لە جێبەجێکردنی کار و بەرنامەکانی لەم ڕووەوە.

**ئەمرۆش نەبێت لە داهاتوودا دەبێت بەغدا هەموو ئەو بڕیارانەی لە دژی هەرێمی کوردستان دەری کردوون، هەڵبوەشێنێتەوە و، بڕیاری باشتر و یاساییانە بدەن، کە خزمەتی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بکات**

**سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان زۆر بە گرنگییەوە کار و بەرنامەی بووە بۆ مسۆگەرکردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا، جگە لەوەی چەندین بەنداوی گەورە و بچووك و مامناوەندی جێبەجێ کردووە**



دۆخی سیاسیی عێراق و دەستنیشانکردنی بەربژێری پۆستی سەرۆك وەزیرانی داهاتووی عێراق و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان، تەوەرەی سەرەکیی دیدارێکی گۆڤاری گوڵان بوون، لەگەڵ دڵشاد میران چاودێری سیاسی و ئەمەش دەقی ناوەرۆکی دیدارەکەیە.

## دڵشاد میران

چاودێری سیاسی بۆ گوڵان:

# لەم قۆناغە ئاڵۆزەی عێراقدا حکومەتی هەرێم دەتوانێت مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان بپارێزێت

*** سەردانەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا و گفتوگۆکانی سەبارەت بە دۆسیێی نەوت و گاز تا چەند لە خزمەتی هێورکردنەوەی ئەو کێشە و گرفتانە بوو کە بە هۆی بڕیارە نادەستووری و سیاسییەکەی دادگای فیدراڵییەوە دروست بوو؟**

- سەردانی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا و دیدار و چاوپێکەوتنەکانی لە کاتێکی هەستیاردا هات و، گرنگییەکی لە ڕاددەبەدەری هەبوو بۆ یەکلاکردنەوە و ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی کۆمەڵێك ڕووداو و وێستگەی گرنگ، کە گرنگترینیان دۆسیێی نەوت و گازی هەرێمی کوردستانە. بڕیارە نادەستوورییەکەی دادگای فیدراڵی عێراق و شوێنەوارەکانی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر و هەموو ئەو قسە و باسانەی کە دەکران، بەم سەردانە ڕەوییەوە و ڕووناکییەك لەو دیوی تونێلەکەوە دەرکەوت و ئومێدێکیشی دا بە چارەسەرکردنی کێشەی نەوت و گاز تا ئەو کاتەی لە عێراق یاسای نەوت و گاز دەردەچێت، بەمەش تا پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق و پەسەندکردنی یاسای نەوت و گاز، گرفتی نەوت و گاز لە نێوان هەرێم و عێراقدا هێور بووەوە، ئەمەش لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان و هەرێمی کوردستاندایە، چونکە بە لایەنی کەم تا چەند ساڵێکی دیکە نە پرۆسەی سیاسیی عێراق و نە لە بارودۆخی عێراق ناتوانرێت ئەو یاسایە دەربچێت، ئەگەریش دەربچێت، حەتمەن دەبێت حکومەتی نوێی عێراق دابمەزرێت و بە گفتوگۆ و دانوستاندن و ڕێککەوتن ئەو پڕۆژە یاسای نەوت و گازە لە حکومەتی نوێی عێراق ئامادە دەکرێت، تەنانەت دەکرێت لە دانوستان و گفتوگۆکانی نێوان کوتلە سیاسییەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت بابەتی نەوت و گاز بکرێتە خاڵێکی گرنگ، هەموو ئەمانە ماوەیەکی باش دەداتە بەرپرسانی هەرێم بۆ ئەوەی هەنگاوەکانیان بۆ ئاراستەکردنی دۆسیێی نەوت و گاز بەرەو پیشەسازیی پترۆکیمیاوی و پاڵاوتگە و بەرهەمهێنانی کارەبا و بەکارهێنانی گازی سرووشتی لە ناوخۆدا وەرچەرخێنن، یان هیچ نەبێت لەو ماوەیەدا هەوڵە دیپلۆماسییەکانی کوردی بەگەڕ بخرێت، بۆ ڕاگرتن، یان جێبەجێکردنی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بە شێوەیەك لە خزمەتی پرۆسەی نەوت و گازی کوردستاندا بێت. سەرۆك وەزیرانی هەرێم ڕاشکاوانە بە بەغدای گوت، چارەسەرکردنی دۆسیێی نەوت و گاز بەپێی ماددە و بنەما دەستوورییەکان نەك تەنیا لە خزمەتی خەڵکی کوردستاندایە، بەڵکو لە خزمەتی هەموو گەلانی عێراقیشدایە.

*** شەڕی نێوان پەکەکە و سوپای تورکیا و ڕووداوەکانی تۆپبارانکردنی ناوچەیەکی گەشتیاری لە زاخۆ تاچەند پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدای لە یەکتر نزیك کردەوە و بردنی ئەو دۆسێیە بۆ ئەنجومەنی ئاسایش ئایا کۆتایی بە شەڕی نێوان پەکەکە و تورکیا دەهێنێت؟**

- دۆست و دوژمن ئەو ڕاستییە دەزانن کە شەڕی پەکەکە و سوپای تورکیا لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا نایاسایی و نادەستووری و دوور لە هەموو عورف و یاسایەکی نێودەوڵەتییە، خەڵکی ئەو ناوچە سنوورییانە قوربانی و باجێکی زۆری ئەو سەرکێشییانەی پەکەکەیان داوە، بە لانیکەم وێڕای شەهید و بریندار و ماڵوێرانی، ناوچەکانیان لە ساڵی ١٩٩١ـەوە ئاوەدان نەکراوەتەوە، ڕووداوەکەی ناوچە گەشتیارییەکەی زاخۆ و گیانلەدەستدان و برینداربوونی ژمارەیەکی زۆری گەشتیاری عەرەب کە لەلایەن هەندێك لایەنی سیاسییەوە ئیستغلال کراوە و کار دەکەن بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە زیان بکات. کشانەوەی سوپای تورکیا و پەکەکە لە هەرێمی کوردستان کارێکی باش و یاسایی و دەستوورییە، بەڵام بۆ نییەت و مەبەستێکی دیکە دەجووڵێندرێت، وەکو ئەوەی داواکراوە سنوورەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان لەلایەن سوپای عێراقەوە کۆنتڕۆڵ بکرێت و پەیوەندییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا کەم بکرێتەوە، ئەمەش هەمووی لە چوارچێوەی ململانێ توندەکانی نێوان ئیتاری تەنسیقی و سەدرییەکان و جووڵاندنەوەی شەقام دێت و هەر یەکەو دەیەوێت ئەم ڕووداوە قێزەونەی کوشتنی گەشتیارەکان بۆ مەبەست و مەرامێکی دیکە ئیستغلال بکات، بەڵام لە کۆتاییدا هەر هەڵوێست و کردەوە و کارێکی سیاسی و سەربازی و ئابووری ئەنجام بدرێت، دەبێت بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان

**سەرۆک بارزانی تەحریمی شەڕی ناوخۆی کرد و پێگە و ڕۆڵی هەرێمی لە مەحافیلە نێودەوڵەتییەکان پاراستووە، لەم قۆناغە هەستیار و پڕ مەترسییەی دۆخی عێراقیشدا هەر سەرۆک بارزانی کورد دەپارێزێت**

**دەکرێت لە دانوستان و گفتوگۆکانی نێوان کوتلە سیاسییەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت بابەتی نەوت و گاز بکرێتە خاڵێکی گرنگ**

**سەرۆک وەزیرانی هەرێم ڕاشکاوانە بە بەغدای گوت، چارەسەرکردنی دۆسیێی نەوت و گاز بەپێی ماددە و بنەما دەستوورییەکان نەک تەنیا لە خزمەتی خەڵکی کوردستاندایە، بەڵکو لە خزمەتی هەموو گەلانی عێراقیشدایە**

**کشانەوەی سوپای تورکیا و پەکەکە لە هەرێمی کوردستان کارێکی باش و یاسایی و دەستوورییە، بەڵام بۆ نییەت و مەبەستێکی دیکە دەجووڵێندرێت، وەکو ئەوەی داواکراوە سنوورەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان لەلایەن سوپای عێراقەوە کۆنتڕۆڵ بکرێت**

و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بێت، یەکێك لە ئامانجەکانی سەردانەکەی سەرۆك وەزیرانی هەرێم بۆ بەغدا بۆ قسەکردن بوو لەسەر ئەم پێشهاتە نوێیە، جووڵاندنی دۆسێی دەستتێوەردانی سوپای تورکیا و بوونی بارەگای سەربازی و سەربازێکی زۆری تورکیا لەناو خاکی هەرێمی کوردستان لە ئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوە یەکگرتووەکان جگە لە وروژاندنێکی ئیعلامی دەرئەنجامێکی ئەوتۆی نابێت، چونکە تا چەکدارانی پەکەکە لەلایەن حەشدی شەعبی و گرووپە چەکدارەکانی عێراقەوە لە شنگال و ناوچەکانی دیکەی عێراق داڵدە بدرێن و چەکیان پێ بدرێت و هاوکاری بکرێن، تورکیا بەردەوام پاساوی دەستتێوەردان و وەشاندنی گورزی سەربازی دەمێنێت، وابزانم ڕووداوەکانی چوونە ناو پەرلەمان لەلایەن لایەنگرانی سەدر و خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی شەممە ئەوەندەی دیکەی ئەم دۆسێیە بۆ دواوە بردەوە و کاریگەرییەکانی لەناوخۆدا هەر زوو کەم بووەوە. لەم عێراقە ڕووداوەکان و کارەسات و شەڕ و ململانێکان ئەوەندە خێرا و توندوتیژن، بوار بۆ یەکڕیزی و چارەسەری عەقڵانی زۆر کەم دەهێڵێتەوە.

*** لەناو وڵاتێکی وا پڕ لە کێشمەکێش و گرفتی ئاڵۆزی سیاسی و مەزهەبی و دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت، ئایا هەر وا ئاسان دەبێت کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر بێت؟ ئایا لەم واقیعەی ئەمڕۆی تێکچوونی پەیوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکان دەبێت چۆن لەگەڵ ناوەندا مامەڵە بکرێت؟**

- عێراق لە دروستبوونیەوە تاکو ئەمڕۆ، هەرگیز سەقامگیری و ئارامی بە خۆیەوە نەبینیوە و، بەردەوام دەستتێوەردانی دەرەکی لەسەر بووە و لایەنی دیکە بارودۆخەکەی جووڵاندووە، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و نووسینەوەی دەستووریشەوە سیاسەت و خۆسەپاندن زاڵ بووە بە سەر لۆژیکی عەقڵ و مەنتیقدا و کێشەکان، یان وەکو خۆی، یان ئاڵۆزتر ماونەتەوە. هەرێمی کوردستان کیانێکی دەستوورییە و هەرێمێکی فیدراڵییە کە پەرلەمان و دادگا و حکومەت و دامودەزگای تایبەتی خۆی هەیە، هەرێم سێ چوار پارێزگا نییە، ئەوان باوەڕیان بە فیدراڵییەت نەماوە، ئیتر چۆن چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا دەکرێت، تا حکومەتێك پێك نەهێنرێت کە هەمووان لەسەری ڕازی بن، زۆر زەحمەتە حکومەتی کاربەڕێکەر بتوانێت گفتوگۆ و دانوستانەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەست پێ بکات، تەنیا دەتوانن تا دەرکردنی یاسای نوێی نەوت و گاز و پێکهێنانی حکومەتی نوێ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگا و چارەسەری هەموو کێشەکان دوابخرێت. کوردیش دۆسێی گەورە و گرنگی بە دەستەوەیە و دەبێت لایەنی سێیەم کە نەتەوە یەکگرتووەکان یان ئەنجومەنی ئاسایش بێت، بەشداریی ئەو گفتوگۆیانە بکات و هەموو کێشە هەڵپەسێردراوەکان بە کێشەی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیشەوە وەکو یەك پاکێج مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بە دیارکردنی پشك و بودجە و شایستە داراییەکانی هەرێم و قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکان و دەیان گرفت و کێشەی دیکە.

*** وەکو چاودێرێکی سیاسی پێشهات و بۆچوونەکانت سەبارەت بەم بارودۆخەی عێراق چۆنە؟ ئایا ئەگەر پشێوی و تێکچوونی بارودۆخەکە لەمە زیاتر ڕووبدات، نابێتە هۆی سەرهەڵدانەوەی داعش و گرووپە چەکدارەکان؟**

- پەرتەوازییەکی زۆر کەوتووتە ناوماڵی شیعە. کشانەوەی سەدر لە پرۆسەی پەرلەمانی ئەوەندەی دیکەی بارودۆخەکە ئاڵۆز کرد و لە پێکدادان و دروستبوونی پشێویی سیاسی و سەربازی نزیك بووەتەوە، لەناو ئیتاری تەنسیقییش تا ڕاددەیەکی زۆر ناتەبایی و ململانێ لەسەر دەسەڵات و بەرژەوەندییەکان هەیە. ڕاستە دەبێت سەرەتا سەرۆك کۆمار دەستنیشان بکرێت و ئەو کات سەرۆك وەزیران هەڵبژێردرێت، بەڵام ئەمە تەنیا پاساوێکە بۆ شەقام و لە ڕاستیدا ناتەبایی و ناکۆکیی نێوماڵی شیعەیە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمارێکی کوردی دواخستووە. شیعەکان لەسەر پارتی و یەکێتی ڕانەوەستاون کێ بەربژێریانە، بڵاوبوونەوەی تۆمارە دەنگییەکەی مالیکی تەنیا بەشێکی کەمی ئەو ناکۆکی و ناتەباییەی نێوان لایەنە شیعەکانە کە جگە لە دەستتێوەردانی دەرەکی و ململانێیەکی مێژوویی قووڵیشیان هەیە و لەسەر بەرژەوەندییە ماددییەکانیان یەك ناگرنەوە. کێشەی گەورەی عێراق لەوەدایە هەموو ئەو لایەنە سیاسییانەی ڕۆڵ و پێگەیان هەیە، هێزی چەکداری گەورەی سەربازییان لە پشتە و خاوەنی

**تا چەکدارانی پەکەکە لەلایەن حەشدی شەعبی و گرووپە چەکدارەکانی عێراقەوە لە شنگال و ناوچەکانی دیکەی عێراق داڵدە بدرێن و چەکیان پێ بدرێت و هاوکاری بکرێن، تورکیا بەردەوام پاساوی دەستتێوەردان و وەشاندنی گورزی سەربازی دەمێنێت**

**لەم عێراقە ڕووداوەکان و کارەسات و شەڕ و ململانێکان ئەوەندە خێرا و توندوتیژن، بوار بۆ یەکڕیزی و چارەسەری عەقڵانی زۆر کەم دەهێڵێتەوە**

**عێراق لە دروستبوونیەوە تاکو ئەمڕۆ، هەرگیز سەقامگیری و ئارامی بە خۆیەوە نەبینیوە و، بەردەوام دەستتێوەردانی دەرەکی لەسەر بووە و لایەنی دیکە بارودۆخەکەی جووڵاندووە**

**لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و نووسینەوەی دەستووریشەوە سیاسەت و خۆسەپاندن زاڵ بووە بە سەر لۆژیکی عەقڵ و مەنتیقدا و کێشەکان، یان وەکو خۆی، یان ئاڵۆزتر ماونەتەوە**

چەکدار و چەکی تایبەت بە خۆیانن و لەناو هەموو دامەزراوە ئەمنی و سەربازی و مەدەنییەکاندا ڕۆڵ و پێگەیان هەیە و، کەس ئامادە نییە لە پێناو کەسدا دەستبەرداری بێت. لە بیریشمان نەچێت لە کاتی ململانێ و کێشمەکێشە سیاسییەکان پێگەی ئەمنیی عێراق لاواز دەبێت و داعش و گرووپە چەکدارە تیرۆریستییەکانی دیکە سەرهەڵدەدەنەوە، وەکو جاران لە ڕێگەی دەوڵەتی خەلافەتەوە نا، بەڵکو لە ڕێگەی گرووپی بچووکی چەکداری و لێدانی گورزی سەربازی، وەکو ئەوەی لەم ماوەیەدا ڕووی دا و چەندین پۆلیس و سەربازی عێراقی بوونە قوربانی .

*** پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا کورد چی بکات بۆ ئەوەی پریشکی ئاگری ئاڵۆزی و پێکدادانەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراقی بەرنەکەوێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە، چونکە زۆر جار لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش پەلکێشی ئەو ململانێ و کێشە و گرفتانە دەکرێن، هەروەکو چۆن بینیمان هەندێك جار لەسەر بەربژێرێك بۆ سەرۆك کۆمار ناکۆکی لەنێوان پارتی و یەکێتی هەیە، ئێمە لە هەرێمی کوردستان لایەنە سیاسییەکان بە تایبەتی پارتی و یەکێتی و گۆڕان حکومەتێکی خزمەتگوزار و حکومەتێکی خەڵکی پێکەوەمان دەبەستێتەوە، من ناڵێم لەم سێ ساڵەدا گرفت و کێشە و کەموکورتی نەبووە، بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین بەم هەموو کێشەی کۆرۆنا و دابەزینی ئەو کاتی نرخی نەوت و قەیرانی دارایی و فشارەکانی بەغدا و هێرشە یەك لە دوای یەکە مووشەکییەکان، ئەو کات ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بە هەموو پێوەرەکان کورد خاوەنی حکومەتێکی بەهێزە لە سەردەم و قۆناغێکی سەختی جیهانی و ئیقلیمی و نێوخۆیی عێراق. پڕۆگرامە چاکسازییەکە بە تایبەتی لە سێکتەری نەوت و گاز و کەمکردنەوەی خەرجی زیادە و بەرزکردنەوەی داهاتی ناوخۆ پڕۆگرامێکی سەرکەوتوو بوو، کە نەك تەنیا زامنی مووچەکانی کرد، بەڵکو بە قەبارەی زیاتر لە یەك ملیار دۆلار قەرزیش درایەوە و قەرزی نوێش نەکرا.جموجووڵی بازرگانی و ئاوەدانکردنەوە و کاروکاسبیش بە هەموو سەرنج و تێبینییەکانەوە زۆر خێراترە لە ناوچەکانی دەوروبەرمان، خۆ ئەگەر پارتە سیاسییەکانی کوردستان هاوکار و پاڵپشت بن، ئەوا دەکرێت کاری زۆر زیاتر لە پێناو خەڵك و ئابووری بکرێت، لەم قۆناغەدا زۆر گرنگە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بەغدا و دەوروبەر و جیهان بەهێزتر بکەین و لەسەر بنەمای خۆپاراستن لە خۆقورتاندن لە تێوەگلانی تەنگژەکان بە تایبەتی کە هەموو ئاماژە و نیشانەکان ئەوە دەردەخەن کە گۆڕانکاری و ڕووداوی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوودەدەن و کاردانەی لەسەر هەرێمی کوردستانیش دەبێت، ئومێدەوارم هەردوو هێزی سەرەکیی کوردستان تێگەیشتنی نێوانیان زیاتر بێت لەسەر داهاتووی هەرێمی کوردستان و دەستنیشانکردنی سەرۆك کۆمار و پاراستنی یەکڕیزی و تەبایی نێوانیان.

*** بوونی سەرکردەیەکی کاریزما و مەرجەعییەتێك بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کورد و یەکڕیزیی نێوان لایەنە سیاسییەکان تاچەند گرنگە؟**

- هەموو نەتەوە و گەلانی جیهان لە ڕۆژە سەخت و ناخۆشەکاندا لەلایەن سەرکردەکانەوە ئاراستە دەکرێن، لە شەڕی داعش و ڕۆژە سەختەکانی گەمارۆ و دژایەتیکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان سەرۆك بارزانی بوو وەکو سەرۆك و مەرجەعی کورد کە خەڵکی لە کوشتن و کۆمەڵکوژی پاراست و قەوارەی هەرێمی کوردستانی هێشتەوە. سەرۆك بارزانی وەکو کاراکتەر و سەرکردە و کاریزما مەرجەعی بڕیارە لە هەرێمی کوردستان، دۆست و دوژمنی گەلی کوردستان هەمووان ئەو ڕاستییە دەزانن، زلهێزەکانی جیهان و بڕیاربەدەستدانی نێودەوڵەتی حیسابێکی ورد بۆ وتە و بڕیارەکانی سەرۆك بارزانی دەکەن، وڵاتانی ئیقلیمی و هێزە سیاسییەکانی عێراق بە ئیتاری تەنسیقیشەوە چاوەڕێی بڕیاری سەرۆك بارزانی دەکەن بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق، سەرۆك لە پێگەیەکی جەماوەری و نەتەوەیی و کوردستانی و سەربازی و ئابووریی وا گەورەدایە، ناکرێت بێ ئەم خەمخۆرەی نەتەوەی کورد هیچ هێزێکی سیاسی لە ناوخۆی عێراقدا هەنگاو بنێت. سەرۆك بارزانی تەحریمی شەڕی ناوخۆی کرد و پێگە و ڕۆڵی هەرێمی لە مەحافیلە نێودەوڵەتییەکان پاراستووە، لەم قۆناغە هەستیار و پڕ مەترسییەی دۆخی عێراقیشدا هەر سەرۆك بارزانی کورد دەپارێزێت.

**پەرتەوازییەکی زۆر کەوتووتە ناوماڵی شیعە. کشانەوەی سەدر لە پرۆسەی پەرلەمانی ئەوەندەی دیکەی بارودۆخەکە ئاڵۆز کرد و لە پێکدادان و دروستبوونی پشێویی سیاسی و سەربازی نزیک بووەتەوە**

**لە کاتی ململانێ و کێشمەکێشە سیاسییەکان پێگەی ئەمنیی عێراق لاواز دەبێت و داعش و گرووپە چەکدارە تیرۆریستییەکانی دیکە سەرهەڵدەدەنەوە**

**ئومێدەوارم هەردوو هێزی سەرەکیی کوردستان تێگەیشتنی نێوانیان زیاتر بێت لەسەر داهاتووی هەرێمی کوردستان و دەستنیشانکردنی سەرۆک کۆمار و پاراستنی یەکڕیزی و تەبایی نێوانیان**

**لە شەڕی داعش و ڕۆژە سەختەکانی گەمارۆ و دژایەتیکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان سەرۆک بارزانی بوو وەکو سەرۆک و مەرجەعی کورد کە خەڵکی لە کوشتن و کۆمەڵکوژی پاراست و قەوارەی هەرێمی کوردستانی هێشتەوە**



## شێروان دووبەردانی

ئەندامی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# سەردانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بۆ بەغدا بەرهەمدار بوو

پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا ئاڵۆزیی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێت و هێشتا نەتوانراوە حکومەت پێک بهێنرێت، لەم ڕووەوە ململانێ و ناکۆکیی زۆر لە ئارادایە، هەروەها هێشتا چەندین کێشەی هەڵپەسێردراو لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقدا هەن، ئەم پرسانە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ شێروان دووبەردانی ئەندامی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و دەقی وتەکانی لێردا بڵاو دەکەینەوە.

*** هەفتەی ڕابردوو شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مسرور بارزانی سەردانی بەغدایان کرد و، لەگەڵ سەرۆك وەزیران و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری کۆبوونەوە، باس لەوە دەکرێت کە ئامانج لەم سەردانەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەوڵێکی دیکەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم و بەغدا لەگەڵ حکومەتی کازمی، ئایا ئێوە تا چەند ئاگاداری وردەکاریی سەردانەکەی سەرۆك وەزیرانی کوردستانن و، ئەو پرسە گرنگانە چی بوون کە لەم سەردانەدا باس کران؟**

- لە ڕاستیدا سەردانەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەر دوو حکومەت بوو، ئەوە بوو ڕێزدار مسرور بارزانی لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری عێراقی فیدراڵ کۆبوونەوەی ئەنجام دا، لە بارەی ئەو بڕیارانەی دژی هەرێمی کوردستان دراون، کە هەموومان دەزانین ئەم بڕیارانە یاسایی و دەستووری نین، بەڵکو بڕیارەکان سیاسین، هەروەها ئاشکرایە کە چەندین جار سەرۆکی حکومەتی کوردستان ئەو ڕاستییەی بۆ حکومەتی بەغدا دووپات کردووەتەوە کە دەرگای حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بەپێی دەستوور و یاسا، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا چەندین یاسا لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە لە خولی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم دەرچوون و لە لایەن بەغداوە جێبەجێ نەکراون، هەروەها ڕێککەوتنی نێوان بەغدا و هەولێر لەسەر ئاساییکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی شنگال جێبەجێ نەکراوە و یاسای نەوت و غازیش دەر نەکراوە، چەندین ماددەی دەستووری وەك ماددەی ١٤٠ تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، ئەگەرچی لە ٢٠١٩/٧/٢٩ دادگای فیدراڵی بڕیاری دا کە ئەو ماددە دەستوورییە زیندووە، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئەمڕۆ حکومەتی بەغدا بە خەمساردییەوە مامەڵە دەکات، ئەوەتا تا ئێستا پێکهێنانی لیوای هاوبەش لە نێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەی کوردستان جێبەجێ نەکراوە، کە ئەو هێزانە پێویستن بۆ پاراستنی ئەو بۆشایی و ناوچانە کە چەندین جار داعش و تیرۆریستان لەو شوێنانەوە پەلاماریان داوە، بە دڵنیاییەوە سەردانی جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بەرهەمی دەبێت و لە ئایندەیەکی نزیکدا کار لەسەر جێبەجێکردنی داواکاری و کێشەکان دەکرێت و، لەم ڕووەوە و لێژنە و شاندی هەرێم لە بەغدا هەیە بۆ ئاگاداربوون و چاودێریکردنی ئەو ڕێککەوتنانەی کە کراون و، چاوەڕوانین لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان و بەغدا کراوە جێبەجێ بکرێت.

*** ماوەیەکە شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان خەریکی دانوستاندنە لەگەڵ ئیتاری تەنسیقیی شیعە، بۆ ئەمەش چەندین دیدار و کۆبوونەوە لە نێوان شاندی پارتی و ئیتاری تەنسیقی هەبووە، ئەو کۆبوونەوانەش بۆ بەشداریی پارتی بووە لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا، ئایا ئەو هێڵە گشتییانە چین کە شاندی پارتی لەگەڵ ئیتاری تەنسیقی لەسەری ڕێککەوتبن؟**

- سەرۆك بارزانی بڕیاری دا شاندێك پێك بێت کە شاندەکە بەڕێزان دکتۆر فوئاد حوسین کە وەزیری دەرەوەی عێراقیشە و بەنگین ڕێکانی وەزیری پێشتری ئاوەدانکردنەوەی عێراق و دکتۆر شاخەوان عەبدوڵڵا جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەخۆ دەگرێت، بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان ئەنجام بدەن، بۆ جێگیرکردنی مافی هەرێمی کوردستان، کە جەنابی سەرۆك بارزانی دووپاتی دەکاتەوە، بوونی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا بۆ پلە و پۆستی حزبی نییە، بەڵکو بۆ بەدەستهێنان و مسۆگەرکردنی مافەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانە. ئەوەی پارتی لای گرنگە ئیستیحقاقی هەڵبژاردن و پێکهاتەی کوردە لە بەغدا کە لەبەرچاوی چوارچێوەی هەماهەنگی و لایەنە سیاسییەکان بێت و، پێویستە حکومەتی عێراق لەسەر ئەو بنەما سەرەکییانە پێك بێت کە جەنابی سەرۆك تەئکیدی لەسەر کردوونەتەوە، ئەویش هاوبەشی و تەوافق و هاوسەنگییە.

*** دوای ئەوەی کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ پڕکردنەوەی ئەندامانی دەستلەکارکێشاوەی سەدر کرا، ئەحمەد ئەسەدی ئاماژەی بەوە کرد کە**

**چەندین جار سەرۆکی حکومەتی کوردستان ئەو ڕاستییەی بۆ حکومەتی بەغدا دووپات کردووەتەوە کە دەرگای حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بەپێی دەستوور و یاسا**

**چەندین یاسا لە لایان ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە لە خولی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم دەرچوون و لە لایەن بەغداوە جێبەجێ نەکراون، هەروەها ڕێککەوتنی نێوان بەغدا و هەولێر لەسەر ئاساییکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی شنگال جێبەجێ نەکراوە**

**چاوەڕوانین لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان و بەغدا کراوە جێبەجێ بکرێت**



**پێویستە حکومەتی عێراق لەسەر ئەو بنەما سەرەکییانە پێک بێت کە جەنابی سەرۆک تەئکیدی لەسەر کردوونەتەوە، ئەویش هاوبەشی و تەوافق و هاوسەنگییە**

**هەموو کات لە میانەی پێکهێنانی حکومەتەکاندا پارتی پێداگری لە جێبەجێکردنی داواکاری و مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان کردووەتەوە و، پێداگر بووە کە نابێت ئەو داواکارییانە تەنیا لە چوارچێوەی قسەکردندا بێت**

**پۆستی سەرۆک کۆمار نە پۆستی یەکێتییە، نە هی پارتییە، نە هی هیچ لایەنێکە، بەڵکو پۆستی کوردە و، بەپێی ئیستیحقاقی هەڵبژاردنیش پارتی هەقی خۆیەتی پۆستی سەرۆک کۆمار وەربگرێت**

**لەگەڵ لایەنی کوردی ڕێککەوتوون، هەروەها باسی ئەوەشی کرد کە پرسی دۆسێی نەوتی کوردستان بە دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی چارەسەر دەکرێت، ئایا ئەمە ڕێککەوتنە، یان تەنیا قسەیەکە بۆ ڕاگەیاندن؟**

- لە ڕۆژی یەکەم تا ئەمڕۆ کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا بە شێوەی ئاشکرا داواکارییەکانی خۆی خستووەتەڕوو، کە یاسای نەوت و غاز و ماددەی ١٤٠ و مەسەلەی پێشمەرگە و کوردستانییەتی کەرکووکە و، هەموو کات لە میانەی پێکهێنانی حکومەتەکاندا پارتی پێداگریی لە جێبەجێکردنی داواکاری و مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان کردووەتەوە و، پێداگر بووە کە نابێت ئەو داواکارییانە تەنیا لە چوارچێوەی قسەکردندا بێت، بەڵکو دەبێت مافە دەستووری و یاساییەکانی گەلی کوردستان لە لایەن بەغداوە جێبەجێ بکرێت.

*** باس لەوە دەکرێت کە ئیتاریی تەنسیقی کاندیدی خۆی «محەمەد شیاع سوودانی» یەکلایی کردەووەتەوە، ئایا پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئیتاری تەنسیقیی شیعە گەیشتوونەتە ڕێککەوتن بۆ بەشداری لە کابینەی تازەی حکومەتی عێراقدا؟**

- لەسەر ئەو بابەتە ئێمە ناتوانین هیچ بڕیار و قسەیەك بکەین، بەڵکو بڕیاری جەنابی سەرۆك بارزانی-یە کە پێویستە چی بکرێت.

*** دوای ئەم یەکلاکردنەوەیەی کاندیدی پۆستی سەرۆکی وەزیران، ئیدی ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە لایەنی کوردیش پۆستی سەرۆك کۆمار یەکلایی بکاتەوە، بەڵام ئەوەی دەبینرێت، تا ئێستا هیچ ئاماژەیەك نییە بۆ ئەوەی لەسەر کاندیدێکی هاوبەش ڕێك بکەون، ئەگەر ئەمە هەر وا بمێنێتەوە، چۆن پۆستی سەرۆك کۆمار یەکلایی دەکرێتەوە؟**

- بڕیاری پارتی دیموکراتی کوردستان و جەنابی سەرۆك لەوبارەوە دیارە، کە کاندیدی سەرۆك کۆمار بۆ پارتییە، چونکە پارتی گەورەترین فراکسیۆنە لە ئەنجومەنی نوێنەران و لە پێکهاتەی کوردیش زیاتر لە نیوەی کورسییەکانی بەدەست هێناوە، پۆستی سەرۆك کۆمار نە پۆستی یەکێتییە، نە هی پارتییە، نە هی هیچ لایەنێکە، بەڵکو پۆستی کوردە و، بەپێی ئیستیحقاقی هەڵبژاردنیش پارتی هەقی خۆیەتی پۆستی سەرۆك کۆمار وەربگرێت و کاتی خۆی کە هاوپەیمانیی کوردستانی هەبوو بە ڕێککەوتن سەرۆك کۆمار بە برایانی یەکێتی درا، ڕاستە ڕێککەوتن هەبوو، بەڵام خۆ نابێت ئەو ڕێککەوتنە تا کۆتایی ژیان بێت. لە لایەکی دیکەوە برایانی یەکێتی ئەو ڕێککەوتنەیان شکاند، یەکەم: کە ٢٠١٨ بە بێ هاوپەیمانی و بە بێ پارتی چوونە ناو هەڵبژاردن، دووەم: لەو کاتەدا کە هەڵبژاردن کرا بەرهەم ساڵح بە لیستی هاوپەیمانیی نیشتمانی بەشداری کرد و، دوو کورسیی هێنا، دواتر بەرهەم ساڵح گەڕایەوە



ناو یەکێتی بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆك کۆمار، سێیەم: لەو کاتەی جەنابی کاك نێچیرڤان بارزانی لە پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، یەکێتی دەنگی پێ نەدا، لێرەوە دەردەکەوێت کە یەکێتی ڕێککەوتنی شکاندووە، ئەگەر ڕێککەوتن هەبووایە دەبوایە فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان دەنگیان بە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بدایە، دواخاڵیش لە ١٠/١٠ یەکێتی لەگەڵ گۆڕان بە یەك لیست بەشداریی هەڵبژاردنی پێشوەختیان کرد، واتە هەر یەکێتی بوو کە هاوپەیمانی و ڕێککەوتنی لەگەڵ پارتی نەهێشتووە و شکاندوویەتی.

*** ئایا پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت بە بێ کێشە بەرێوە دەچێت، بە تایبەتی کە لە ئێستادا تەیاری سەدر بە سوودانی ڕازی نابن ببێتە سەرۆك وەزیرانی داهاتووی عێراق؟**


- ئێمە چاودێریی بارودۆخەکە دەکەین و هەماهەنگیمان بەردەوامە لەگەڵ لایەنی تەیاری سەدری و سوننە، بۆ ئەوەی بزانین لەو ڕۆژانەی داهاتوودا چی ڕوو دەدات و بڕیاریش هەر بڕیاری جەنابی سەرۆك بارزانی و سەرۆکی پارتییە. خۆپیشاندان و هاتنی لایەنگرانی سەدر بۆ ناو پەرلەمان بە شێوەیەکی مەدەنی و ئاشتییانە بوو، ئێمە قسە و کۆمێنتمان لەسەری نییە، چونکە ئەوە پەیوەندی بە ناوماڵی شیعەوە هەیە، ئێمە لایەنگری و دەستێوەردانی نێوانیان ناکەین، ئێمە لەگەڵ دەستوورین و لەگەڵ ئەوەین ڕێز لە یاسا بگیرێت، خۆپیشاندانەکەش ئاشتییانە بووە، دەبێت ئێمەش ڕێز لە ڕای گەل بگرین، مافی خۆیانە لە چوارچێوەی یاسادا خۆپیشاندانی ئاشتییانە ئەنجام بدەن، پارتییش بەشێکە لەو بارودۆخ و ئەو ڕووداوانەی ڕوو دەدات و پارتی و سەرۆکی پارتی و مەکتەبی سیاسی هەر بڕیارێك بدەن بۆ بەرژەوەندیی باڵای کورد و کوردستان و گەلی عێراقە، ئێمە چاوەڕوانی گۆڕانکاری و پێشهاتەکان دەکەین لە عێراقدا. لە لایەکی دیکەوە پاش کشانەوەی ڕەوتی سەدر لە پەرلەمان، ئەو ڕەوتە قبووڵ ناکات چوارچێوەی هەماهەنگی حکومەتێك دروست بکات کە دژایەتیی سەدر بکات، ئەگەرچی چوارچێوەی هەماهەنگی بەردەوامن بۆ پێکهێنانی حکومەت و دانیشتنێکی پەرلەمان ئەنجام بدەن بۆ دەستنیشانکردنی یەکێك بۆ سەرۆك کۆماری، کە ئەوەش لە لای ئێمە وەك پارتی قبووڵ نییە، چونکە سەرۆك کۆمار چ وەك پێکهاتەی کورد و چ وەك ئیستیحقاقی هەڵبژاردن مافی خۆمانە و، پەرلەمانی کوردستانمان هەیە کە دەنگی ڕاستەقینەی گەلی کوردستانە، دەتوانرێت لە پەرلەمانی کوردستان دەنگ لەسەر کاندیدێکی کورد بۆ سەرۆك کۆماری عێراق بدرێت، بە هیچ شێوەیەکی دیکە، یان چوارچیوەی هەماهەنگی بچێت یەکێکمان بۆ دەستنیشان بکات بۆ سەرۆك کۆمار، ئەوە لەلای ئێمەی پارتی دیموکراتی کوردستان جێگای قبووڵکردن نییە.

**کاتی خۆی کە هاوپەیمانیی کوردستانی هەبوو بە ڕێککەوتن سەرۆک کۆمار بە برایانی یەکێتی درا، ڕاستە ڕێککەوتن هەبوو، بەڵام خۆ نابێت ئەو ڕێککەوتنە تا کۆتایی ژیان بێت**

**خۆپیشاندان و هاتنی لایەنگرانی سەدر بۆ ناو پەرلەمان بە شێوەیەکی مەدەنی و ئاشتییانە بوو، ئێمە قسە و کۆمێنتمان لەسەری نییە، چونکە ئەوە پەیوەندی بە ناوماڵی شیعەوە هەیە**

**پاش کشانەوەی ڕەوتی سەدر لە پەرلەمان، ئەو ڕەوتە قبووڵ ناکات چوارچێوەی هەماهەنگی حکومەتێک دروست بکات کە دژایەتیی سەدر بکات**

دیمانەی تایبەت



**ولیەم ولفۆرس**

**پڕۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە کۆلێژی دارتمەوس بۆ گوڵان:**

# بایدن ناتوانێت لەبارەی پڕۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە بڕیاری قورسی سیاسی بدات

**گری ولیەم ولفۆرس پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە کۆلێژی دارتمەوس، تایبەتمەند و پسپۆڕی چەند بوارێکی دیاریکراوە وەك سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئاسایش و توندوتیژی. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا لە بارەی بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیە.**

*** زۆر جار باس لە کێشە و ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت و هۆکارەکەش گرێ دەدرێتەوە بە نەبوونی دیموکراسی لەم ناوچەیەدا، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن؟ ئایا دەکرێت بە دیاریکراوی باس لەو کێشانە بکەن کە بە هۆی نەبوونی دیموکراسییەوە سەرهەڵدەدەن و دێنەئاراوە؟**

- بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە نابێت ئەو ڕاستییە ڕەچاو نەکەین کە نەبوونی دیموکراسی سەردەکێشێت بۆ کۆمەڵێك کێشەی گەورە کە کاریگەریی نەرێنییان لە سەر پەیوەندییەکانی نێوان هاوڵاتی و حوکمڕانەکان دەبێت، بۆ نموونە نەبوونی دیموکراسی سەرهەڵدان و تەشەنەسەندنی گەندەڵی لێ دەکەوێتەوە، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانرێت وەك پێویست لێپرسینەوە لە سەرکردە و کاربەدەستەکان بکرێت لەسەر ئەدا و چۆنیەتی ئیدارەدانی دەسەڵات و داهاتی وڵاتەکە. هەموو ئەمانەش لە دەرئەنجامدا نایەکسانییەکی گەورە و قووڵیان لێ دەکەوێتەوە لە نێو کۆمەڵگەدا، مەبەستم نایەکسانییە لە بەهرەمەندبوون لە سامان و داهاتی وڵاتەکە، ئەویش بە قازانجی دەسەڵاتداران، نەك لە بەرژەوەندیی خەڵك و هاووڵاتیان.

*** هەروەك ئاشکرایە جگە لەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەتە گۆڕەپانی ململانێی نێوان هێزە دەرەکییە دەستڕۆیشتووەکان، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە پەیوەندیی نێوان وڵاتانی ئەم ناوچەیەش**

**نەبوونی دیموکراسی سەردەکێشێت بۆ کۆمەڵێک کێشەی گەورە کە کاریگەریی نەرێنییان لە سەر پەیوەندییەکانی نێوان هاوڵاتی و حوکمڕانەکان دەبێت**

**یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی دیکەی تەنگژە و کێشە و تەحەددییەکانی ئەم ناوچەیە بریتییە لە بوونی ململانێ و کێبڕکێی بەرەودان بە دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی لە نێو خودی هێزەکانی ئەم ناوچەیەدا**

**وڵاتانی ئەم ناوچەیە لە بری ئەوەی هێز و تواناکانی خۆیان بۆ هاوکاریکردنی یەکتری و بەرەوپێشبردنی دۆخی ناوچەکە بە گشتی بەکار بهێنن، توانا و وزەی خۆیان بە دژایەتیکردن و دوژمنایەتیکردنی یەکتر بەفیڕۆ دەدەن**

**ڕووخاندنی حکومەتەکان و داگیرکاریی سەربازی دەرئەنجام و دەرهاویشتەیەکی دیموکراسی لێ ناکەوێتەوە**

**بارگرژی و دژایەتی لەخۆدەگرێت، ڕاوبۆچونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئەوە ڕاستە کە یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی دیکەی تەنگژە و کێشە و تەحەددییەکانی ئەم ناوچەیە بریتییە لە بوونی ململانێ و کێبڕکێی بەرەودان بە دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی لە نێو خودی هێزەکانی ئەم ناوچەیەدا، واتە وڵاتانی ئەم ناوچەیە لە بری ئەوەی هێز و تواناکانی خۆیان بۆ هاوکاریکردنی یەکتری و بەرەوپێشبردنی دۆخی ناوچەکە بە گشتی بەکار بهێنن، توانا و وزەی خۆیان بە دژایەتیکردن و دوژمنایەتیکردنی یەکتر بەفیڕۆ دەدەن. بۆ نموونە، لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا چەند شەڕێکی سارد لە نێوان هێزەکانی ئەم ناوچەیەدا لە ئارادا بوون، بۆ نموونە لە نێوان ئێران و هاوپەیمانەکانی لە بەرامبەر سعودیە و هاوبەشەکانی، کە لەم ڕووەوە دوو جەمسەر دروست بووە و ڕەهەند و ڕەواڵەتێکی تایفەگەریشی وەرگرتووە. ئاشکرایە ئەم جۆرە ململانێیەش دەرهاویشتە و لێکەوتەی ناسەقامگیرکاری لێ کەوتووەتەوە و لێی دەکەوێتەوە لەسەر بارودۆخی ناوچەکە.

*** هەروەك ئاشكرایە سەردەمانێك زۆر بە جددی باس لە دووبارە بنیاتنانەوەی نەتەوە و دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە دەكرا و، ئاماژە بەوە دەكرا كە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا- بە تایبەتی لە سەروەخت و سەرەمی ئیدارەی سەرۆك جۆرج بوشی كوڕ- دەیەوێت لەم ڕێگەوە تەواوی بونیادی ئەم ناوچەیە ڕێك بخاتەوە بۆ ئەوەی نەبێتە سەرچاوەی كێشە و هەڕەشە بۆ جیهان، بەڵام ئەوە بوو دواتر دەست لەم هەوڵانە هەڵگیرا، تەنانەت سەرۆكی پێشووی ئەمریكا (دۆناڵد ترەمپ) بە ئاشكرا باسی لە شكستی ئەم هەوڵانە و بەفیڕۆدانی كات و داهاتی ئەمریكا كرد، ئێستا لە سایەی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن چۆن لەم پرسە دەڕوانن؟**

- ئێوە خاڵێکی گرنگتان وروژاند. بە تێڕوانینی من کێشە و گرفتی ئەو پرسەی پەیوەستە بە بەرەودان بە پرەنسیپەکانی دیموکراسی و سەر لەنوێ بنیاتنانەوەی دەوڵەت و نەتەوەوە بریتی بوو لەو ئامرازەی دەگیرایەبەر و بەکار دەهێنرا بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە. چونکە ئاشکرایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەنای بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی برد بۆ ئەوەی ئامانجەکانی خۆی لەم ڕووەوە بەدی بهێنێت. بەڵام ئەوەی بووەتە ڕاستییەکی نکۆڵی لێ نەکراو و واقیعێکی بەرجەستە، ئەوەیە کە ڕووخاندنی حکومەتەکان و داگیرکاریی سەربازی دەرئەنجام و دەرهاویشتەیەکی دیموکراسی لێ ناکەوێتەوە.

*** بەڵام ئەگەر پابەندبوون بە بەرەودان بە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤەوە ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی نەبوویێت لە سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، بۆچی ئەمریکا بەردەوام ئەم پرسە دەورووژێنێت و ئاماژەی پێ دەکات؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بەم پرسەوە، ئەوا هەرچۆنێك بێت ئەم بیرۆکەیە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بوونی هەبوو و بگرە پابەندبوونێکی ڕاستەقینە هەبوو بۆ جێبەجێکردنی، یان بە ئەنجامگەیاندنی، مەبەستم لە هێنانەدی دیموکراسی و بەرەودانە بە مافەکانی مرۆڤ. چونکە تەنانەت ئەمانە بوونە بنەمای سەرمەشقی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئەوە بوو سەرۆك باراك ئۆباما لە ساڵی ٢٠٠٨ و لە وتارەکەی لە قاهیرە باسی لەوە کرد کە ئەم پرەنسیپانە دەبنە سەرمەشقی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام لە واقیعدا بەرجەستەبوونێکی سنووورداری ئەم گوتارەمان بەدی کرد، واتە ئەم گوتارە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی نەبوو لە نێو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ناکرێت و ناتوانرێت ئەم بەها و پرەنسیپانە بەسەر گەلانی ئەم وڵاتانەدا بسەپێندرێت، بەڵکو دەبێت هەوڵ و تێکۆشانەکە لە نێو خودی گەلانی ئەم ناوچەیەوە سەرچاوە بگرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت دیموکراسییەتێکی ڕاستەقینە بەرپا بکرێت و هەنگاوی ڕاستەقینە بۆ بەرەودان بە مافەکانی مرۆڤ هەڵبگیردرێت.

*** کەواتە پێت وایە هەموو کات ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پرسی بەرەودان بە**

**دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤی کردووەتەوە قوربانیی بەدیهێنان و بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییەکانی؟**

- سەرەتا دەبێت بڵێین واقیعەکە ئەوەیە کە لە ئێستادا بایەخێکی کەم بەم پرسانە- برەودان بە دیموکراسی و بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ- دەدرێت لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە. بەتایبەتی کە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ زۆر بە ڕاشکاوی دەستبەرداربوونی ئەمریکا لە پابەندبوون بۆ هەوڵدان و بایەخدان بە برەودان و بەرەوپێشبردنی ئەم پرەنسیپانە ڕاگەیاند. هەروەها ئەوەی لەم ئیدارەیەی ئێستا بەدی دەکرێت- بەتایبەتی دوای سەردانەکەی سەرۆکی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست-، ئەوەیە پابەندبوونێکی مانادار بەم پرەنسیپانەوە بەدی ناکرێت، بەلای کەمەوە بە چەشنێك کە جێی بەرژەوەندییەکانی دیکەی پەیوەست بە بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بگرێتەوە. چونکە هەندێ لە حکومەتەکانی ئەم ناوچەیە ئەوپەڕی دژ بە دیموکراسین و سەرکوتکارن و دەسەڵاتێکی تاکڕەوی تێیدا حوکمڕانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەردەوامە لە دەستەبەرکردنی هاوکاری و یارمەتیی دارایی و سەربازیی بۆ ئەم وڵاتانە. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە زۆرێك لە گەلانی ئەم ناوچەیە پێیان وایە لەم ڕووەوە دووڕوویەکی سیاسی هەیە، چونکە باس و بانگەشەیەکی زۆر لەبارەی هەوڵدان بۆ برەودان بە دیموکراسی و بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ دەکرێت، بەڵام کاتێك پرسەکە پەیوەست دەبێت بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، یان ئەمنییەتی ئەمریکاوە، ئەوا پرسەکانی پەیوەست بە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤەوە پشتگوێ دەخرێن و فەرامۆش دەکرێن.

*** ئەی چۆن لە ئەدا و هەوڵەکانی ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی جۆ بایدن دەڕوانیت لە ئاست مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران، بەتایبەتی پڕۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئەو وڵاتە، کە ئاشکرایە ئەم ئیدارەیە هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە ئاماژەی بەوە کردووە کە دەیەوێت بگاتە ڕێککەوتنێك لەم بارەیەوە لەگەڵ ئێراندا؟**

- هەر لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا، جۆ بایدن ئاماژەی بەوە کرد کە ئەگەر جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەست و سەرکەوتوو بێت، ئەوا دەست دەکاتەوە بە ئەنجامدانەوەی گفتوگۆکانی پەیوەست بە پڕۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران. بەڵام ئەگەر بمانەوێ بڕیار لەسەر ئەدای ئەم ئیدارەیە بدەین لەم ڕووەوە، ئەوا ڕاستە گفتوگۆکان بەردەوام بوون و درێژەیان هەبووە، بەڵام دەکرێت بڵێین لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا دەرئەنجامێکی ئەوتۆ، یان بەرچاو و بەرەوپێشچوونێکی ڕاستەقینە بەدەست نەهاتووە لەو گفتوگۆیانەی ئەنجام دراون. ئەگەر شرۆڤەکارییش بۆ هۆکارەکەی بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین لەم ڕووەوە کێشەی ڕاستەقینە، یان بەربەستی ڕاستەقینەی بەردەم ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن پەیوەستە بە کۆمەڵێك پرسی ناوخۆییەوە. چونکە ئەم ئیدارەیە ناتوانێت هەندێ بڕیار، یان بژارەی سیاسیی قورس بگرێتەبەر لەبەر هەلومەرجە ناوخۆییەکە، بەڵام بە بێ گرتنەبەری ئەو بژارە سیاسییە قورسانەش ئەمریکا ناتوانێت بەرەوپێشچوونی ڕاستەقینە بەدی بهێنێت بە ئاراستەی گەیشتن بە ڕێککەوتن لەبارەی پڕۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە. بۆ نموونە، لە سەردەمی ئیدارەی پێشوودا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ، سوپای پاسدارانی ئێران خرایە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە، کە ئەمە یەکەم سوپای وڵاتێکە بخرێتە ئەم خانەیەوە لەلایەن ئەمریکاوە، ئێستاش ئێران داوا لەم ئیدارەیە دەکات کە ئەم بڕیارە هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن لەسەر ئاستی ناوخۆیی ڕووبەڕووی دژواری ڕاستەقینە بووەتەوە لە پێچەوانەکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئەم بڕیارەدا. بۆیە ئەوەی تا ئێستا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ئەم ئیدارەیە ئامادە نییە ئەم مەترسی و سەرکێشییە سیاسییە بکات، چونکە ئەگەر سەرۆك جۆ بایدن ئەم هەنگاوە هەڵبگرێت، ئەوا لە ناوخۆدا تۆمەتبار دەکرێت بەوەی سازشێکی زۆری بۆ ئێران کردووە. کە بە تێڕوانینی من ئەمە بەربەستی ڕاستەقینەی بەردەم بەدیهێنانی بەرەوپێشچوونە لە گفتوگۆکاندا.

**دەبێت هەوڵ و تێکۆشانەکە لە نێو خودی گەلانی ئەم ناوچەیەوە سەرچاوە بگرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت دیموکراسیەتێکی ڕاستەقینە بەرپا بکرێت و هەنگاوی ڕاستەقینە بۆ برەودان بە مافەکانی مرۆڤ هەڵبگیردرێت**

**هەندێ لە حکومەتەکانی ئەم ناوچەیە ئەوپەڕی دژ بە دیموکراسین و سەرکوتکارن و دەسەڵاتێکی تاکڕەوی تێیدا حوکمڕانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەردەوامە لە دەستەبەرکردنی هاوکاری و یارمەتیی دارایی و سەربازیی بۆ ئەم وڵاتانە**

**بانگەشەیەکی زۆر لەبارەی هەوڵدان بۆ برەودان بە دیموکراسی و بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ دەکرێت، بەڵام کاتێک پرسەکە پەیوەست دەبێت بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، یان ئەمنییەتی ئەمریکاوە، ئەوا پرسەکانی پەیوەست بە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤەوە پشتگوێ دەخرێن**




## ستیڤن زونێس

ڕێکخەری پڕۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ بۆ گوڵان:

# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەتە گۆڕەپانی ململانێی هێزە مەزنەکان

گری ستیڤن زونێس پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ، وانەبێژ و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك ناتوندوتیژی، چارەسەرکردنی ناکۆکی، سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەجیهانیبوون و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری پڕۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە هەمان زانکۆ، لە ئێستاشدا ڕێکخەری ئەم پڕۆگرامەیە. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی بریتی بوون لە تاوتوێکردنی بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێشە و ئاڵۆزییەکانی ئەم ناوچەیە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

*** ئاشکرایە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك هەمیشە گیرۆدەی چەندین کێشە و تەنگژەی سەخت و دژوار بووەتەوە، تا ئێستاش نەتوانراوە بە چەشنێك کار بکرێت کە سەقامگیرییەکی درێژخایەن بەدی بهێنرێت، هەروەها کێشەکانی وڵاتانی ئەم ناوچەیە کاریگەرییان لەسەر بەش و ناوچەکانی دیکەی جیهانیش هەبووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی وڵاتانی دەرەکییش هەوڵ بدەن کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی پێشهات و پەرەسەندنەکانی هەبێت. ئێوە چۆن لە بارودۆخی ئەم ناوچەیە دەڕوانن و چ شتێك زیاتر ئێوە نیگەران دەکات؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی لە ئێستادا و لەم ساتەوەختەدا بەدی دەکرێت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بریتییە لە بەردەوامبوون و درێژەکێشانی کێشە و ناکۆکی و تەحەددییە درێژخایەنەکانی پەیوەست بە هێنانەئارای سەقامگیری و چەسپاندنی دیموکراسییەوە. هەروەك ئاشکرایە کە بۆ ڕۆژگارێکی دوور و درێژە ناوچەکە بە دەست نەبوونی ئارامی و سەقامگیرییەوە دەناڵێنێت. بۆ نموونە دەتوانین لەم ڕووەوە ئاماژە بە بەردەوامبوونی داگیرکاریی فەلەستین و ئەو پێشێلکارییانەی مافەکانی مرۆڤ بکەین کە تێیدا ڕوودەدات. هەروەها دەتوانین لەم ڕووەوە ئاماژە بە دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی ئێران بکەین لە چەند وڵاتێکی ناوچەکەدا، لەگەڵ ئەو ناسەقامگیرییانەی کە لێیان دەکەوێتەوە.

*** زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە کێشەی سەرەکیی ئەم وڵاتانە ئەوەیە کە نەتوانراوە حوکمڕانییەکی باش و کارا دابمەزرێنن کە بتوانرێت وەك پێویست خواست و ویستی هاوڵاتییەکانیان بەدەست بهێنن، تەنانەت زۆرجار ڕاپەڕین و لابردنی دەسەڵاتەکانیش دەرئەنجامی خوازراویان لێ نەکەوتووەتەوە، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئەوە ڕاستە کە دەبێت بوترێت خاڵێکی دیکە، یان پەرەسەندنێکی دیکە کە بەدی دەکرێت، بریتییە لە هەڵکشانی مەیلی خۆسەپێنی و دەسەڵاتخوازی لای حکومەتەکانی ئەم ناوچەیە، بەتایبەتی ئەگەر ئێمە پەرەسەندن و پێشهاتەکانی وڵاتی تونس لەبەرچاو بگرین،کە تا ڕاددەیەك بە ئەزموونێکی سەرکەوتووی بەهاری عەرەبی لێك دەدرایەوە، کە لە ئێستادا پاشەکشە و پێچەوانەبوونەوەی ڕەوتی بە دیموکراسیبوون بەدی دەکرێت و بووەتە وڵاتێکی کەمتر دیموکراتی. هەروەها ئەگەر لە بارودۆخی سووریا بڕوانین و ئەگەرەکانی بەردەم ئایندەی ئەو وڵاتە تاوتوێ بکەین و لەبەرچاو بگرین، ئەوا لە ئێستادا هیچ چارەسەر و ڕێگاچارەیەکی ڕاستەقینە لە ئاسۆدا دیار نییە بۆ ئەوەی دووبارە ئەو وڵاتە بێتەوە سەر ڕێڕەوی سرووشتیی خۆی، واتە دەکرێت لەم ڕووەوە بوترێت هێشتا ئەگەری هەڵگیرسانەوە و بەردەوامبوونی شەڕ لەو وڵاتەدا لە ئارادایە.

*** هەندێ جار باس لەوە دەکرێت کە کێشە سیاسییەکان، یان نەبوونی حوکمڕانیی باش و کارا کاریگەری و لێکەوتەی دیکەی لێ دەکەوێتەوە، بەتایبەتی لەسەر بارودۆخی ئابووریی وڵاتەکە بە گشتی و بار و گوزەرانی هاوڵاتییەکانی بەتایبەتی، ئێوە لەم ڕوانگەوەیەوە چ بۆچوونێکتان هەیە؟**

- ئەوە ڕاستە کە نابێت ئێمە کێشە و تەنگژە و قەیرانە ئابوورییەکان نادیدە بگرین کە چەندین وڵاتی ئەم ناوچەیە بە دەستیانەوە گیرۆدە و گرفتار بوون، بە هەمان شێوە نایەکسانییەکی بونیادی هەیە لە نێو هاوڵاتییاندا لە پەیوەندی بە دابەشکردن، یان بەهرەمەندبوون لە سەرچاوە و سامانی وڵاتەکەدا. هەروەك ئاشکرایە کە تەنگژەکانی ئەم دواییە بوونەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی چەندین کاڵای خۆراکی، کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی هێندەی دیکە هاوڵاتیانی ئەم وڵاتانە لە ڕووی ئابوورییەوە دووچاری نارەحەتی و ناهەمواری و دۆخی نالەبار ببنەوە.

*** پێتان وایە هۆکارە ڕیشەییەکانی بوونی ئەم هەموو کێشە و تەنگژانە لەم ناوچەیەدا چین؟**

- بۆ ئەوەی پەیوەندی بە هۆکارە بونیادی، یان ڕیشەییەکانی تەنگژە و تەحەددییە قووڵ و درێژخایەنەکانی وڵاتانی ئەم ناوچەیەوە هەیە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ هۆکار و فاکتەرە مێژووییەکان، یان ئەو هەلومەرجە مێژووییەی ئەم وڵاتانە پێیدا تێپەڕیون بۆ ئەوەی بتوانین شرۆڤەکاری و لێکدانەوە بۆ ئەو دەرئەنجام و هەلومەرجە بکەین کە لە ئێستادا هاتوونەتەئاراوە. سەرەتا دەتوانین ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە ئەم وڵاتانە بۆ ڕۆژگارێکی زۆر کەوتنە ژێر باری داگیرکاریی وڵاتانی دەرەکییەوە، ئەوەی پێی دەوترێت ڕۆژگاری کۆڵۆنیاڵیزم، ئەوە بوو لەم ڕۆژگارەدا هەندێ لە وڵاتانی ئەم ناوچەیە دروست کران کە ڕەنگدانەوەی پێکهاتە و خواستی دانیشتووانی وڵاتەکە نەبوون، واتە بە پێچەوانەی ویست و خواست و ئاواتەکانی خەڵکەکەوە دەوڵەتەکە دروست دەکرا.

**نەتەوەیەک کە کۆمەڵێک پەیوەندی و رایەڵە هەبوو لە نێوانیادا، لە نێوان چەند وڵاتێکدا دابەش دەکران، کە کورد حاڵەتێکی دیار و لەبەرچاوە لەم رووەوە**

**وڵاتانی ئەم ناوچەیە بەدەست کۆمەڵێک کێشە و گرفتی بنەڕەتی و بونیادییەوە دەناڵێنن و دروستکردنیان پاڵنەر و خواست و حیساباتی سیاسیی وڵاتانی ئەورووپای لە پشت بوو**

**ئەوە نییە کە دیموکراسی مایەی چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانە، بەڵام لە هەمان کاتدا نەبوونی دیموکراسی دەبێتە هۆی ئاڵۆزکردن و قووڵکردنەوەی ئەو کێشانەی لە ئارادان**

**ئێمە کێشەیەکی بنچینەییمان هەیە کە بریتییە لە نەبوونی حوکمڕانییەک کە پایەکانی لەسەر بنەمای پرەنسیپە دیموکراسییەکان جێگیر کردبێت**

**دەستڕۆیشتوویی و دەستتێوەردانی هێز و وڵاتە دەرەکییەکان بارودۆخەکە هێندەی دیکە بە ئاقار و ئاراستەی نەخوازراودا دەبەن**

*** ئێوە باسی ئەوەتان کرد کە دروستبوونی دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە زادەی بەرەوپێشچوونێکی سرووشتی و خۆڕسک نەبووە، بەڵام ئەم وڵاتانە لەسەر دەستی هێزە دەرەکییەکان- بە تایبەتی هێزە ئەوروپییەکان- دروست کران و دامەزرێنران، ئایا دەکرێت بە دیاریکراوی باس لە کاریگەری و دەرهاویشتە نەرێنی و خراپەکانی ئەم جۆرە دروستبوونەی دەوڵەت بکەن؟**

- هەروەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد، دروستکردنی ئەم دەوڵەتانە بە بێ لەبەرچاوگرتنی خواستی دانیشتووانەکەی بووە هۆی دروستبوونی بارێکی نالەبار، و بووە هۆی ئەوەی کە قەیران و تەنگژەی ناسنامە لای دانیشتووانی وڵاتەکە دروست بێت. بەتایبەتی کە ئێوە لە کوردستانی عێراقەوە پەیوەندی دەکەن، کە خۆی لە خۆیدا نموونەیەکی بەرچاو و بەرجەستەی ئەم حاڵەتەیە، مەبەستم دروستکردنی دەوڵەتە بە بێ ڕەچاوکردنی خواست و ئیرادەی خەڵکەکەی، بە چەشنێک کۆمەڵێک نەتەوە و پێکهاتە کۆ دەکرانەوە، بە بێ ئەوەی ڕایەڵەیەکی ڕاستەقینە پێکیانەوە گرێ بدات. لە هەمان کاتدا ئەو حاڵەتەش ڕووی دا کە نەتەوەیەك کە کۆمەڵێك پەیوەندی و ڕایەڵە هەبوو لە نێوانیادا، لە نێوان چەند وڵاتێکدا دابەش دەکران، کە کورد حاڵەتێکی دیار و لەبەرچاوە لەم ڕووەوە. کەواتە لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە وڵاتانی ئەم ناوچەیە بەدەست کۆمەڵێك کێشە و گرفتی بنەڕەتی و بونیادییەوە دەناڵێنن و دروستکردنیان پاڵنەر و خواست و حیساباتی سیاسیی وڵاتانی ئەورووپای لە پشت بوو. کە ئێستا ئەم کێشە و تەحەددییانە بەردەوامن و درێژەیان هەیە. بۆ نموونە دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژە بە وڵاتی لوبنان بکەین، کە هەر لە سەرەتای پێکهێنان و دروستبوونیەوە وڵاتێکی لەرزۆك و ناتۆکمە بوو، چونکە لە بنەڕەتدا بە چەشنێك دروست کرا و دامەزرێنرا، بۆ ئەوەی خزمەت بە خواست و بەرژەوەندییەکانی وڵاتی فەرەنسا و وڵاتانی دیکەی هاوپەیمانی بکات، نەك بەرژەوەندیی خەڵکی وڵاتەکە.

*** باس لەوە دەکرێت کە فاکتەرێکی دیکە کە بووەتە هۆی ئەوەی کێشەکانی ئەم وڵاتانە زیاتر و زیاتر دژوار بن و بە ئاراستەی چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەدا نەڕۆن، کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی نەرێنیی دەوڵەت و هێزە دەرەکییەکانە، ئێوە چۆن لە کاریگەریی دەستتێوەردانی ئەم دەوڵەتانە لەسەر پێشهات و پەرەسەندنەکانی ئەم ناوچەیە دەڕوانن؟**

- خاڵێکی دیکە کە دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژەی پێ بکەین، بریتییە لەو واقیع و ڕاستییەی کە ئەم ناوچەیە بووەتە گۆڕەپانی کێبڕکێ و ململانێی نێوان هێزە مەزنەکان، کە ئاشکرایە لەم ململانێیانەشدا بەرژەوەندیی گەلانی ئەم ناوچەیە لەبەرچاو ناگیرێت. ئاشکرایە ئەمەش دەرئەنجامی نەخوازراو و نالەباری لێ کەوتووەتەوە و چەندین کێشەی بۆ ناوچەکە و وڵاتەکانی دروست کردووە. بۆ نموونە وڵاتانی دەرەکی- بەتایبەتی هێزە مەزنەکان کە کاریگەری و دەستڕۆیشتووییان هەیە و دەتوانن شوێنپەنجەیان لەسەر ڕەوت و ڕەورەوەی ڕووداوەکان هەبێت- لە مامەڵەکردن و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا ئەوە لێکدەدەنەوە کە ئەم پەیوەندییانە چەند خزمەت بە بەرەوپێشبردن و برەودان بە بەرژەوەندییەکانیان دەکات، نەك لەسەر بنەمای ئەوەی حکومەتەکانی ئەم ناوچەیە چەند پابەندن بە پرەنسیپەکانی دیموکراسییەوە و چەند کاران لە بواری حوکمڕانی و بەدیهێنانی خواستی هاووڵاتییەکانیان.

*** ئاماژەتان بە پابەندبوون بە دیموکراسی، یان نەبوونی پابەندبوون بە دیموکراسییەوە کرد لەم ناوچانەدا، ئێوە چۆن لە هۆکار و دەرئەنجامەکانی نەبوونی دیموکراسی دەڕوانن و تا چەند پێتان وایە هۆکارێکی ڕیشەیی و بنەڕەتیی کێشەکانی وڵاتانی ئەم ناوچەیە بووە؟**

- لە ڕاستیدا یەکێك لە کێشە بونیادییەکانی وڵاتانی ئەم ناوچەیە بریتییە لە نەبوونی حوکمڕانیی دیموکراسی، چونکە ئاشکرایە پەیوەندییەکی بەتین هەیە لە نێوان بەدیهێنانی دیموکراسی و کارکردن بۆ پاراستنی مافەکان و هێنانەئارای گەشەی ئابووری و بەرەوپێشبردنی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتییانەوە. من لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کە دیموکراسی مایەی چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانە، بەڵام لە هەمان کاتدا نەبوونی دیموکراسی دەبێتە هۆی ئاڵۆزکردن و قووڵکردنەوەی ئەو کێشانەی لە ئارادان. کەواتە ئەگەر لەم ڕووەوە وەڵامەکە پوخت بکەینەوە، ئەوا ئێمە کێشەیەکی بنچینەییمان هەیە کە بریتییە لە نەبوونی حوکمڕانییەك کە پایەکانی لەسەر بنەمای پرەنسیپە دیموکراسییەکان جێگیر کردبێت، ئەمە سەرباری بوونی کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی و دەستتێوەردانی هێز و وڵاتە دەرەکییەکان کە بارودۆخەکە هێندەی دیکە بە ئاقار و ئاراستەی نەخوازراودا دەبەن.




## ڕۆبەرت زاکری

پڕۆفیسۆری بازرگانی و وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی لە زانکۆی هارڤارد بۆ گوڵان:

# سزاکانی سەر ڕووسیا دەرئەنجامی پێچەوانەیان هەبووە

ڕۆبەرت زاکری، سەرۆکی بەشی پرۆگرامی جێبەجێکاری سیاسەتی بازرگانی و پڕۆفیسۆری بازرگانی و وەبەرهێنانی نێودەوڵەتییە لە سکوڵی کێنێدی لە زانکۆی هارڤارد، توێژەری باڵایە لە ئەنستیتیوتی پێتێرسۆن بۆ ئابووریی نێودەوڵەتی، هەروەها توێژەرە لە کۆمەڵەی توێژینەوەی سەر بە بیرۆی نیشتمانی بۆ توێژینەوەی ئابووری، پێشتریش وانەبێژ بووە لە زانکۆی یێڵ. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە کرد، کە پەیوەست بوون بە پرسی بەکارهێنانی سزا ئابووری و بازرگانییەکان، وەك ئامرازێك بۆ گوشارخستنەسەر هەندێ لە وڵاتان، تاوەکو ناچار بە گۆڕینی سیاسەتەکانیان بکەن، لەگەڵ چەندی بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

**سزاکان کاریگەری و لێکەوتەی خۆیان هەیە، بەڵام بە تەنیا بەس نین بۆ ئەوەی دەرئەنجامی خوازراو بەدەست بهێنن**

**ڕووسیا بە هۆی ئەم گرانبوونەوەی نرخی نەوتەوە داهاتی زیاتر بووە، لە کاتێکدا ئامانجی سزاکان بریتی بوو لەوەی ڕووسیا داهاتێکی کەمتر بەدەست بهێنێت، بۆ ئەوەی نەتوانێت درێژە بە خەرجییەکانی شەڕ بدات**

**سزاکان دەبنە هۆی ئەوەی سەرکردە خراپەکان بیانکەنە پاساو و بیانوو بۆ باری دژواری ئابووری وڵاتەکەیان**

*** وەک کەسێکی تایبەتمەندی بواری بازرگانیی نێودەوڵەتی، چۆن لە پرسی سزا ئابووری و داراییەکانی دەڕوانیت، کە وڵاتان بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەنای بۆ دەبەن، بۆ ناچارکردنی وڵاتانی دیکە بۆ گۆڕینی سیاسەت و هەڵوێستەکانیان، هەروەک ئەوەی لە ئێستادا لە بەرامبەر ڕووسیادا دەکرێت، بە هۆی ئەوەی دەستیدایە داگیرکاریی ئۆکرانیا؟**

- ئێمە دەبێت ئەو ڕاستییەمان لە بەرچاو بێت کە سزاکان کاریگەری و لێکەوتەی خۆیان هەیە، بەڵام بە تەنیا بەس نین بۆ ئەوەی دەرئەنجامی خوازراو بەدەست بهێنن، هەروەک بینیمان کە سەپاندنی سزاکان نەبوونە هۆی ئەوەی ڕێگری لە داگیرکاریی ئۆکرانیا لەلایەن ڕووسیاوە بکەن، دواتر ڕەنگە لە مەودای دووردا سزاکانی پەیوەست بە نەوتەوە کاریگەرییان هەبێت، بەڵام لە ئێستادا ئەوەی ڕووی داوە، ئەوەیە کە سزاکانی سەر ڕووسیا بوونەتە هۆی گرانبوونی نرخی نەوت. کەواتە واقیعەکە ئەوەیە کە ڕووسیا بە هۆی ئەم گرانبوونەوەی نرخی نەوتەوە داهاتی زیاتر بووە، لە کاتێکدا ئامانجی سزاکان بریتی بوو لەوەی ڕووسیا داهاتێکی کەمتر بەدەست بهێنێت، بۆ ئەوەی نەتوانێت درێژە بە خەرجییەکانی شەڕ بدات. هەروەها ئەگەر ئێمە لە سزاکانی پەیوەست بە غازی سرووشتییەوە بڕوانین، ئەوا دەبینین ئەم سزایانە بارگرانی و کێشەیان بۆ وڵاتانی ئەورووپا دروست کردووە. هەرچۆنێک بێت، سزاکان ئەو کاریگەری، یان لێکەوتەیەیان هەیە کە وڵاتانی سەپێنەری سزاکان بیانەوێت ئەو پەیامە بگەیەنن، کە نایانەوێت دوچاری شەڕێکی ڕاستەوخۆ ببنەوە لەگەڵ ئەو وڵاتەی سزاکانی بەسەردا سەپێندراوە.

*** کەواتە پێتان وایە نییە سەپاندنی سزا ئابووری و دارایی و بازرگانییەکان ڕێگەچارەیەکی کارا بن، بۆ ئەوەی وڵاتە بە ئامانجگیراوەکان ناچار بن دەست لە سیاسەتەکانیان هەڵبگرن و هەڵوێستەکانیان بگۆڕن؟**

- من پێم وا نییە ئەم سزایانە بتوانن گۆڕانکارییەکی زۆر لە سیاسەت و هەڵوێستەکاندا بهێنن، ئەگەرچی دەبنە هۆی زیانگەیاندن و زیاترکردنی نەهامەتیی خەڵکی ئەو وڵاتەی ڕووبەڕووی سزاکان بووەتەوە، لە لایەکی دیکەوە سزاکان دەبنە هۆی ئەوەی سەرکردە خراپەکان بیانکەنە پاساو و بیانوو بۆ باری دژواری ئابووری وڵاتەکەیان، ئێوە بڕوانن لە حاڵەتی کووبا، کە بۆ ماوەی ٦٠ ساڵە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سزای بازرگانیی سەپاندووە بەسەر ئەو وڵاتەدا، کەچی هێشتا خانەوادەی کاسترۆ حوکمڕانیی ئەو وڵاتە دەکەن، هەروەها ئەمریکا چەندین سزای بەسەر ئێراندا سەپاندووە کە بوونەتە هۆی ئەوەی ژیانی خەڵکەکە نالەبار و دژوار بێت لە ڕووی ئابوورییەوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا حکومەتی ئەو وڵاتە ڕووخاوە لە ژێر گوشاری ئەم سزایانەدا، یان ئایا ناچار بووە پێداچوونەوە و گۆڕانکاری لە سیاسەت و هەڵوێستەکانیدا بکات؟ نەخێر، کەواتە ئەوەی پەیوەست بێت بە ڕووسیاوە، ئەوا سزاکان بوونەتە هۆی ئەوەی پوتین بیانوویەکی بەدەستەوە بێت کە بە گەلەکەی بڵێت ڕۆژئاوا دژایەتیی وڵاتەکەمان دەکات و هەوڵی ملکەچپێکردنمان دەدات، ئەمەش بواری پێ دەدات بۆ ئەوەی درێژە بە هەڵمەت و داگیرکارییە سەربازییەکەی بدات، بە چەشنێک کە پارێزگاری لە پشتیوانیی جەماوەریش بکات بۆ درێژەپێدانی. خاڵێکی دیکە کە دەبێت لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە هەمیشە پاڵنەری سیاسەت و هەڵوێستەکان پرسە ئابوورییەکان نین، بە گوزارشتێکی دیکە، هەندێ جار سزا ئابوورییەکان دەبنە هۆی ئەوەی گەلی وڵاتە بە ئامانجگیراوەکە زیاتر بەرهەڵستکار بێت و، پتر پێداگری بکات لەسەر گرتنەبەر و درێژەپێدانی سیاسەتی وڵاتەکەی، لە بری ئەوەی گوشار دروست بکات بۆ دوورخستنەوەی سەرکردەکانی، بەو چەشنەی هەندێ کەس پێشبینی و گریمانەی دەکەن. ئێوە بڕوانن چەندین حوکمڕانیی خراپ و سەرکردەی خراپ درێژەیان بە دەسەڵات و حوکمڕانی داوە، لە کاتێکدا کە ئابووریی وڵاتەکەش لە بارێکی دژوار و ناهەمواردا بووە، بۆ نموونە بڕواننە ڤەنزوێلا، هەروەها زیمبابۆی. واتە لەم ڕووەوە چەندین نموونە هەیە کە ئابووریی وڵاتەکە بە ئاقار و ئاراستەیەکی خراپدا ڕۆیشتبن،

لە هەمان کاتدا سەرکردەکانی وڵاتەکە لە دەسەڵاتدا ماونەتەوە و درێژەیان بە حوکمڕانی داوە، کەواتە ئەگەر وەڵامەکە پوخت بکەینەوە، ئەوا ڕاستە هەندێ جار ڕەنگە سزاکان لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیان سەرکەوتوو بن بە هێنانە ئارای دەرئەنجامی خوازراو، بەڵام پێم وانییە کاریگەری و دەرهاویشتەیەکی گەورە و بەرچاویان لێ بکەوێتەوە.

*** هەروەك ئاشکرایە چین خاوەنی دووەم گەورەترین ئابووریی جیهانە و پێشبڕکێیەکی سەختی ئابووری لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەکات، ئایا پێت وایە چین سوودمەند بووە لەم دۆخەی هاتووەتە ئاراوە بە هۆی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، بە تایبەتتر بە هۆی ئەو سزایانەی بە سەر ڕووسیادا سەپێندراون بە هۆی ئەم شەڕەوە؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وایە ئەم دۆخەی ئێستا هاتووەتەئاراوە، بە تایبەتی بە هۆی ئەو سزا سەپێندراوانەوە، بوونەتە هۆی ئەوەی دۆخێکی دژوار بۆ وڵاتی چین دروست بێت و، باوەڕم وا نییە چین سوودمەندی سەرەکی بێت لەم هەلومەرجەی دروست بووە، بەتایبەتی کە ئەگەر ئێمە ئەوە لەبەر چاو بگرین کە چین خۆی خستووەتە دۆخێکەوە کە بووەتە پشتیوانکاری سەرەکیی ڕووسیا. دواتر دەبێت ئەوە ڕەچاو بکەین کە یەکێك لە پرەنسیپە پیرۆزەکان بە لای وڵاتی چینەوە بریتییە لە سەروەریی نەتەوەیی، بۆ نموونە چین باوەڕی وایە کە تایوان بەشێکە لە وڵاتەکەی، کەواتە چۆن چین دەتوانێت بڵێت ئاساییە ڕووسیا هێرش بکاتە سەر ئۆکرانیا، بەڵام دەبێت باقی جیهان ڕێز لە سەروەریی چین بگرێت لە پەیوەندی بە تایوانەوە. کەواتە بە تێڕوانینی من ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی چین لە پێگە و بارێکی لاوازدا بێت، هەروەها نابێت ئەوە نادیدە بگرین کە چین دەیەوێت باڵادەست بێت و دەستڕۆیشتوویی خۆی لە ئاسیادا بسەپێنێت، لە هەمان کاتدا نایەوێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستێوەردان لەو ناوچەیەدا بکات. ئەوە بوو لە ماوەی ڕابردوودا چین هەوڵی دا برەو بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بدات لە دورگە بچووکەکانی ئۆقیانووسی هێمن (لە دورگەکانی سولەیمان کە دەوڵەتێکی سەربەخۆیە و دەکەوێتە باشووری ئۆقیانووسی هێمنەوە) و توانیویەتی لەم ڕووەوە ڕێککەوتنێك واژوو بکات، بەڵام ئەمە بووە هۆی ورووژاندنی کاردانەوەی وڵاتانی ئوستralیا و نیوزیلەندا، کە بەرهەڵستیی ئەم هەڵوێست و ئەم جووڵەیەی وڵاتی چینیان کرد.

*** هەروەك ئاشکرایە سیستمی بازرگانیی نێودەوڵەتی ڕووبەڕووی چەندین دژواری و تەحەددی بووەوە لە ماوەی ڕابردوودا، بۆ نموونە کێشە و تەنگژەکانی پەیوەست بە پەتای کۆرۆنا و شەڕی بازرگانیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین، ئێستاش ئەو بارە ناهەموارە ئابووری و بازرگانییەی بە هۆی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دروست بووە، ئایا پێت وایە ئەم سیستمە دەتوانێت بەردەوام بێت، یان ئەگەری لەبەریەکهەڵوەشانی هەیە؟**

- لە ڕاستیدا ئەم پرسیارە پەیوەستە بە خودی سیستمە بازرگانییەکە و بە ڕێساکانی ئەم سیستمەوە، کە کێشەکە لەوەدایە وڵاتان پابەند نابن بە ڕێساکانی ئەم سیستمەوە و فەرامۆشی دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا دەرکەوت کە بازرگانی و سیستمە بازرگانییەکە توانای بەرگەگرتنی دژواری و تەنگژەکانی هەیە، ئەوەتا بووژاندنەوەیەکی خێرای چالاکییە بازرگانییەکان بەدی دەکەین، چونکە ئەگەر لە داتاکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی بڕوانیت، ئەوا زیادبوون و هەڵکشانێکی خێرای جموجووڵی بازرگانی بەدی دەکرێت، دواتر ئێوە ئاماژەتان بە کاریگەریی پەتای کۆرۆنا کرد، کە ئەوەی ڕووی دا لەو کاتەدا ئەوە بوو کە سیستمی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری لەکار کەوت، مەبەستم ئەوەیە ئەو کەسانەی کە کاڵا و خزمەتگوزارییەکانیان دەگەیاند، ناچار بوون لەماڵەوە بمێننەوە، ئەمەش خەڵکی ناچارکرد خۆیان بچنەوە دەرەوە و کاڵاکان بکڕن، کە لە دەرئەنجامدا سەری کێشا بۆ زیادبوون و هەڵکشانی گەورەی خواست لەسەر کاڵاکان، بەڵام هەرچۆنێك بێت لەو کاتەدا و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، سیستمی بازرگانیی نێودەوڵەتی مرونەتێکی تەواوی هەبوو، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکان بەردەوام بن و درێژەیان هەبێت.

**سزاکان بوونەتە هۆی ئەوەی پوتین بیانوویەکی بەدەستەوە بێت کە بە گەلەکەی بڵێت ڕۆژئاوا دژایەتیی وڵاتەکەمان دەکات و هەوڵی ملکەچپێکردنمان دەدات**

**چین خۆی خستووەتە دۆخێکەوە کە بووەتە پشتیوانکاری سەرەکیی ڕووسیا، یەکێک لە پرەنسیپە پیرۆزەکانیش بە لای وڵاتی چینەوە بریتییە لە سەروەریی نەتەوەیی، کەواتە چین چۆن دەتوانێت بڵێت ئاساییە ڕووسیا هێرش بکاتە سەر ئۆکرانیا**

# خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان

## شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن





**د.نەژدەت ئاکرەیی**
پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی
**بۆ گوڵانی نووسیوە**

سەرنجدان لە خوێندنی زانستی لە سێ دەیەی ڕابردوو، واتا دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، ئاماژە بەوە دەکات کە پێشڤەچوونێکی چەندایەتی و چۆنایەتی بەخۆیەوە بینیوە، چۆنایەتی تا ڕاددەیەك و چەندایەتیش تا ڕاددەیەکی زۆر، بابەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی سەرەتا چەند یاسایەك ڕێکی دەخات، وەك یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە(١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ و یاسای خزمەتی زانکۆیی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠١٠، ئەم دوو یاسایە زۆر گرنگن، جگە لەمانەش یاسای زانکۆ تایبەتەکانی ساڵی ٢٠١٢، ئەم یاسایانە کاروباری خوێندنی باڵایان ڕێکخستووە، کە سەیری بیبلۆگرافیای خوێندنی باڵا دەکەین، زۆربەی بابەتەکانیان تێدا ڕێکخراوە، بەڵام پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە، لەبەر ڕۆشنایی ئەم گۆڕانکارییانە، هەروەها کۆمەڵێك ڕێنمایی هەن لە بابەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کە پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە، بۆ زۆر تەوەری خوێندنی باڵا کە لە دواتر ئاماژەیان پێ دەکەم.

سەرەتا یاسا و ڕێنماییەکانی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە. دیارە تەوەرەکانی خوێندنی باڵا بریتین لە: قوتابی، مامۆستا، زانکۆ، دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا، مەسەلەی قوتابی چۆن لە زانکۆ وەردەگیرێت، بە شێوەی وەرگرتنی ناوەندی (قبول مركزی)، یان لە زانکۆ ئەهلییەکان، یان بە شێوازی پاراڵێل لە زانکۆ حکوومییەکان دەخوێنێت، ئەم سێ شێوازە بنکەی وەرگرتنی قوتابی لە زانکۆکان زۆر فراوان کرد، دەرفەتی وەرگرتنیان بۆ قوتابی ڕەخساند، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێژە و ژمارەی وەرگیراوان بێ پلانە و لەگەڵ بازاڕی کاردا ناگونجێت، لە هەندێ پسپۆڕدا زۆرن و لە هەندێکی دیکەش دەگمەنن، ئەگەر بێینە سەر خوێندنی باڵا لە دیپلۆم و ماستەر و دکتۆرا لە ناو هەرێم و لە نێردراوان و خوێندن لەسەر ئەرکی تایبەت لە دەرەوە دەگرێتەوە، ئەمەش پێویستی بە ڕێکخستنەوەی ڕێنماییەکانە، تاکو ماف و ئەرکی ئەوانەی وەردەگیرێن دابین بکرێت، هەروەها تا چەند دامەزراوەکان پێویستیان پێیەتی، بابەتێکی دیکە کردنەوەی کۆلێج و بەشە زانستییەکان لە زانکۆکان دەبێ بە پێوەری زانستی بێت و پێویستیی بازاڕی کار بۆ ئەم بەشانە بێت، دووبارەش نەبێتەوە لە نێوان زانکۆکان و هەر زانکۆیەکیش سیاسەتی خۆی هەبێت. سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی تا ڕاددەیەك زۆرن لە خوێندنی باڵا، بەڵام ئەم سەنتەرانە لاوازی و بێهێزییان پێوە دیارە و چالاکییان بەو شێوەیە نییە کە بەپێی پێوەرەکان ئاستیان بگاتە سەنتەرە نێودەوڵەتییەکان، هەندێ دامەزراوەی گرنگی دیکە هەن لە خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، تایبەتن. بۆ نموونە دەزگای پشکنین و دڵنیایی جۆری، دەستەی کوردستانی بۆ ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی، بۆردی پزیشکیی کوردستانی، ئەم دەزگایانە زۆر گرنگن و پێویستیان بە پاڵپشتی هەیە و ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە و دەبینن.

مەسەلەی هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق، واتا وەزارەتی خوێندنی باڵا پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە و بەپێی دەستووریش دەبێ هەماهەنگی هەبێت لە بواری خوێندنی باڵا و پەروەردە لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەسەلەی بەشە ناوخۆییەکان زۆر گرنگە و بارێکی قورسی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، خۆپیشاندانەکانی

**سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی تا ڕاددەیەک زۆرن لە خوێندنی باڵا، بەڵام ئەم سەنتەرانە لاوازی و بێهێزییان پێوە دیارە و چالاکییان بەو شێوەیە نییە کە بەپێی پێوەرەکان ئاستیان بگاتە سەنتەرە نێودەوڵەتییەکان**

**بەپێی یاسا دەبێت وەزارەتی خوێندنی باڵا سندوقێکی دارایی هەبێت و بە دامەزراوەیی بکرێت و میکانیزمەکانی کارگێڕی و دارایی و خەرجییەکان حیسابی تایبەتی بۆ بکرێت**

**سیستەمی کۆنگرە و وۆرک شۆپی زانستی و بازنەی زانستی چالاکییەکی بەرچاوە و دەبێت ئەکتیف بکرێتەوە**

ساڵی ڕابردووشمان لە بیرە، بۆیە دەبێ ئەم مەسەلەیە لە ڕووی پێوەری زانستی و کارگێڕی و داراییەوە دیراسە بکرێت، تا چەند کەرتی تایبەت سوود لەمە وەردەگرێت.

بەپێی یاسا دەبێت وەزارەتی خوێندنی باڵا سندوقێکی دارایی هەبێت و بە دامەزراوەیی بکرێت و میکانیزمەکانی کارگێڕی و دارایی و خەرجییەکان حیسابی تایبەتی بۆ بکرێت. گۆڤارە ئەکادیمییەکان لە زانکۆکان بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانە، ئاستیان تا ڕادەیەك باشە و ژمارەشیان زۆرە، بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی مامۆستایان بەپێی یاساو ڕێنمایی ڕێکخراوە، ئەمە لە زانکۆکانی کوردستان بەرچاوە، بەتایبەتی پلەی پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆری یاریدەدەر.

بە ڕای ئێمە دەبێ لەمەودوا کار بکرێت بۆ زانکۆی جۆریی پسپۆری، ئێمە ئەزموونێکمان هەیە لە زانکۆی پزیشکی، بەڵام لە هەمان کاتدا زانکۆی ئەندازەیی و کشتوکاڵی و کارگێڕی و دارایی، تا ڕادەیەکیش زانکۆی دیراساتی یاساییش دەبێت هەبێت، دەبێت بیر لەمە بکرێتەوە چ لەسەر ئاستی زانکۆ حکومییەکان، یان زانکۆ تایبەتەکان، پرۆگرامەکانی خوێندنیش لە زانکۆکان پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە، لە ساڵانی ڕابردوودا کار بۆ ئەم بابەتە کرا، بۆ نموونە لە خوێندنی یاسا و پزیشکی و ئەندازەیی و زانستە سیاسییەکان و بەرهەمی بەرچاویان هەبوو، هەروەها سیستەمی خوێندن بە شێوازی ساڵانە، کۆڕسات، ئێستا سیستەمێکی تازەی نێودەوڵەتی (بۆڵۆنا) هەیە کە ئێستا لە زانکۆکان پەیڕەو دەکرێت و پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە.

پەیوەندیی ئەکادیمی زۆر گرنگە لە نێوان دامەزراوەکانی خوێندنی باڵای خۆمان لەگەڵ دامەزراوەکانی دەرەوە، سیستەمی کۆنگرە و وۆرك شۆپی زانستی و بازنەی زانستی چالاکییەکی بەرچاوە و دەبێت ئەکتیڤ بکرێتەوە، لە ڕاستیدا لە هەرێمی کوردستاندا هەندێ زانکۆمان هەیە کە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە لە ڕووی یاسایی و دارایی و ئەکادیمییەوە، بۆ نموونە زانکۆی کوردستان و زانکۆی ئەمریکی لە دهۆك و زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی، ئەم زانکۆیانە پێویستیان بە سیستەمێك هەیە لە ڕووی سیاسییەوە بەو جۆرەی کە چاودێرییەکیان بۆ هەبێت.

ئەزموونی ڕانکیکی زانکۆکان لە ساڵانی ڕابردوودا لە هەرێمی کوردستان پەیڕەو کرا و، تا ڕادەیەك ململانێی نێوان زانکۆکان هاتە کایەوە و، هیوادارم بەردەوام بێت، دەبێت کاربکەین بۆ زانکۆکانی سوودبەخشی قازانج نەویست، ئەمەش ئەزموونێکی سەرکەوتووە لە زۆر دەوڵەت، هەروەها بابەتی کۆلێجی زانکۆیی کە لە ئاستی زانکۆ دەبێت، دیسان زانکۆی توێژینەوەی زانستی، ئەمەش دەتوانین کاری لەسەر بکەین. هاوکات دەبێت پاڵپشتیی سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی غەیرە حکوومییش بکرێت، تا ڕادەیەکیش کاربکرێت بۆ کردنەوەی لقی زانکۆ بیانییەکان لە هەرێمی کوردستان بەپێی پێوەری ئەکادیمی، شەراکەتی ئەکادیمی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە نێوان زانکۆکان لەگەڵ دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت مەسەلەیەکی گرنگە، هاوکات هەماهەنگی و پەیوەندیی نێوان دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان زۆر گرنگە، لە ڕووی ئابوورییەکانی زانیاری کە ئەزموونێکی سەرکەوتووە لە زۆر دەوڵەت، بۆ نموونە لە کۆریای باشوور و مالیزیا و ئیمارات، دەبێت ئێمەش لە زانکۆکان ئەم مەسەلەیە بە جددی وەربگرین.

دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە ئێستادا تووشی قەیران بوون، بۆ نموونە قەیرانی دارایی و خۆپیشاندانی قوتابیان و تا ڕادەیەکیش مانگرتن، دەبێت پلانێك بۆ ئەم بوارە هەبێت. هاوکات دەبێت دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لەگەڵ سوشیال میدیا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هاوکار بن، جەختیش بکرێتەوە لەسەر خولەکانی مەشق پێ کردن و دوو ئەزموونی سەرکەوتوو هەن، کارکردن بۆ دەزگایەکی نیشتمانی بۆ توێژینەوەی زانستی و دەزگایەکی نیشتمانیی ئەکادیمی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگن. ئەمانە هەموویان دەکەونە خانەی کارکردن بۆ بوونی ستراتیژیەتێك بۆ خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، چونکە بە داخەوە لەم سی ساڵەی

**دەبێت کاربکەین بۆ زانکۆکانی سوودبەخشی قازانج نەویست، ئەمەش ئەزموونێکی سەرکەوتووە لە زۆر دەوڵەت**

**دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە ئێستادا تووشی قەیران بوون، بۆ نموونە قەیرانی دارایی و خۆپیشاندانی قوتابیان و تا ڕادەیەکیش مانگرتن، دەبێت پلانێک بۆ ئەم بوارە هەبێت**

ڕابردوودا ستراتیژییەت نەبووە، دامەزراوەکان بەپێی پلانی ساڵانە کاریان کردووە.

خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی کەرتێکی هەستیارە لە کەرتەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسیش، لەسەر ئەم بنەمایانە دەبێت کاربکرێت بۆ ئەکتیڤکردنی ئەم دامەزراوانە، لە هەمان کاتدا کاری لەسەر بکرێت لە بواری یاسایی و کارگێڕی و ڕێنمایی و دارایی و زۆر بواری دیکە کە ئێستا کۆمەڵگە کاری پێیانە، لەم دواییانە پڕۆژەی دەستەی متمانەی جۆری لە ئەنجومەنی وەزیران خرایەڕوو، یاساشی بۆ دەرچوو، لە پەرلەمانی کوردستانیش تاوتوێ کرا، ئەمە پرۆسەیەکی گرنگە، بەڵام دەبێ زیاتر ئەکتیڤ بکرێت. هەندێ پێشنیاری دیکە، ئەوەی تێبینی دەکرێت، زانکۆ تایبەتەکان مەرجەعییەتێکی کارگێڕی و یاساییان نییە، بۆیە پێویستە مەرجەعییەتێکی کارگێڕی و یاساییان بۆ دابنرێت، چونکە ژمارەیان بەر چاوە لە هەرێمی کوردستان.

**زانکۆ تایبەتەکان مەرجەعییەتێکی کارگێڕی و یاساییان نییە، بۆیە پێویستە مەرجەعییەتێکی کارگێڕی و یاساییان بۆ دابنرێت**

نابێت پرۆسەی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دوور بێت لە بنەماکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ، لەسەر ئەم بنەمایە ئەزموونی نوێنەرایەتیی ماموستایان و نوێنەرایەتیی قوتابیان لە ئەنجومەنی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا زۆر گرنگە و دەبێت کاری لەسەر بکرێت، هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی پەروەدە و تەندروستی و پلاندانان، تەنانەت وەزارەتەکانی دیکەش، چونکە دەرچووانی زانکۆکان دەرهاویشتەن بۆ ئەم وەزارەتانە و مەیدانی کارن، جگە لە کەرتی تایبەت کە ئاماژەم پێ کرد، ئەوەی تێبینی دەکرێت لەسەر خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، نەبوونی بنکەی زانیارییە دەربارەی ئاماری ماموستایان و قوتابیان و چالاکییەکانیان و پێویستە ئەکتیڤ بکرێت.

**ئەوەی تێبینی دەکرێت لەسەر خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، نەبوونی بنکەی زانیارییە دەربارەی ئاماری ماموستایان و قوتابیان و چالاکییەکانیان و پێویستە ئەکتیڤ بکرێت**

شتێکی دیکە بریتییە لە سوودوەرگرتن لە تواناکان و ئەزموونی بیانییەکان، هەروەها ماموستایانی دەرەوە هان بدرێن بگەڕێنەوە بۆ دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان و کاربکەن، ئەمانە هەموویان بابەتی بیبلۆگرافیای خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستین، پێویستییان بە پێداچوونەوە و شیکردنەوە و تەنانەت هەڵسەنگاندن هەیە، هەروەها پێشنیاریش بۆ داهاتوو لە پێناو بوونی ستراتیژییەتێك بۆ خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان، ئەم کەرتە گرنگ و هەستیارە، بۆیە بوونی وەزارەتێك بە ناوی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی زۆر گرنگە، دەبێت دامەزراوەکانی ئەم وەزارەتە لە داڕشتنی بڕیار نزیك ببنەوە، چونکە ئەم وەزارەتە بنکەیەکی مرۆیی دابین دەکات بۆ دامەزراوەکانی حکوومی و پەرلەمان و دادوەری و ڕاگەیاندن و کۆمەڵگەی مەدەنی و زۆر لە دامەزراوەکانی دیکە.

ئاوڕدانەوە لە باری بژێوی ژیان مەسەلەیەکی گرنگە، بۆ ماموستایانی خوێندنی باڵا پرسەکە تەنیا مووچە نییە، دەبێت پاڵپشتیی چالاکیی ئەکادیمی بکرێن، وەك بەشداریکردن لە کۆنگرەکان و چالاکیی پەیوەست بە توێژینەوەی ئەکادیمی، تاوتوێکردنی نامەکانی دکتۆرا و ماستەر و سەرپەرشتیکردنی قوتابیانی خوێندنی باڵا، دەبێت کارکردن لە خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە تیم بێت، بۆ نموونە تیمەکانی وەزارەت و حکومەت و زانکۆکان، دەبێت تیمی تایبەت هەبێت لەم مەسەلەیەدا، چونکە بابەتەکە گەلێك فراوانە و پێویستی بە خوێندنەوەی دیکە هەیە، هەماهەنگیی نێوان زانکۆ حکوومی و تایبەتەکان مەسەلەیەکی گرنگە، دەبێت شەراکەتی ئەکادیمی هەبێت، پرۆسەیەکی سەرکەوتوو کاتی خۆی ئەنجام درا، ئەویش لە بواری خوێندنی باڵای دکتۆرا و ماستەر و دیپلۆمی باڵا کە کاری سەرکەوتووی لەسەر کرا بە نیسبەت زانکۆ تایبەتەکان، دەبێت بە وردی چاودێری ڕێژەی دەرچوون و دەرنەچوون و دڵنیایی جۆری سەبارەت بە ئەزموونی ماموستایان بکرێت، بەوەی کە تا چەند هەڵگرانی ماستەر و دکتۆرا ببنە ماموستای زانکۆکان، یان ببتە توێژەر، ئەوە تا ڕاددەیەك سەرکەوتوو دەبێت، بۆیە لەبەر ڕۆشنایی پێشکەوتنی بەرچاوی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە ڕووی چۆنایەتی، پێویست بەوە دەکات پێداچوونەوەیەکی گرنگی بۆ بکرێت، لەبەر ڕۆشنایی ستراتیژیەتێك بۆ دامەزراوەکان، کە ماوەکەیان کورتخایەن بۆ سێ ساڵ، مامناوەند بۆ پێنج ساڵ، درێژخایەنیش بۆ دە ساڵ بێت.

# ئافرەت لە نێوان دەق و کەلتووردا

زۆر جار کە باس لە ئافرەت و کێشە و ماف و خواستەکانی دەکرێ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، ناکرێ باس لە نەریتی کۆمەڵگە لە لایەك و مافی ئافرەت لە ئیسلامدا، لە لایەکی ترەوە نەکرێت. لەم دوو نێوەندەشدا تێڕوانینی جیاواز و تەنانەت زۆر جار هەڵەش لە مەڕ مەسەلەکەوە هاتوونەتە ئاراوە.
بە لای زۆرێکەوە کاتێ قسە دێتە سەر ئەو دیاردە ناشایستانەی دژ بە ئافرەت دەکرێن، ئیسلام لێی بەرپرسیارە و سەپاندوویەتی بە سەریدا، بە لای هەندێکیشەوە ئیسلام بەرییە لە هەموو ئەو زوڵمانەی، کە بە ناوی ئیسلامەوە لە ئافرەت دەکرێ و زۆرجار مافی پێشێل دەکرێ و دەچەوسێندرێتەوە، بە بیانووی ئەوەی گوایە ئیسلام وای ڕەچاوی کەسایەتیی ئافرەت کردووە، کە لە ڕاستیدا من پێم وایە تێڕوانینی دووەم ڕاستە و ناوەرۆکی پەیامی ئیسلام دوورە لەو مەسەلانەوە، بەڵکو دابونەریت و عەقڵییەتی خێڵەکی و بیرکردنەوەی کەسانی عەوام و کەم فام، لە زۆرینەی ئەو تاوانانە بەرپرسیارە، کە دەرهەق ئافرەت ئەنجام دەدرێن.

**دابونەریت و عەقڵییەتی خێڵەکی و بیرکردنەوەی کەسانی عەوام و کەم فام، لە زۆرینەی ئەو تاوانانە بەرپرسیارە، کە دەرهەق ئافرەت ئەنجام دەدرێن**

هەموومان دەزانین لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر جار ئافرەت دەکوژرێ، سووکایەتی پێ دەکرێ، توندوتیژی لەگەڵ بەکار دێ، مافی دەخورێ، بێ ڕێزی پێ دەکرێ، مافەکانی زەوت دەکرێ، دەنگی ڕادەربڕینی کپ دەکرێ، بە چاوی سووك سەیر دەکرێ و.. هتد. بەڵام هەموو ئەمانە زادەی نەریتی سەقەتی کۆمەڵگەن، نەك پەیامی پیرۆزی ئیسلام، چونکە ئێستاش کەسانێك هەن، کە لە لایانەوە باس لە ئافرەت دەکرێ، وا دەزانن ئافرەت کائینێکە (لە ڕووی مرۆڤبوونەوە) جیا لەو کائینەی پێی دەگوترێ پیاو، یان مرۆڤی پلە دووە، یان وای بۆ دەچن لە ڕووی مرۆڤبوونەوە خوای کارلەجێ جیاوازی خستووەتە نێوان پیاو و ئافرەتەوە.
ئەمە لە کاتێکدا، کە پەیامی ئیسلام زۆر ڕاشکاوانە ئەم مەسەلەی ڕوون کردووەتەوەو بە پێی دەقە پیرۆزەکانەوە لە ڕووی مرۆڤبوونو تەکالیفی شەرعی و خیتابی دەقەکان و پاکانەی سەربەخۆی ماڵ و ماف و ئەرك و کاروباری کۆمەڵایەتی جیاوازی لە نێوان ئافرەت و پیاو نییە، بەڵکو جیاوازی لە پێکهاتەی سرووشتی دروستبوون و هەندێ بواری ئەرك و کارەوەیە، کە ئەگەر بە وردی لێی بکۆڵینەوە، ئەم جیاوازییە لە بەرژەوەندیی هەردوو ڕەگەزدایە، ئەگەرنا شتێك نییە لە ئیسلامدا بە ناوی ئیمتیاز و خەڵاتکردنی پیاو و کپکردنی ئافرەت و وەلانانی، ئەوەی هەشە ئەرك و بەرپرسیاریەتی و بارگراناییە، نەك بەهرەیەکی فزولی.
چونکە خوای باڵادەست بۆ هەر یەکێ لە پیاو و ئافرەت ئەرك و کارێکی داناوە، کە لەگەڵ پێکهاتەی سرووشتی عەقڵ و ڕۆح و دەروون و جەستەوە بگونجێ.
کەواتە ئەمە بە سووك تەماشاکردنی ئافرەت نییە، بە پێچەوانەوە ئافرەت مەکانەتی تایبەتی خۆی هەیە لە ئیسلامداو بگرە لە چەندین ئایەت و فەرموودەدا، ئەو ڕاستییە دەردەکەوێ، کە ئافرەت لەگەڵ پیاو تەواوکەری یەکترن و ڕێزی هیچیان بەسەر ئەوەی دی تەفزیل نەکراوە، وەك لەم دەقە پیرۆزانەی خوارەوە زۆر هەقیقەتی جەوهەری لەمەڕ ئەسڵی بابەتەکەوە بە دیار دەکەون و ڕامانی زۆر هەڵدەگرن. وەك خوای گەورە دەفەرموێ: وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ) (٢١) سورة الروم.
(وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ ۚ فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَىٰ أَن تَكْرَهُوا شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا) (١٩) سورة النساء.
(هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ) (١٨٧) سورة البقرة.
(وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ) (٢٢٨) سورة البقرة.
(مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً ۖ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ) (٩٧) سورة النحل.
(أَنِّي لَا أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِّنكُم مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ ۖ بَعْضُكُم مِّن بَعْضٍ) (١٩٥) سورة آل عمران.
(وَلَا تَتَمَنَّوْا مَا فَضَّلَ اللَّهُ بِهِ بَعْضَكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ لِّلرِّجَالِ



**مەلا عەبدوڵلا شێرکاوەیی**

**بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان**

نَصيبٌ مِّمَّا اكْتَسَبُواْ وَلِلنِّسَاء نَصِيبٌ مِّمَّا اكْتَسَبْنَ وَاسْأَلُواْ اللَّهَ مِن فَضْلِهِ إِنَّ اللّهَ كَانَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا) (٣٢) سورة النساء.

(وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْض يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلاَةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللّهَ وَرَسُولَهُ أُوْلَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللّهُ إِنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ) (٧١) سورة التوبة.

(يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ) (١٣) سورة الحجرات.

یان فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ)، کە دەفەرمووێ: (خيركم خيركم لأهله وأنا خيركم لأهلي). ( إتقوا الله في النساء، فإنكم إنما أخذتموهن بأمان الله واستحللتم فروجهن بكلمة الله إن لكم عليهن حقا و لهنّ عليكم حقا).

لەوەدا بۆمان ڕوون بووەوە، کە ئیسلام گرنگیەکی زۆر جددی داوە بە ئافرەتو هیچ کات شتێکی قبووڵ نییە، کە ببێتە مایەی زوڵمکردن لە ئافرەت و سووکایەتی پێکردنی، بە پێی تێفکرینی ئەم دەقانەی سەرەوە. ئەگەر پەیامی ئافرەتی کورد پێداگری بکات لەسەر بە واقعیکردنی ناوەرۆکی دەقەکان، پێم وایە هەڵچوونە بێ بنەماکان سارد دەکاتەوە و دەتوانێ بەر پێی ئەوانەش بگرێ، کە بە ناوی ئایینەوە قبووڵی دیاردەی توندوتیژی و کپکردن و چەوساندنەوەی ئافرەتان دەکەن. حاڵیشی زۆر باشتر دەبێ لەو حاڵەی کە ئێستا تێیدایە و بە دەست زۆرێك تێڕوانینی هەڵەو نەریتەوە گیری خواردووە و مافەکانی بە بیانووی جیا جیای دوور لە کرۆکی ئیسلام پێشێل دەکرێ. ئەوانەش کە پەیامی ئیسلام بەوە تۆمەتبار دەکەن، کە لایەنگریی (نێرینە)ی کردووە لەسەر حیسابی (مێیینە)، یان نایەکسانی خستووەتە نێوان پیاو و ئافرەت، یان بە سووك سەیری دەکات، یان مافەکانی لێ سەندووەتەوە، یان.. یان.. هتد. پێم وایە هەڵەیەکی گەورە دەکەن، چونکە وا تێگەیشتوون، کە (پیاو)بوون فەزڵ و گەورەییە، بەڵام (مێ)بوون پلە نزمیو کەمایەتییە. کە مەنتقی هیچ یاسایەك قبووڵی ئەمە ناکات. لەگەڵ ئەمەشدا پێوەری ڕاستەقینەی ئاستی پەیوەندیی خۆشەویستیی نێوان خوا و بەندەکانیو پلەی ڕێزداری و بەڕێزی مرۆڤەکان چ پیاو بێ، چ ئافرەت تەنیا (تەقوایە) نەك نێر بوون و مێ بوون. (إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ)، ئەگەر لە مەسەلەکانی وەك (قوامة، تعدد الزوجات، ميراث، مهر، طلاق، نشوز، ديه، حجاب، شهادة) ڕەخنە لە ئیسلام دەگیرێ، بەوەی کە ناعەدالەتی لە نێوان هەردوو ڕەگەز دروست کردووە، دیسان هەڵەیەکی دیکەیە، چونکە ئایینی پیرۆزی ئیسلام یاسای تایبەتی بۆ هەر یەك لەو مەسەلانە هەیە و لە هەمووشیاندا بەرژەوەندیی ئافرەتی ڕەچاو کردووە و لە پێناو بە هەمیشە مانەوەی سەنگ و بەهای ئافرەت ئەم یاساو سنوورانەی داناوە. نەك ئەمە نایەکسانی دەربخات!!

کەواتە ئافرەت پیرۆزیی خۆی هەیە لە ئیسلامداو ئیسلام بەرییە لە هەر سووکایەتی و بێ ڕێزی و هەموو ئەو دیاردە ناشایستانەی بە ناوی جیا جیا بەرامبەر ئافرەت دەکرێ، گێڕانەوەی ئەو زوڵمانە بۆ ئیسلام، واتە تێکەڵکردنی کێشەکان و نەویستنی دەرکەوتنی بنەچەی کێشەکان و دۆزینەی چارەسەر بۆیان، ئافرەتی کوردیش کە خاوەن مێژوویێکی شەرەفمەندە و ڕۆڵی قارمانانەو دڵسۆزانە و گیانی نیشتمانپەروەری هەیە، جێی خۆیەتی لەم قۆناغەدا هەموو ئەوانەی لەمەڕ ئافرەت قسە دەکەن بە گشتیو ئافرەتی کورد بە تایبەتی، هۆشیار بن لەوەی ئەگەر ڕووبەڕووی کێشەیەك بووەوە، ئەرکیانە هەوڵی زانینی سەرچاوەی کێشەکە بدەن، کە لە کوێوە هاتووە، نەك یەکسەر ڕێگەی هەڕەشە و تانە لە ئیسلامدان بگرنەبەر. یان ئەگەر موعاناتی زۆری هەیە و بەدەست زۆرێك دیاردە گیری خواردووە (نموونەگەلی زۆر هەن)، ئەوا دەبێ تا ئێستا دەرکی ئەوەی کردبێ، کە زادەی عورف و نەریتی کۆمەڵگەن، نەك ئایینی پیرۆزی ئیسلام.

**جێی خۆیەتی لەم قۆناغەدا هەموو ئەوانەی لەمەڕ ئافرەت قسە دەکەن بە گشتیو ئافرەتی کورد بە تایبەتی، هۆشیار بن لەوەی ئەگەر ڕووبەڕووی کێشەیەک بووەوە، ئەرکیانە هەوڵی زانینی سەرچاوەی کێشەکە بدەن، کە لە کوێوە هاتووە، نەک یەکسەر ڕێگەی هەڕەشە و تانە لە ئیسلامدان بگرنەبەر**

## سروە سیوەیلی:

# هەمیشە پشتگیریی ئافرەتان دەکەم بۆ ئەوەی خۆیان خاوەنی کار و پیشەی خۆیان بن

ئافرەتی کورد لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا گەلێ کاری سەخت و دژواریان بە جورئەتەوە ئەنجام داوە و ئەسپی خۆیان لەو مەیدانە تاو داوە و گرەویان لە ترس و شەرم و عەیبە بردووەتەوە و لەگەڵ هەر هەنگاوێکیان سەروەرییەک بۆ خۆیان و تەواوی خانمان تۆمار دەکەن. سروە محەمەد ناسراو بە سروە سیوەیلی خانمە شێفێکی دانیشتووی شاری سلێمانییە و وەک خۆی باسی دەکات سەرەتای حەفتاکان لە دایک بووە، ئەو خاوەنی ڕێستۆرانتێکە و بە هاوکاریی منداڵەکانی بەڕێوەی دەبات، لە دیدارێکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان بەمجۆرە باس لە وێستگەکانی ژیانی دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



سروە محەمەد ناسراو بە سروە سیوەیلی، کە چاوی بە دنیا هەڵهێناوە، خۆی لە ئامێزی دایك و دایەگەورەیدا بینیوە. ژیانی پڕ بووە لە هەوراز و نشێو و هەر بە ساوایی باوکی لە دەست داوە و دواتر لە تەمەنی دە ساڵان دایکیشی کۆچی دوایی کردووە. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «تەمەنم دە ڕۆژ بووە، باوکم شەهید بووە، خوێندکاری چواری سەرەتایی بووم، دایکیشم وەفاتی کرد، ساڵێك دوای دایکم نەنکیشم ئەمری خوای کرد، ئینجا لای پوورێکم ماومەتەوە و دوای ئەوەی لە پۆلی دووی ناوەندی دەرچووم بۆ سێ نەمتوانی درێژە بە خوێندن بدەم و هاوسەرگیریم کرد، لە ئێستادا دایکی سێ کچ و دوو کوڕم و لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتە خێزانییەکان من دایکایەتیم هەڵبژارد و ئێستا خۆم بە تەنیا دایکایەتی و باوکایەتیش بۆ منداڵەکانم دەکەم، قەدەری بەشێکی هاوسەران جیابوونەوەیە، منیش یەکێکم لەوانە و خۆم بڕیاری جیابوونەوەم دا، دووبارە دەستم کردەوە بە خوێندن و ئێستا مامۆستای وانەی وەرزشم، بەدەر لە پیشەی مامۆستاییم کاری ئازادیشم زۆر کردووە، هەر لە منداڵییەوە حەزم لە کاری بزنێس بووە، بە منداڵی دروومانی جلوبەرگی بووکەڵەم کردووە و بە منداڵانی دراوسێم فرۆشتووەتەوە، کە منداڵ بووم منداڵانم بە پارە فێری پایسکل سواری دەکرد، ڕاستە بێ دایك و باوك بووم، بەڵام هەستم بە بێ دایك و بێ باوکی نەکردووە، پەروەردەی دەستی نەنکم بووم، کە خانمێکی حەکیمە بووە، نەنکیشم کە ئەمری خوای کرد، زۆر منداڵ بووم، بەڵام ئەو ناخۆشییانە وایان کرد لە ژیانی خۆمدا بەهێزتر بم، بێ ئەوەی لە شکست بترسم و هەمیشە لە بەرامبەر ناخۆشییەکان جەنگاوم و نەمهێشتووە شکست بخۆم، دواجار بڕیاری ئەوەم دا کافیتریا و ڕێستۆرانتێکم کردەوە کە خۆم و ئەندامانی خێزانەکەم بەڕێوەی دەبەین».

مامۆستا و شێف سروە محەمەد، جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەر خەون و خولیایەك بۆی هەوڵ بدەیت و کۆڵ نەدەیت بە دڵنیاییەوە دێتە دی، هەر لەو بوارەدا سەبارەت بە خۆی گوتی: «ئەمڕۆ خەونم بۆ داهاتوو ئەوەیە کە پەرە بە ئیشەکەم بدەم و بەردەوام بم، هەوڵ دەدەم ڕەشماڵەکەم بکەمە براندێك بۆ کارەکانم، مەرجیش نییە مرۆڤ هەر کارێك دەست پێ بکات، سەد لە سەد قازانج بکات، گرنگ کۆڵنەدانە».

هۆکاری ئەو بوێرییەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە «ژیان پێویستی بە هەوڵدان و کۆڵنەدانە»، سەبارەت بە خوێندنەکەشی گوتی: «لەبەر ئەوەی حەزم لە خوێندن بوو، هەوڵم دا و دەستم کردەوە بە خوێندن، بێ ئەوەی تەمەن ڕێگر بێت لە بەردەم خوێندنەکەم، لەگەڵ کچەکەم قوتابی بووین، ئەو ساڵێك پێش من زانکۆی تەواو کرد و منیش ساڵی دواتر». گوتیشی: «ئێستا خاوەنی کافتریا و ڕستۆرانتی (ڕەشماڵ)م لە سلێمانی گەڕەکی عەقاری سێیەم فەرعی ستی ستار و شوێن کارەکەم کلاسیك و مۆدێرنە و لە کاتژمێر(٧)ی بەیانی تا(١٢)ی شەو کراوەیە».

وەك دواوتەشی گوتی: «هەر لە منداڵیمەوە خولیام کارکردن بووە. من دایك و باوکم زوو کۆچی دواییان کردووە، واتە لەو کاتەوە کە خۆم ناسیوە، خۆم هەموو کەسێکی خۆم بووم، هەمیشە گەشبین بووم و هاوکات لەگەڵ سەختییەکانی ژیان جەنگاوم ترسم لەشکست نەبووە. (١٨) ساڵ خەیات بووم، ئێستا مامۆستام لە هەمان کاتدا لە شوێن کارەکەم شێف عامم، دڵخۆشم بە کارەکەم و هەموو جۆرە خواردنێکی کوردەواریمان هەیە، هەروەها نان و چای بەیانیان و هەموو جۆرە خواردنە غەربییەکانمان بەردەستە. ڕەشماڵ ماڵێکە بۆ ئاسوودەیی هەمووان. ئەو بەڕێزانەی کە سەردانمان دەکەن بە شێوەیەکی گشتی زۆر حەز بە خواردنە کوردەوارییەکان دەکەن. هەروەها خەنەبەندان و دەعوەتی تایبەت و خواردنی ئامادەکراومان بۆ هەموو بۆنە و موناسەبەکان هەیە. لەهەمان کاتدا کارمەندەکانمان هەموو ئافرەتن و هەمیشە پشتگیریی ئافرەتان دەکەم کە خۆیان خاوەنی کار و پیشەی خۆیان بن».

**تەمەنم دە ڕۆژ بووە، باوکم شەهید بووە، خوێندکاری چواری سەرەتایی بووم، دایکیشم وەفاتی کرد، ساڵێک دوای دایکم نەنکیشم ئەمری خوای کرد، ئینجا لای پوورێکم ماومەتەوە**

**لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتە خێزانییەکان من دایکایەتیم هەڵبژارد و ئێستا خۆم بە تەنیا دایکایەتی و باوکایەتیش بۆ منداڵەکانم دەکەم**

**ئێستا مامۆستای وانەی وەرزشم، بەدەر لە پیشەی مامۆستاییم کاری ئازادیشم زۆر کردووە**



# لەساڵیادی جینۆسایدی ئێزدییەکانی شنگالدا داوای سزادان و دادگاییکردنی تیرۆریستانی گیراوی داعش دەکرێت

سەرەتا خانمی یەکەمی ئێزدییان مەیان خەیری بەگ، دواکارییەکانی ئێزدییەکانی بەمجۆرە خستەڕوو و گوتی: «ئێمە داوا دەکەین بە زووترین کات ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا دەربارەی شنگال بکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە، بۆ ئەوەی خەڵکی ئاوارەکراو بگەڕێتەوە بۆ سەر ماڵ و زێدی خۆی، هەروەها بە هەزارن داعشی دەستگیرکراو لە عێراق و هەرێم هەن، داواکارین دادگایی بکرێن و توندترین سزا بدرین لە دژی ئەو هەموو هزرە تاریك و تۆندڕەوییەیان کە دەبنە هۆی کوشتن و ڕفاندن و بە سەبایاکردنی ئافرەتان،».

خانمی یەکەمی ئێزیدییان سەبارەت بە دۆخی ئێزدییەکان لە کۆمەڵێك داتا و داواکاری خستەڕوو. وەك باسی کرد ئێستا زیاتر لە ٧٠٪ی ئێزدییەکان لە کەمپەکاندان، جگە لە ئەوانەی بە دەریا و زەریاکاندا دەڕۆن بۆ ئەوەی لەم دۆخە خراپە ڕزگار بن، ئەو ئافرەتانەی کە لە دۆزەخی داعش ڕزگارکراون، ئێستا لە دۆزەخی کەمپەکاندان، ئەوان بە منداڵەکانیانەوە لە هەزار ڕزگارکراو زیاترن».

**ئێستا زیاتر لە ٧٠٪ی ئێزدییەکان لە کەمپەکاندان، جگە لە ئەوانەی بە دەریا و زەریاکاندا دەڕۆن بۆ ئەوەی لەم دۆخە خراپە ڕزگار بن**

مەیان خەیری بەگ لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا بۆ گوڵان ئاماژەی بەوە کرد: «بە پێی ئاماری نووسینگەی ڕفێندراوانی ئێزدی کە متمانەپێکراوە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ئێزدییەکان لە عێراق ٥٥٠ هەزار کەسن، ٣٦٠ هەزار کەسیان ئاوارە بوون و ١٥٠ هەزار کەس گەڕاونەتەوە شنگال و ١٢٩٣ کەس شەهید بوون. یەتیمەکان ٢٧٤٥ کەسن و جگە لە گۆڕی بە تاك، گۆڕەبەکۆمەڵەکان ٨٢ گۆڕن، ٦٨ مەزارگەش لە ناوبراون لە لایەن داعشەوە و نزیکەی١٠٠ هەزار کەس کۆچی دەرەوەی وڵاتیان کردووە. هەر لە درێژەی خستنەڕووی ئامارەکاندا گوتی: «٦٤١٧ ئێزدی ڕفێندرابوون، لەوانە ٣٥٤٨ لە ڕەگەزی مێ و ٢٨٦٩ لە ڕەگەزی نێر، ٣٥٥٢ کەسیان ڕزگار کراون کە ١٢٠٧ ئافرەت و٣٣٩ پیاون، هەروەها ١٠٥٠منداڵی مێ و٩٥٦ منداڵی نێر ڕزگار کراون. ئەوانەی لە لایەن داعشەوە کوژراون و لاشەکانیان دۆزراونەتەوە، ١٤٦ کەس بوون، ئەوانەی تا ئیستا ڕفێندراون و بێسەروشوێنن ٢٧١٩ کەسن کە ١٢٧٤ کەسیان لە ڕەگەزی مێ و ١٤٤٥یان لە ڕەگەزی نێرن».

سوعاد لالۆ چالاکی مەدەنی و خانمێکی ئێزیدییە سەبارەت بە تاوانی داعش لە شنگال دەڵێت: «ڕۆژێکی ڕەش بوو، کاتێك خێزان و کەسوکارمان کەوتنە ژێر دەستەکانی ئەو دڕندە ترسناکانە، منداڵ، ئافرەت، بەساڵاچوو، نەخۆش و پەککەوتە لە ناوەڕاستی وەرزی هاویندا لە ژێر پلەی گەرمای ٤٧ لە ژێر سایەی چیای سەرکەشی شنگال. چی بە بیری خۆمان بهێنینەوە؟ یادی چی بکەینەوە؟ یادی ئەو منداڵانە بکەین کە لە تینوویەتیدا خنکان، یان ئەو ئافرەتانەی کە تا ئێستاش لە ژێر ڕەحمەتی ئەو ڕێکخراوە دڕندە و وەحشییە ماونەتەوە، یان ئەو لاوانەی کە ژیان و خوێنی خۆیان بەخشی؟ نەهامەتییەکەمان گەورەیە و ئازارەکانی کەسوکارمان هێشتا بەردەوامن، نەبوونی دڵنیایی و ئاسایش لە خاکی باب و باپیرانمان، خەڵکی نێو خێوەتگەکان کە لەبەر ئەو نائارامییە ناتوانن بگەڕێنەوە زێدی خۆیان، هەموویان کێشەی گەورەن.» گوتیشی: «لە هەموو ناوچەکانی عێراق کۆچ دەستی پێ کرد، هەموو ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، زۆرینە



**جینۆساید و تاوانی دژی مرۆڤایەتیی تیرۆریستانی داعشیش لە شنگال، بە هەوڵ و هیممەتی چالاکانی مافی مرۆڤ و دامودەزگای حکومی و ناحکومی لە زۆربەی وڵاتاندا ئیدانە کرا. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان لە ساڵیادی جنیۆسایدی ئێزدییەکانی شنگالدا داوای سزادان و دادگاییکردنی تیرۆریستانی گیراوی داعش و ڕزگارکردنی ڕفێندراوەکان و کاری زیاتر بۆ بەجینۆسایدناساندنی ئەو تاوانە گەورەیە دەکەن.**
**لە سێی ئابی ساڵی ٢٠١٤ تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردە سەر شنگال و بەو هۆیەوە زیاتر لە ٣٦٠ هەزار ئێزدی ئاوارە بوون، هاوکات ٦٧ مەزاری ئێزدییان تەقێندرانەوە، زیاتر لە سێ هەزار کچ و ژن و منداڵ ڕفێندران، لە ئەنجامی برسیەتی و تینوویەتی زیاتر لە ٦٠٠ کەس لە پیر و ئافرەت و منداڵ گیانیان لەدەست دا. لە ١٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٥ هێزەکانی پێشمەرگە، بە سەرپەرشتیی ڕاستەخۆی سەرۆك مسعود بارزانی و پاڵپشتیی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانێتی ئۆپەراسیۆنێکیان بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی شنگال دەستپێکرد و لە شەو و ڕۆژێکدا، شنگال کۆنترۆڵ کرایەوە.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

گەڕانەوە زێدی خۆیان، تەنیا کەسوکارەکەی ئێمە نەبێت، کە تا ئێستاش بە سەرمای زستان و گەرمای هاوین ئەوان لە ناو چادرگەکانن. تا ئێستاش گوێمان لە چیرۆکی ئافرەتانمان دەبێت، چۆن تاڵاوی چەشت و چی چەشت، چۆن لە ترسی ئەو دڕندانە لە حاڵەتی تۆقیندا بووە، چۆن لە خەمی منداڵەکانیدا بووە کە بە زۆر لێی جیا بکەنەوە. ئافرەتانی ئێزدی ترس و تۆقین و کارەساتیان بە چاوی خۆیان دیت، حەسرەتی لەدەستدانی منداڵ و باوك و برا و هاوژینەکانیان، ترسی شکۆی خۆیان کە ئەو دڕندانە دەیانشکاند و پێشێلیان دەکرد. نەفرەتی خودا لە داعش، سوپاس بۆ ئەوانەی هاوکارییان کردین، لەگەڵمان جەنگان و شەڕیان بۆمان کرد.

داوا لە هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێم دەکەم، هاوکاریی ئافرەتانی ڕزگاربوو لە دەستی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە بکەن و ژینگەی ئارامیان بۆ دابین بکەن بۆ ئەوەی بە ئارامی و دڵنیایی درێژە بە ژیانیان بدەن.

ڕەحمەت و لێخۆشبوون بۆ شەهیدەکانمان، کە زۆر بێتاوان بوون و ئەو دڕندانە وەحشییانە کۆتاییان بە ژیانیان هێنا، لەبەر هیچ نا، تەنیا لەبەرئەوەی ئێزدی بوون و ئازاری کەسیان نەدەدا».

ڕێبوار شوانی نووسەر و ڕۆژنامەنووسە سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «وەك گەلی کورد ماوەی دەیان ساڵە تووشی کارەساتی یەك لەدوای یەك دەبین و زیانی زۆری گیانی و ماددیشمان پێگەیشتووە، بەڵام زۆر کەم توانیومانە ئەو کارەساتانە بە زیندوویی ڕابگرین و هەموو دونیای پێ ئاشنا بکەین.

خۆشبەختانە لەگەڵ کرانەوەی جیهان بە ڕووی یەکدیدا لە ڕووی شۆڕشی گەیاندن و ڕاگەیاندنەوە، لەم چەند ساڵانەی دواییدا توانیومانە تا ڕاددەیەك کۆمەڵە کەیسێکی گەلەکەمان بە زیندوویی ڕابگرین و کاریان لەسەر بکەین و بە جیهانی بناسێنین. کارەساتی گەورەی شنگال لەسەر دەستی داعشی تیرۆریست و کوشتن و ڕفاندن و کڕین و فرۆشتن و بازرگانیکردن بە ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی شنگال، نموونەی کارێکی وەحشیگەرانە و جینۆسایدانەی سەدەی بیست و یەکەم بوو کە هەموو جیهانی تووشی شۆك کرد، بۆیە، زۆر گرنگە کە دامەزراوەی یادەوەری بۆ کۆکردنەوەی ئەو شتانەی کە لە دوای قوربانییان و لە ئەنجامی قڕکردنی ئێزدییاندا ماونەتەوە دابمەزرێنن. هەروەها هەوڵدان بۆ بەجینۆساید ناساندنی ئەو کارەساتە لە نێو دامەزراوە نێودەوڵەتییە کاریگەرەکاندا. چونکە هەموو نەهامەتییەکانی سەدان ساڵی ڕابردوو لە ئەنجامی پێکەوەلکاندنی کوردستان بووە بە دەوڵەتانی ناوچەکەوە.

پێوستە ڕۆژی ٣ی٨ی هەموو ساڵێك بە تاوانی جینۆسایدی شنگاڵ بناسێنرێت. هەروەها قوربانییەکان بەپێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی شەهیدان، مامەڵەی شەهیدانیان بۆ بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە مۆنۆمێنتێکی شایستە بۆ قوربانیان دروست بکرێت لە چیای شنگال و ساڵانە یادیان بکرێتەوە. لەلایەکی ترەوە بوونی دادگای تایبەتمەند دروست بکرێت بۆ داداگاییکردنی تاوانباران و تۆمەتبارانی ئەو تاوانانەی کە داعش ئەنجامی داون. لە کۆمەڵکوژی و بردن و جیاکردنەوەی ژن و منداڵ و فەوتاندنی هەزاران خەڵکی سڤیلی ئێزدی و پێکهاتەکانی دی».

**جگە لە گۆڕی بە تاک، گۆڕەبەکۆمەڵەکان ٨٢ گۆڕن، ٦٨ مەزارگەش لە ناوبراون لە لایەن داعشەوە**



ناجی سەلیمی بۆ گوڵان:

# دوو کۆنسێرت لە هەولێر و سلێمانی ساز دەکەم



ناجی سەلیمی یەکێکە لەو هونەرمەندانەی لە چەندین بواری جیاجیای هونەریدا کار دەکات، سەرەتا لە سینەما و دواتریش رووی کردە گۆرانیگوتن، ئێستاش لە بواری نووسیندا سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکە کە خۆی لە رۆمانێکدا دەبینێتەوە.

ناجی سەلیمی لە ئێستادا سەرقاڵی چەند کارێکی هونەرییە، لەم رووەوە بەم شێوەیە بۆ گوڵان دوا: «لە بواری سینەمادا وەك دەرهێنەر سەرقاڵی کارکردنم لە فیلمێکی سینەمایی درێژ بە ناوی (ژنی بارانی) کە لە سیناریۆی خۆمە و، بە زمانی کوردییە، ماوەکەشی (٩٠) خولەکە، بەرهەمهێنەری فیلمەکە رەزا ئاشتیانییە، کە خۆی یەکێکە لە ئەکتەرە بەناوبانگەکانی سینەما و تەلەفزیۆنی ئێران، گرووپی فیلمەکە لە هەموو بوارێکدا لە تارانەوە دێن، سێ لە ئەکتەرە سەرەکییەکان لەسەر ئاستی ئێران ناسراون، هەروەها دوو ئەکتەری هەرێمی کوردستانیش بەشدارن، لە هەمان کاتدا گۆرانیبێژن، دەتوانم بڵێم فیلمێکی هاوبەشی هەرێمی کوردستان و رۆژهەڵاتی کوردستانە، بەڵام تەواوی وێنەگرتنی فیلمەکە لە رۆژهەڵات دەبێت، دوای دوو مانگی دیکە لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەست دەکەین بە وێنەگرتنی فیلمەکە».


هەروەها تیشکی خستە سەر چالاکییەکانی لە بواری نووسیندا و گوتی: «ئێستا خەریکی رۆمانێکی خۆشەویستیم کە جیاوازە لە گشت کارەکانی پێشترم، زۆر جار حەزم کردووە کتێبێك بنووسم، لەبەر چەند هۆکارێك ناتوانم کتێبەکە لە ئێران چاپ بکەم، بۆیە ناچارم لە شوێنێکی دیکە لە دەرەوەی ئێران چاپی بکەم، چونکە سانسۆری دەخرێتە سەر و رێگە بە چاپکردنی نادرێت».

ناجی لەبارەی گۆرانیگوتن رایگەیاند: «لە ئێستادا دوو ئەلبوومی گۆرانیم لە بەردەستە، کە هەریەکیان پێکهاتووە لە نۆ تراك، دوو گۆرانی بە زمانی فارسییە، هی خانمە هونەرمەندی کۆچکردوو (هایدە)ن، کە موزیکیان بۆ دانراوەتەوە، پێنج گۆرانیی فۆلکلۆریی کوردییە کە پێشتر وتراوە، یەکیان هی هونەرمەند حەسەن زیرەکە و چواریان گۆرانیی هەڵپەڕکێن، بە شێوازێکی نوێ و جیاواز وتومەتەوە، گۆرانییەکانی دیکەش یەکەمجارە بڵاویان دەکەمەوە، ژەنیارە بەشداربووەکانی بەرهەمەکە لە ناوچە جیاجیاکانی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستانن و هەروەها لە هەولێر و سلێمانین، دابەشکردن و میکس و ماسترینگ هەموو (فەرهادی کوردی) ئەنجامی دەدات، کە یەکێکە لە سەرکەوتووترین ئەو کەسانەی ئەم کارانە ئەنجام دەدەن لە سەرتاسەری رۆژهەڵاتی کوردستان، تا ئێستا (١١) گۆرانی تۆمار کراوە و (٧) گۆرانییش لە قۆناغی دابەشکردندان و لە چەند رۆژی داهاتوودا تەواو دەبێت و ئەلبوومەکە ئامادە دەبێت، لە هەموو شتێك گرنگتر ئەوەیە کە هەر (١٨) گۆرانییەکە بە کلیپ بڵاویان دەکەمەوە و، لە ئێستادا کارمان لەسەر (٥) کلیپ کردووە و زۆرتریان لە رۆژهەڵاتی کوردستان تۆمار کراون، پێویستە ئەوەش بڵێم کە بۆ تەواوی گۆرانی و کلیپەکان بەڕێز (ئەحمەدی عوشاق) سپۆنسەرمە، لەلایەکی دیکەوە بەنیازم چەند کۆنسێرتێکی گەورە لە هەولێر و سلێمانی بە بەشداری لەگەڵ هونەرمەندێکی ناوداری کورد ئەنجام بدەم، بەڕێز (ئەحمەدی عوشاق) سپۆنسەری ئەم پرۆسەیەش لە ئەستۆ دەگرێت، کە لێرەدا بە پێویستی دەزانم لە دڵەوە سوپاسی بکەم».

سەبارەت بە سەرکەوتنی لە بواری سینەما و گۆرانیدا ناجی سەلیمی گوتی: «من شارەزاییم لە سینەماشدا هەیە و چەندین جار سەردانی هەرێمی کوردستانم کردووە، بەڵام بەر لەوەی ببم بە گۆرانیبێژ، کاری دەرهێنانم بۆ بەرهەمە سینەماییەکان دەکرد، وەك دەرهێنەرێکی سینەمایی تا ئێستا ئامادەی چەندین فیستیڤاڵ بووم لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك، چونکە دەمەوێت سوود لە چیرۆك و کارە هونەرییەکانی ئەوانیشدا ببینم و، بەراوردێك لە نێوان سینەمای رۆژهەڵات و باشووردا بکەم، زۆر لە هاوڕێیانم هانیان دام بۆ ئەوەی لە بواری گۆرانیگوتنیشدا خۆم تاقی بکەمەوە، هەروەها دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە خۆشەویستیی من بۆ گۆرانی وای کرد کە روو لە سینەما بکەم، لە بواری سینەمادا زۆرم کار کرد، بەم دواییەش دەرفەتی ئەوەم بۆ هاتووەتە پێش کە گۆرانی بڵێم، ئەوەش خەونێکی منداڵیمە و زۆریش خۆشحاڵم کە سینەماکار و گۆرانیبێژ بم لە یەك کاتدا و، لەو بڕوایەدا نیم کە هیچ یەکێك لەم دوو بوارە کاریگەرییان بەسەر ئەویتردا هەبێت، هیوادارم لە گۆرانیگوتنیشدا بتوانم خزمەتێك بە هونەری کوردی بکەم، بە شێوەیەکی گشتی لە هەردوو بوواردا هەست بە ئاسوودەییەکی زۆر دەکەم، دەکرێ وا پێناسەی بکەم کە چۆن دایك لە نێوان دوو منداڵدا ناتوانێت جیاوازی لە خۆشەویستییاندا بکات، منیش بۆ ئەو بوارانە هیچ جیاوازییەك ناکەم، چونکە تەنیاشت کە منی هێشتووەتەوە لە ژیاندا گۆرانی و موزیك و فیلمە.»

سەبارەت بە ژەنینی ئامێرە موزیکییەکان ناجی سەلیمی دەڵێت: « من زۆر بە ئامێری ڤیۆلۆن دڵخۆشم و شارەزاییەکی زۆریشم لەو ئالەتە موزیکییەدا هەیە، چونکە پێموایە زور باشە شارەزا بیت و زۆر باشتر نۆتەکان دەناسێت، بەڵام ئەگەر شارەزاییشم نەبێت، مانای ئەوە نییە کە ناتوانم گۆرانی بڵێم».





# هونەری حەوتەم

**(١-٢)**

**سینەما، تازەترین هونەری مرۆڤایەتییە. دەسپێکی ئەم هونەرە بۆ ١٢٥ ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە. لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، سینەما بوو بە هونەرێك بە ملیۆنان مرۆڤ لە هەموو وڵاتێکی سەرانسەری جیهاندا هۆگری بوون. هەموو شارێك هۆڵی سینەمای تێدا کرایەوە. ڕۆژانە فیلمی هەمەجۆر لە هۆڵەکان نمایش دەکران. هونەرێکی باڵا و کاریگەر، نەخشی کارای لە گەڵاڵە کردنی ڕای گشتیدا هەبوو.**

تاریق کارێزی

ساڵی ١٨٩٥ (لویس و ئۆگێست لومییێر)ی جووتە برا، بەردی بناغەی هونەری سینەمایان دانا، ئەوان لەو ساڵەدا یەکەمین کامیرا و یەکەمین ئامێری نمایشی سینەماییان لە فەرەنسا دروست کرد. لومیێران ١٠ فیلمی سادە کۆمیدییان لە پاریس نمایش کرد، ماوەی هەر فیلمێك ٥٠ چرکە بوو، ناوەرۆکی فیلمەکانیش خەڵکی سادەن بوون، لە کارگەوە بەرەو ماڵ دەگەڕانەوە.

خەڵك بۆ چیرۆك و ناوەرۆکی فیلم نەدەچوونە سینەما، بەڵکو تەنیا بۆ کات بەسەر بردن و دیتنی وێنە و ڤیدیۆی بێ ئامانج و بێ مەبەست. ئەم داهێندراوە هێندەی نەبرد، بە تایبەتی لە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا، برەوی پەیدا کرد. لە ساڵی ١٩٠٦دا نیکلۆدیۆن (Nickelodeon) واتە (نیکلە شانۆ، نمایشی میللی، هۆڵی نمایشی میللی) پەیدا بوو. ئەمانە هۆڵی بچووکی سینەما بوون لە شێوەی هۆڵی شانۆدا. لەگەڵ ڕۆژگاردا ئەو هۆڵانەی نمایش هەرمێنی زۆریان پەیدا کرد، پاش چەند ساڵێك بە ملیۆنان خەڵك ڕۆژانە ڕوویان لەو هۆڵانە دەکرد. ئەمەش پاڵی بە کارگوزارانی ئەم هونەرەوە نا، زیاتر گەشەی پێ بدەن.

ساڵی ١٩١٥ شۆڕشی فیلمسازی بە ترۆپك دەگات، فیلمی (لە دایك بوونی نەتەوەیەك: The birth of a nation) لە دەرهێنانی داڤید گریفیت، دەروازەیەکی نوێی بە ڕووی ئەو پیشەسازییەدا کردەوە. لە ساڵی ١٩٢٧دا هۆلیوود بە بەرهەم هێنانی یەکەمین فیلمی قسەکەر (سترانبێژی جاز: the jazz singer) جیهانی سەرسام کرد. لەوە دوا ئیدی واز لە فیلمی بێ دەنگ هێندرا. هۆلیوود لە بەرهەم هێنان و دابەش کردنی



فیلمەکانیدا تووشی کێشە بووەوە، کێشەکە پەیوەست بوو بە ئەوانەی زمانی ئینگلیزییان نەدەزانی. بە دانانی دەنگ بە زمانی دیکە لەسەر فیلمەکان (دۆبلاج)، ئەم کێشەیە چارەسەر کرا.

ئیتالیا بە بزووتنەوەی کولتووریی (ڕیالیزمی نوێی ئیتالی) لە ساڵانی (١٩٤٢- ١٩٦١) تەوژمێکی گەورەی بە هونەری سینەما دا. وێنەی ڕاستەوخۆ و سادەی ئەشك و نارەحەتیی چینی هەژاران، کەرەستەی ئەم ڕەوتە بوو. لە شەقام و بازاڕ و گەڕەکی هەژاراندا، بە شێوەی نیمچە بەڵگەنامەیی وێنەی ڕاستەوخۆ دەگیرا، پاڵەوانی فیلمەکانیش ئەکتەری ناپیشەگەر بوون. هەژاری و بێکاری کە لە دوای دووەمین جیهانە جەنگەوە ڕووی لە ئیتالیا کرد، ئەو هەژاری و بێکارییە چاوگی سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتە بوو. دەرهێنەرانی ئیتالی مەبەستیان بوو سینەما بکەن بە دەروازەیەك بۆ پیشاندانی ڕواڵەتی کۆمەڵ لە پای جەنگ و چەرمەسەرییەکانی. لەوە بە دواوە، دەرهێنەران لە سەرانسەری جیهاندا ستۆدیۆیان بەجێ هێشت و کامیرایان بردە نێو شەقام و دەر و دەشت و شارەوە.

تەوژمی ئەم ڕەوتە زۆری نەبرد گەیشتە فەرەنسا، لەوێ بە ناوی (تازە شەپۆلی فەرەنسی) ناسرا، کە ڕەوتێکە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر مێژووی سینەماوە هەبوو. ئەم ڕەوتە لە ساڵی ١٩٥٨دا بە دەم گۆڤاری (دەفتەری سینەما)وە پەیدا بوو، کە (بازان) سەرمەشقی ڕەوتەکە بوو. پاشان کۆمەڵێك لاوی ڕەخنەگر ڕاپەڕینێکیان دژ بە فۆرمی باوی سینەمای فەرەنسی بەرپا کرد، کەوتنە گەڕان بە دوای شێواز و میتۆدی جیاواز، هەر ئەو ڕەخنەگرە لاوانە بوون، تازە شەپۆلی فەرەنسایان پێشکەش بە مێژووی سینەما کرد.

لەو پەڕی ڕۆژهەڵاتیش، دەرهێنەری ژاپۆن (ئەکیرا کوروساوا) بە فیلمی (ڕۆشومون) شێوازێکی تەواو تازەی لە دەرهێناندا پێشکەش کرد، (کازۆ میاجاوا)ی وێنەگریش ئامانجی ئەکیرای دەرهێنەری بەدی هێنا، بە تایبەتی لە ڕووی ڕاستەوخۆ وێنەگرتنی خۆر و چۆنیەتی وێنەگرتنی بارانی دەسکرد. ئەمانە زیرەکیی ژاپۆنیانی لە ڕووی بەرهەم هێنانی فیلمدا خستە ڕوو.

گرنگیی سینەما لە گەیاندنی ناوەڕۆك و بیرۆکەی دەقی وێژە و هونەر و فەلسەفەوە سەرچاوە دەگرێت. هێزێکی ئابوورییە، هەڵگری پەیام و گوتارێکی بە تینی ستاتیکایە. بۆیەش پێی دەگوترێت هونەری حەوتەم، چونکە هەڵگری ئایدیا و هەستی بە تین و تەوژمە، فیلمەکانی (تارکفۆسکی) و (ستانلی کۆبریك) و (بیرگمان) لە دەقی هیچ نووسەر و شاعیرێك کەمتر نین. سەرەتای سینەما کۆمیدیا بوو، کاتێك پێڕەوکە بوو، ئیدی بوو بە دەروازەیەك بۆ پیشاندانی هەمەجۆر بیر و بۆچوونی هونەرمەندان و بویژان. سینەما تەنیا بۆ کات بەسەر بردن نییە، بەڵکوو هەر فیلمێك هەڵگری ئایدیا و پەیامێکە.



# ئەستێرەکان دژی ک



لە سەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانی کۆرۆنا و کاریگەرییەکانی لەسەر هەموو جیهان، ئەستێرەکان و کەسایەتییە ناودارەکان روویان لە یارمەتیدان کردووە، جا چ بە بەخشینی پارە بێت، یان بە یارمەتیی دارایی، کە هەندێکیان باسیان لەم یارمەتییە کردووە و هەندێکی دیکەش بێدەنگ بوون، ڕەنگە سۆشیال میدیا زۆرترین بانگەشەی لەسەر ئەم دەستپێشخەرییانە کردبێت، کەواتە کێن دیارترین کەسایەتییە ناودارەکان، کە لەم دواییانەدا هاوکارییان پێشکەش کردووە، جۆری ئەو یارمەتییەکان چییە؟

گۆرانیبێژی ئیتاڵی-ئەمریکی (ئاریانا گراند) لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر لە کۆمەڵێك ڕێکخراودا دەرکەوتوە کە لەم ماوەیەدا پشتگیرییان کردووە، لەوانە پرۆژەی سندوقێك بۆ یارمەتیدانی خێزانە هەژارەکان، جگە لە سندوقی تەندروستیی دەروونی و چەندانی دیکە.

شاکیرا، گۆرانیبێژی پۆپ و ڕۆکی کۆلۆمبی، ئامێری هەناسەدان و هەزاران دەمامکی N95ی بەخشییە کارمەندانی چاودێریی تەندروستی لە شاری بارانکویلای کۆلۆمبیا، کە سەرۆکی شارەوانیی هەرێمەکەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا

# تۆم هانکس هەوادارانی لە ت

ڕۆژنامەی «دەیلی مەیل»ی بەریتانی گرتەیەکی ڤیدیۆیی نوێی «تۆم هانکس»ی ئەستێرەی ناسراوی هۆلیۆدی بڵاو کردەوە، کە تێیدا دەر دەکەوێت تۆم هانس کێشی زۆری دابەزاندووە و، لە دۆخێکی تەندروستیی مەترسیداردا دەردەکەوێت.

لە ڤیدیۆکەدا دەرکەوتووە کە ئەو ئەکتەرە ئەمریکییە، لە کاتی گەشتی بانگەشەیی فیلمی ژیاننامەی گۆرانیبێژی کۆچکردوو ئێلڤیس پریسلی «ئێلڤیس» کە لە شاری گۆڵد کۆستی ئوسترالیا ئەنجام درا، نەیتوانیوە دەستی راستی کۆنترۆڵ بکات و، لەکاتی گرتنی مایکرۆفۆنەکەدا بە توندی دەلەرزی.

ئەستێرە تەمەن ٦٥ ساڵییەکە کە مایکرۆفۆنەکەی بە دەستی ڕاستی گرتبوو، کاتێك دەستی کرد بە لەرزین، دەستی چەپی بەکارهێناوە بۆ کۆنترۆڵکردنی مایکرۆفۆن، هەروەها هەوڵی داوە لە کاتی قسەکردندا لە نێوان دەستەکانیدا بیگۆڕێت.

بەپێی ماڵپەڕی دەیلی مەیل، هانکس لەو گرتە ڤیدیۆییەدا رایگەیاندووە: «لە جیهاندا هیچ شوێنێك لە گۆڵد کۆست باشتر نییە بۆ وێنەگرتنی فیلمێکی سەرنجڕاکێش، پێشتریش لە چەند شوێن فیلمم گرتووە، لەوانە مەغریب و لۆس ئەنجلۆس و نیویۆرك و سیاتڵ و بەرلین و چەند وڵاتێکی دیکە، بەڵام هیچیان نییە وەك گۆڵد کۆستیان نییە» .

تۆم هانکس بە یاوەریی تەواوی ستافەکە لەسەر فەرشی سوور بەشداریی لە نمایشکردنی فیلمە نوێیەکەی «ئێلڤیس» کرد، کە باس لە ژیانی

# ۆرۆنا وەستانەوە





سوپاسی کرد بۆ ئەم دەستپێشخەرییە، هەروەها ستایشی دەستپێشخەرییە مرۆییەکانی کرد، کە دەبێتە هۆی ڕزگارکردنی ژیانی زۆر کەس.
هەمان شت بۆ ئەستێرەی نێودەوڵەتی (مادۆنا)ش هەیە، کە لە ڕێگەی هاوپەیمانی (Reform) ١٠٠ هەزار دەمامکی بەخشی بە ژمارەیەك لە گرتووخانەکان، بە ئامانجی سنووردارکردنی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە نێو زیندانیاندا، هەمان ١٠٠ هەزار دەمامکی دیکەی بەخشییە دوورگەی رایکەرز لە شاری نیویۆرك.

جگە لەوەش (لەیدی گاگا) لە ڕێگەی هەژماری تایبەتی خۆی لە تویتەر ڕایگەیاند کە بڕێك پارەی بەخشیوەتە سندوقی خۆراکی ئەمریکی، ئەمەش دەستپێشخەرییەکی نوێیە بۆ پشتگیریکردنی سندوقی خۆراك و (Wckitchen) بۆ بەشداریکردن لە خۆراك بۆ خەڵکی کەمدەرامەت و ئەو کەسانەی کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە زیانیان بەرکەوتووە.



# ەندروستی خۆی نیگەران دەکات

ئێلڤیس پرێسلی دەکات، لە ٧٥ـەمین فێستیڤاڵی فیلمی کان. سەرەڕای گرنگیی ئەوەی کە هەموان ئامادەی فیلمەکە بوون، بەڵام بارودۆخی تەندروستیی تۆم هانکس سەرنجی ئامادەبووانی ڕاکێشا و، بووە جێگەی باسی سۆشیال میدیا، هەوادارانی هانکس لە سۆشیال میدیا نیگەرانیی خۆیان دەربڕی لە دابەزینی کێشی لەناکاو و بەرچاوی، هەروەها پرسیاریان کرد کە ئایا هۆکارەکانی تەندروستییە، یان بەهۆی ڕۆڵێکی نوێی تۆم هانکس لە سینەمادا، بەتایبەتی کە بەوە ناسراوە بەپێی ڕۆڵی لە فیلمەکانیدا بە ئارەزووی خۆی شێوە و کێشی دەگۆڕێت و لە فیلمەکانیدا جیاوازە.


جێگای سەرنجە کە تۆم هانکس لە فیلمی «ئێلڤیس» ڕۆڵی ئەفسەرێك دەبینێت بە ناوی پارکەر، کە بەڕێوەبەرێکی خۆبەزلزانی ئێلڤیس پرێسلییە.



ئیمان حەیدەر

یاریزانی پاسکیسواریی هەڵبژاردەی عێراق:

# لەم وەرزشە بەردەوام دەبم تا بە لووتکەی ئامانجەکانم دەگەم



**یانەی هەولێر هەمووکات گرنگیی بە یارییە جۆراوجۆرەکان داوە، تیپی پاسکیلیسواریی کچانی یانەکەش یەکێك بووە لەو تیپانەی کە کارگێڕیی یانەی هەولێر بەردەوام گرنگیی بە تواناکانی یاریزانانی داوە، بۆ ئەوەی لە لووتکەی یانەکانی عێراقی و بگرە وڵاتانی عەرەبییش بن، چەندین ئەستێرەش لەم یانەیە هەن، کە پاشەڕۆژێکی پرشنگدار چاوەڕوانیانە، بۆ ئەوەی بگەنە لووتکەی ئەم یارییە لە سەر ئاستی یانەکانی کوردستان و عێراقیش، یەکێك لەو کچە یاریزانانە کە بەردەوام ئاستی لە بەرز بوونەوەدایە (ئیمان حەیدەر)ـە کە یاریزانی پاسکیلسواریی هەڵبژاردەی عێراق و یانەی هەولێرە، ئیمان دەرچووی پەیمانگەی وەرزشیی هەولێرە و پێشتریش لە ریزی یانەی پێشکەوتن و ئافرەتانی هەولێر یاریی کردووە، ئیمان لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠١ی شاری هەولێرە، لە دیمانەیەکدا بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** بە شێوەیەکی گشتی لە شارەکانی کوردستان ئاستی یاریی پاسکیلسواری چۆن دەبینیت؟**

- پێشەنگ نییە، بەڵام بە شێوەیەکی باش گەشەی سەندووە لە شارەکانی کوردستان.

***کەمیی پاڵەوانێتی تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

-یاریزان تا بەشداریی زیاتر لە پاڵەوانێتیدا بکات، زیاتر زانیاری وەردەگرێت و بەرەوپێش دەچێت.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان، بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی بەرزتر؟**

- پێویستە ڕێگەوبانێکی تایبەت بە پاسکیل دابین بکرێت و گرنگیی زیاتری پێ بدرێت، بۆ ئەوەی زیاتر ئەم یارییە بچێتە قۆناغی باشتر لە داهاتوودا.

***گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟**

-هیچ گرفتێك نییە، لە هەموو ڕوویەکەوە سوودی بۆ خەڵك و کۆمەڵگەش هەیە.

***چ هەستێکت هەیە کاتێك لە شەقامەکان مەشقەکانتان ئەنجام دەدەن؟**

-سەربەرزییە بۆ من کاتێك هەست بە خۆم دەکەم کە لە ڕوانگەی منەوە خەڵك هاندەدرێن بۆ هاتنەناو ئەم وەرزشە.

*** وەکو کچە یاریزانێکی پاسکیلسواری بە نیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت؟**

-لەم وەرزشە بەردەوام دەبم تا دەگەم بە لووتکەی ئامانجەکانم.

***لەگەڵ ئەوەیت یانەکانی کوردستان پشت بە ڕاهێنەرانی بیانی ببەستن؟**

- ئەوە سوودی بۆ ئێمە دەبێت، ڕاهێنەری بیانی پاڵپشتێکە بۆ ئەوەی ئێمەش وەکو یاریزانە بیانییەکان بین.

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

-تەنیا گرنگی بە تۆپی پێ و یارییە سەرەتاییەکان نەدرێت، پاسکیلسواری یەکێکە لە وەرزشە گرنگەکان،پێویستە ڕێگایەك بۆ پاسکیلسوارەکان تەرخان بکەن.

***خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە یارزانێك؟**

- هیوادارم بتوانم دوای خۆم نازناوەکەم جێ بهێڵم و، هانی خەڵك بدەم بۆ وەرزش.

*** لە هەڵبژاردەی پاسکیلسواریی عێراقی داوا کراویت؟**

-بەڵێ، داوام لێ کراوە کە لەگەڵیاندابم.

***پاڵەوانبوون لای تۆ چی دەگەیەنێت؟**

-پاڵەوانی ڕاستەقینە لە شکستی یەکەمیدا سەرکەوتن دەبینێت و فێر دەبێت و هەوڵ دەدات.

***بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت لەم یارییە؟**

-زیاتر بە یاریزانانی ئیماراتی سەرسامم.

***گرێبەستت پێشکەش کراوە لەلایەن یانەکانی دیکەوە؟**

-بەڵێ، گرێبەستم بۆ هاتووە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو هەموو خزمەتە بەردەوامەی لە بواری وەرزشدا دەیکات لە سەرجەم شارەکانی کوردستان، بەبێ جیاوازی.



# پێرێز لە دروستکردنی کێشە بەردەوامە

کۆبوونەوەی یانەکانی ریال مەدرید، بەرشلۆنە و یۆڤانتوس لە ئەمریکا جارێکی دیکە ترس دەخاتەوە دڵی یەکێتیی تۆپی پێی ئەورووپا و کارکردن لە پێناو سوپەرلیگدا دەستپێدەکاتەوە.
رۆژنامەی مارکای ئیسپانی دەڵێت: سەرۆکی هەرسێ یانەکە، فلۆرێنتینۆ پێرێز، خوان لاپۆرتا و ئەندریا ئانێلی لە ئەمریکا کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەبارەی دوایین پێشهاتەکان لەبارەی سوپەرلیگ و دانیشتنی دادگای ئەورووپا لەبارەی پرۆژەکەوە بکەن.
بەپێی سەرچاوەکە تاوەکو ئێستا دۆسییەکە ئاڵۆزە، بەڵام هەرسێ سەرۆک متمانەیان بەخۆیان هەیە بۆ ئەوەی لە چارەگی یەکەمی ٢٠٢٣ هەوڵەکانیان بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆژەی سوپەرلیگ چڕبکەنەوە.
هەوڵەکانی پێرێز و هاورێکانی لە کاتێکدا دەبن، پێشتر ناسر خلێفی، جێگری سەرۆکی یەکێتیی تۆپی پێی ئەورووپا رایگەیاندبوو، پرۆژەی سوپەرلیگ بەتەواوی مردووە.
پێشتر سەرۆکی یانەی ریال مەدرید گوتبووی: بەرپرسانی یۆفا لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیان کاردەکەن و سوپەرلیگ دەبێتە هۆکاری رزگارکردنی تۆپی پێ لە هەژاری و پارەیەکی زۆر بە تۆپی پێ دەبەخشێت.

# بایرن میونیخ شوێنی لیڤاندۆڤسکی پڕکردووە



یانەی بایرن میونیخ بە ئەنجامدانی گرێبەستێک رۆناڵدۆ زیاتر لەو ئەگەرە دووردەخاتەوە، کە بچێتە یانەکە بایرن میونیخ پشکنین بۆ ماتیس تیل، یاریزانی لاوی فەرەنسی و یانەی رێنی ئەو وڵاتە ئەنجامدەدات بۆ ئەوەی پەیوەندی بە یانەکەوە بکات.
یاریزانەکە لەلایەن یانەکانی ریال مەدرید، یۆڤانتوس و نیوکاسل گرنگی پێدەدرا، بەڵام دەچێتە بایرن میونیخ و ئێستا لە ئەڵمانیایە.
هەموان چاوەڕێن بۆ ئەوەی کریستیانۆ رۆناڵدۆ بۆ جێگرتنەوەی لیڤاندۆڤسکی بباتە یانەکە، بەڵام یانەکە ئەو یاریزانە دەگوازێتەوە، گرێبەستەکەی تاوەکو ٢٠٢٧ دەبێت.
حەسەن ساڵح حەمیدزیچ، دوای چوونی بۆ فەرەنسا و کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی رێن، گرێبەستی سێیەمی خستە بەردەم یانەکە و رەزامەندی لەسەر دەستبەرداربوون لە یاریزانەکە درا.
بایرن میونیخ سەرەتا ٢٠ ملیۆن یۆرۆ دەدات، پاشان ٨,٥ ملیۆن یۆرۆی دیکە دەداتە یانەکە، میدیای ئەڵمانیا دەڵێت: یاریزانەکە درێسی ژمارە ٩ وەردەگرێت.
ئەمە دەبێتە چوارەم گرێبەستی ئەم هاوینەی یانەی بایرن میونیخ دوای گواستنەوەی هەریەکە لە سادیۆ مانێ، رایان گراڤینبێرخ و ماتیاس دی لێخت.



# دیبالا بووە یاریزانی رۆما

لە یەکەمین پریس کۆنفرانسدا لەگەڵ یانەی رۆما، پاولۆ دیبالا گوتی: من دڵخۆشم دریسی ژمارە ٢١ لە رۆما دەپۆشم، رێزم بۆ ئەوانە هەیە کە لە داهاتوودا لەم یانەیە دریسی ژمارە ١٠ دەپۆشن بەڵام من پێموایە دریسی ژمارە ١٠ لە رۆما بەهۆی فرانشیسکۆ تۆتییەوە مانایەکی زۆری بۆ هاندەران و ئەم شارە هەیە، بۆیە کاتێک ئەم ژمارەیان خستە بەردەمم رەتمکردەوە، پێموایە ئەم دریسە تایبەتە بە تۆتی کە هەموومان دەزانین چی بۆ ئەم یانەیە کردووە.

دیبالا دەشڵێت: چەند یانەیەکی لە ئێمە ئامادەتر هەن بۆ نازناوی خولی ئیتاڵیا بەربژێرن، پێموایە جارێ زووە باسی نازناوەکە بکەین، پێویستە ئێمە بیر لەوە بکەینەوە یاری لە دوای یاری بۆ بردنەوە یاری بکەین، یۆڤانتۆس بەهۆی کێشەی داراییەوە نەبوو کاتێک گرێبەستی منیان نوێ نەکردەوە، پێموایە هۆکاری دیکە هەبوو، بەڵام من ئەگەر گۆڵ لە یۆڤانتۆس بکەم ئاهەنگ ناگێڕم.

دیبالا گوتیشی: من خیانەتم لە ئەنتەر میلان نەکردووە، لەگەڵ چەندان یانە لە گفتوگۆدابووم، بەڵام کاتێک مۆرینهۆ پەیوەندی پێوەکردم هەموو شتێک گۆڕا و بڕیارمدا بێمە رۆما، من وەکو مۆرینهۆ عاشقی سەرکەوتنم و دەمەوێت لەگەڵ ئەم یانەیە سەرکەوتن بەدەست بهێنم نازانم لەناو یاریگا لەکوێ یاری دەکەم ئەمە بۆ راهێنەر دەگەڕێتەوە.



# یانەی ئاکرێ خۆی نوێی کردەوە

دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی ئاکرێ بە مەبەستی بەشداریکردن لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان بۆ وەرزی نوێ، کە بڕیارە یارییەکانی لە ناوەڕاستی مانگی ١٠ی ئەمساڵ دەست پێ بکات، ئەم وەرزە خۆی گەیاندووەتەوە ریزی یانە نایابەکانی کوردستان، ستافێکی راهێنەری تازەی بۆ ریزی یانەکە دەستنیشان کرد، بە ئامانجی رکابەریکردن لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە شان بە شانی یانەکانی دیکەی کوردستان، یانەی ئاکرێ بڕیای دا بە دەستنیشانکردنی یەکێك لە راهێنەرە بەتواناکانی عێراقی بۆ یانەکە، ئەویش راهێنەری پێشووی یانەی برایەتی مەحمود مەجید بۆ سەرپەرشتی کردنی یانەکەیە لە خولی نایاب و، کاپتن هەژار سابیریش وەکو یاریدەدەری راهێنەری یانەی ئاکرێ دەست بەکار بووە، یانەی ئاکرێ بۆ ئەم وەرزە دەیەوێت خۆی رێك بخاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەنجامی شایستەتر بەدەست بهێنێت.

# مانگی ١٠ی ئەمساڵ خولی نایابی کوردستان دەست پێ دەکاتەوە

یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی و بە مەبەستی زیاتر خزمەتکردنی وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان، وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٣/٢٠٢٢ دەست پێ دەکاتەوە، لە کۆبوونەوەی سەرۆك و جێگر و ئەندامانی یەکێتیەکەدا بڕیار دراوە کە وەرزی تازەی خولەکانی کوردستان، جارێکی دی دەست پێ بکاتەوە، کە وەرزی رابردوو هەریەك لە یانەکانی سیروانی نوێی و هەندرێن و سەیدسادق پلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمیان بەدەست هێنا. بۆ وەرزی تازەی خولەکانی پلە نایاب و پلە یەك و جامی کوردستان، یەکێتیی ناوەندیی تۆپی پێی کوردستان بەرنامەی تۆکمەی داناوە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باش خولەکان بە ئامادەکاریی زۆرەوە و بە رێنمایی نوێی دەست پێ بکاتەوە و، بتوانن ئەم وەرزەش بە شێوەیەکی باش خولە سەرتاسەرییەکانی کوردستان بۆ سەرجەم یانەکانی شاروشارۆچکەکانی کوردستان دەست پێ بکاتەوە، لە کۆبوونەوەکەشدا بە تێکڕایی دەنگی ئەندامانی یەکێتییەکە بڕیاردرا رۆژی ١٣ مانگی ١٠ی ئەمساڵ دەستپێکی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بێت، ١٤ی هەمان مانگ کاتی دەستپێکردنەوەی خولی پلەیەکی یانەکانی کوردستان دەبێت، سەرەتای مانگی ١٠ی ئەمساڵیش یاریی جامی سوپەری کوردستان لە نێوان هەردوو یانەی برایەتی و سیروانی نوێ، کە هەردوو یانەکە پاڵەوانی خول و جامی کوردستانن بەرێوە دەچێت، لە ئێستاشدا یانەکانی کوردستان سەرقاڵی ئامادەکارین بۆ دەستپێکردنەوەی خولەکان و، سەر لە نوێ خۆیان رێك دەخەنەوە.







# چەندین یانە هەوڵی رازیکردنی دارا محەمەد دەدەن

هەر چەندە یانەکانی کوردستان لە ئێستادا خەریکی خۆڕێکخستنەوەن بۆ دەستپێکی نوێی خولەکانی کوردستان، راهێنەرانی یانەکانیش خەریکی واژووکردنی گرێبەستەکانیانن لەگەڵ ئەو یانانەی مەبەستیانە سەرپەرشتیی تیپەکانیان بکەن، دارا محەمەدی راهێنەری یانەی بازیان بڕیاری داوە خۆی یەکلا بکاتەوە و لەگەڵ چەند یانەیەك رێك دەکەوێت، لەم بارەشەوە دارا محەمەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە راستیدا هەموو راهێنەرێك هیوای گەورەی هەیە کە لە ریزی یانە گەورەکان مەشق بداتەوە، منیش ئارەزووی زۆرم هەیە کە بتوانم خزمەتی وەرزش بکەم لە رێگەی یەکێك لە یانەکانی کوردستانەوە، لە خولی عێراقیدا گرێبەستێکم بۆ هاتووە لە یانەیەکی دەرەوەی بەغدا، بەڵام بۆ من گونجاو نییە و، بارودۆخی خۆم هاوکار نییە بۆ ئەوەی بچمە دەرەوەی کوردستان، هەموو راهێنەرێکیش حەز دەکات لە خولی نایابی کوردستان مەشق بداتەوە، چەند یانەیەکیش لە خولی کوردستان پێیان گوتووم لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی، یانەکانیش لە خولی پلە یەکی کوردستان و نایابی کوردستانن»، لە بارەی خولی پلە یەکیش گوتی: «ئەگەر لە خولی پلە یەك بمێنمەوە، سەرەتا لەگەڵ یانەی بازیان دادەنیشم بۆ ئەوەی قسەیان لەگەڵ بکەم، چونکە سێ ساڵە من لەو یانەیە کاردەکەم و بە یانەی خۆمی دەزانم، بەڵام تاکو ئێستا دیار نییە کە چارەنووسم لەگەڵ کام یانەی کوردستان یەکلا دەبێتەوە، بۆیە جارێ چاوەڕوانم بزانم چۆن دەبێت، ئەوکات بڕیاری پێویست دەدەم بۆ چارەنووسی خۆم».

# گرنگیی ڤیتامین C بۆ تەندروستیی پێست




ڤیتامین C کە بە ترشی ئەسکۆربیك Ascorbic acid ناسراوە، بەشێکی گرنگە لە تەندروستیی پێست، وەکو ماددەیەکی دژەئۆکسانی بەهێز و فاکتەرێکی زۆر گرنگی دروستبوونی کۆلاجین، لەوکاتەی کە بە ڕێژەیەکی باش جێگرە لە چینی سەرەوە و ژێرەوەی پێستدا، جگە لەمانە، ڤیتامین C هاندەرە بۆ زووتر چاکبوونەوەی برینەکان، هەروەها ڕۆڵی هەیە لە پاراستنی پێست لە تیشکی سەرووی وەنەوشەیی و زیانەکانی کەم دەکاتەوە، لە لایەکی دیکەوە بەکارهێنانی کرێم، یان گیراوەی ڤیتامین C ڕاستەوخۆ بۆ پێست سوودبەخشە، بۆ پاراستنی پێست لە تیشکی سەرووی وەنەوشەیی و کەمکردنەوەی لۆچبوونی پێست، بەتایبەتی کە لەگەڵ ڤیتامین E تێکەڵ دەکرێت، هەروەها بۆ حاڵەتەکانی وشکبوونی پێست سوودی هەیە. گەلێك هۆکار دەبنە ئەگەری کەمبوونی چڕیی ڤیتامین C لە پێستدا وەکو: کەمیی ڤیتامین C لە خۆراك، جگەرەکێشان، هەروەهاپیسبوونی هەوا بەتایبەتی ڕێژەی بەرزی گازی ئۆزۆن. کاریگەرییەکانی کەمی ڤیتامین C لەسەر پێستدا بریتین لە: کەمبوونەوەی ڕێژەی دروستبوونی پرۆتینی کۆلاجین، دواکەوتنی چاکبوونەوەی برینەکانی پێست، وشکبوون و زبربوونی پێست، پەیدابوونی خاڵی وردی خوێنبەربوون لە چینی ژێرەوەی پێستدا، هەروەها زوو چرچبوونی پێست.

# خۆراکی بەسوود بۆ تەندروستیی دڵ



خۆراك رۆڵی گەورەی هەیە بۆ تەندروستیی دڵ، لە راستیدا هەندێك جۆری خۆراك کاریگەری دەکەنە سەر پەستانی خوێن و ئاستی هەوکردن Inflammation لە لەشدا، یان ئاستی کۆلیسترۆڵ و چەوریی گلیسریدە سیانییەکان لە خوێندا، کە رۆڵیان لە تەندروستیی دڵدا هەیە. ئەو خۆراکانەی کە رۆڵیان هەیە بۆ پاراستنی تەندروستیی دڵ بریتین لە: سەوزە گەڵا تاریکەکان وەکو سپێناغ و سلق کە دەوڵەمەندن بە کانزا و ڤیتامین و مادە دژەئۆکسانەکان و ئەگەری نەخۆشیی دڵ تا ١٤٪ کەم دەکەنەوە، گوێز و باوی کە پەستانی خوێن و ئاستی کۆلیسترۆڵ کەم دەکەنەوە، ئاڤۆکادۆ کە دەوڵەمەندە بە پۆتاسیۆم و چەورییە تاکە ناتێرەکان کە کۆلیسترۆڵ و پەستانی خوێن دادەبەزێنن، ماسی و رۆنی ماسی دەوڵەمەندن بە چەوریی ئۆمیگا٣، شوکولاتەی تاریك دەوڵەمەندە بە دژەئۆکسانەکانی فلاڤانۆیدەکان Flavonoids و ئەگەری نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ کەم دەکاتەوە، تەماتە دەوڵەمەندە بە مادە دژەئۆکسانی لایکۆپێن Lycopene کە ئەگەری نەخۆشیی دڵ و جەڵتەی مێشك کەم دەکاتەوە، هەروەها دانەوێڵەی تەواو، پاقلەمەنییەکان، پاقلەی سۆیا، تۆوەکان، سیر، چای سەوز، لەگەڵ زەیتی زەیتوون.

# بۆچی جەڵتەی مێشک لە هاویندا سەختترە؟




لێکۆڵینەوەیەکی نوێی زانکۆی سیئۆلی نیشتمانیی کۆریای باشوور جەختی کردووەتەوە، کە لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرمیدا، ئەگەری سەختتربوونی جەڵتەی مێشك زیاتر دەبێت لەکاتی روودانیدا. ئەمەو لە چەندین لێکۆڵینەوەی پێشتری ئەمریکی سەبارەت بە پەیوەندیی کەش بە سەختیی جەڵتەی مێشکەوە هاتووە، کە کەشی گەرمتر ئەگەری سەختیی جەڵتەی مێشك زیاتر دەکات. لە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە کۆرییەکە باسی ئەوە کراوە کە گۆڕانی رۆژانەی پلەکانی گەرما زیاتر پەیوەندیی بە سەختیی ئەم جۆرەی جەڵتەیەی مێشکەوە هەیە، کە لە ئەنجامی تەسکبوونەوەی بۆرییەکانی خوێنی مێشکدا روو دەدەن و، دەبنە هۆی کەمبوونەوەی گەیشتنی خوێن بە بەشێکی مێشك Ischemic stroke لە ئەنجامی رەقبوونی خوێنبەر، یان گیرانی خوێنبەر بە تۆپەڵی مەییوی خوێن Clot، ئەمەش روون کراوەتەوە کە لەکاتی روودانی جەڵتەی مێشکدا، بە تێکڕایی بەرزبوونەوەی تەنیا نۆ پلەی فەهرنهایت لە ماوەی سێ رۆژدا، ئەگەری مەترسی و سەختتربوونی جەڵتە تا رێژەی ٦٧٪ بەرزدەکاتەوە. میکانیزمی چۆنێتی کاریگەریی گەرما لەسەر سەختکردنی جەڵتەی مێشك بریتییە لە کاریگەریی گەرما لەسەر سیستمی دەماری ئۆتۆنۆمیی لەش، کە بەرپرسیارە لە رێکخستنی پەستانی خوێن و تێکڕای لێدانەکانی دڵ و هەناسە، کە لەگەڵ گەرمادا هاندەرە بۆ ناڕێکبوونی لێدانەکانی دڵ، کە کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر هاتووچۆی خوێن بۆ مێشك و زیادبوونی زیانەکانی جەڵتە.




# ئایا بنێشتی نیکۆتین هاندەرە بۆ وازهێنان لە جگەرەکێشان؟

بەکارهێنان یان جوینی بنێشتی نیکۆتین Nicotine gum لەوانەیە کە ڕێگەیەکی کاریگەر بێت بۆ وازهێنان لە جگەرەکێشان، چونکە هێندە نیکۆتین لەخۆدەگرێت، کە حەزی جگەرەکێشان دابمرکێنێت، بنێشتی نیکۆتین بە چێژ و تامی جیاواز و بە چڕیی دوو ملگم و چوار ملگم دەست دەکەوێت، بۆ ئەم مەبەستە پێویست دەکات کە بنێشتی نیکۆتین بە شێوەیەکی دروست بەکار بهێنرێت، بۆنموونە: پێویستە سەرەتا بە بنێشتی دوو ملگم دەست پێ بکرێت، پاشان جوینی پارچەیەك بنێشت هەر یەك تا دوو کاتژمێر جارێك، بۆ ماوەی یەکەم شەش هەفتە، واتە بە تێکڕایی ڕۆژانە جوینی نۆ پارچە بنێشتی نیکۆتین، ئینجا بەرە بەرە کەم بکرێتەوە تا ڕۆژانە دەگاتە تەنیا یەك تا دوو پارچە بنێشت تا کۆتایی ١٢ هەفتە. وا باشترە کە بنێشتی نیکۆتین ١٥ خولەك پاش خواردن بەکاربێت، هەروەها ڕێنمایی دەکرێت کە پاش ١٢ هەفتە واز لە بەکارهێنانی بنێشتی نیکۆتین بهێنرێت. بەکارهێنەرانی بنێشتی نیکۆتین بە ڕێژەی ٥-٩٪ دوچاری خوپێوەگرتن دەبن، کە لەوانەیە تا شەش مانگ، یان زیاتر بەردەوام بێت. زیاد بەکارهێنانی بنێشتی نیکۆتین هۆکارە بۆ چەند گرفتێکی تەندروستی کە بریتین لە: ئازاری گەدە، دڵەکزێ، تێکچوونی بینین، ئارەقەی سارد، سکچوون، گرفت لە هەناسە و هەستی بیستندا، سەرئێشە، دابەزینی پەستانی خوێن، سەرسووڕان، هێڵنج، زیادبوونی لیك، ڕشانەوە، شێوان، خێرابوون و ناڕێکبوونی لێدانەکانی دڵ، هەستکردن بە ماندووبوون و لەهۆشچوون.



# هۆکاری زیادبوونی کێشی لەش لە وەرزی هاویندا

بە پێچەوانەی ئەو بیروڕایەی گوایە کێشی لەش لە زستاندا زیاد دەکات، لە لایەنی زانستییەوە ئەمە سەلمێنراوە کە کێشی لەش زیاتر لە وەرزی هاویندا زیاد دەکات، کە جگە لە پێگەیشتووەکان، تەنانەت منداڵە هەراشەکانیش دەگرێتەوە. هەروەها ئاماژە بەوە کراوە کە وەرزی هاوین هاندەرە بۆ زیادبوونی کێشی لەش، لەبەر جۆری خۆراك و کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتی، بۆنموونە: زیادکردنی چەند جۆرێکی خۆراك وەکو خۆراکی باربیکیو (برژاوی سەر ڕەژوو BBQs)، ئایس کرێم، ساردەمەنی و شلەمەنییە شیرینکراوەکان، لەگەڵ جیبسی پەتاتە و هەندێك خۆراکی دیکە، هاندەری سەرەکین بۆ زیادبوونی کێش، بەتایبەتی لەبەر زیادبوونی بۆنە و گەشتەکان و کۆبوونەوەی خێزانەکان، لەگەڵ کەمیی جووڵە و کەمکردنەوەی مەشقی وەرزشی. لە لایەکی دیکەوە، ڕۆژانی درێژی هاوین بەراورد لەگەڵ ڕۆژە کورتەکانی زستان هاندەرێکی دیکەیە بۆ زیاتر خواردن و خواردنەوەی شلەمەنییە شیرینکراوەکان، لەکاتی کۆبوونەوە و بۆنە خۆشەکاندا. بە مەبەستی ڕێگرتن لە زیادبوونی کێشی لەش، پسپۆڕان جەخت دەکەنەوە کە خواردنی بڕی باشی میوەی تازەی جۆراوجۆر، باشترین بژاردەیە لە وەزری هاویندا، هاوکات لەگەڵ پاراستنی هاوسەنگیی نێوان چەند خواردن و چەندێتی و ئەنجامدانی جووڵە و مەشقی وەرزشی.

# بۆچی نەخۆشانی خەمۆكی تووشی نۆرەی تووڕەبوون دەبنەوە؟



لە لێكۆڵینەوەیەكی نوێدا هاتووە كە هۆكاری سەرهەڵدانی نۆرەی تووڕەبوون لە كەسانی تووشبوو بە خەمۆكیدا، تا ئێستا بە تەواوی نەزانراوە، هەروەها لە لێكۆڵینەوەیەكی دیكەی زانكۆی كۆلۆرادۆی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا ئاماژە بەوە كراوە كە نەخۆشانی خەمۆكی زوو تووڕە دەبن و، شتەكانی دەوروبەریان ناشكێنن و تێكی نادەن، بەڵكو هەندێك جار لە خەڵك دووردەكەونەوە، یان بە جەستە نەخۆش دەكەون. بۆ كەمكردنەوە و كۆنترۆڵكردنی نۆرەی تووڕەبوون لە تووشبووانی خەمۆكیدا، پێویستە كە پەیڕەوی ئەم هەنگاوانە بكرێت: هەڵكێشانی هەناسەی قووڵ، خۆڕاهێنان لەسەر خۆخاوكردنەوە Relaxation، هەوڵدان بۆ بە سادە وەرگرتنی هەموو شتەكان، هەوڵدان بۆ هێوربوونەوە و هێمنبوونەوە لە كاتی پەیوەندیكردن لەگەڵ كەسانی دەوروبەر لە كاتی تووڕەبووندا، هاوكات لەگەڵ زیاد بیركردنەوە بەر لە گوتن و گوێگرتن لە لایەنەكانی دیكە تا كۆتایی، بەكارهێنانی گاڵتە و گەپ، كە هاندەرە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تووڕەبوون و سووككردنی شتەكان، گۆڕینی شێوەی بیركردنەوە بە مەبەستی زیاتر لۆجیكانە مامەڵكردن لەگەڵ هەر پێشهاتێكدا، بۆنموونە: لەجیاتی گوتنی «ئەمە كارەساتە، هەموو شتێك تێكچوو» وا باشترە كە بووترێت «ئەمە كۆتایی جیهان نییە و تووڕەبوون هیچ شتێك چارەسەر ناكات».




# چاویلکەی زیرەک
# بە کامێرای ئێچ دییەوە



## تابلۆی دیجیتالی
## پێشانگایەک لە تابلۆ

حەز دەکەی، تابلۆ بەناوبانگەکانی جیهان لە ماڵەوە هەڵواسی، حەز دەکەی مۆنالیزا، گرنیکا، دوایین خوان، سەگەکانی پۆکەر....تاد. لە ماڵەوەتان بە هەمان کوالیتی خۆیان هەڵبواسرێن. یان حەز دەکەی جوانترین وێنەکانی خۆت بخەیە چوارچێوەیەکی تایبەتییەوە و یادگارییەکان بە نەمری بهێڵییەوە. ئەوە پێویستە سوود لە تابلۆی دیجیتالی Meural Canvas II وەربگری. کە لە دوو قەوارەدایە.

ئەم تابلۆ دیجیتالیانە بە فول ئیچ دی نیشان دەدرێن و بەهۆی هەستەوەری ڕێکخستنی ڕووناکی لە هەموو شوێنێکدا تابلۆکان بە ڕوونی دەردەخەن.

چوارچێوەی تابلۆی ناوبراو سیستەمی وای-فای هەیە و کام تابلۆی جیهان کە حەز دەکەی دەیخاتە چوارچێوەوە. دەکرێت بە هەردوو شێوەی ئاسۆیی و ستوونی هەڵیبواسی. بەهۆی پرۆگرامێکی تایبەتیەوە دەتوانی بەرهەمە هونەرییەکانی جیهان هەڵبژێری و تەنانەت کاتیان بۆ دیاری بکەی چ بەرهەمێك لە چ کاتێکی ڕۆژ و شەودا نیشان بدرێ.

## بچووکترین
## پاوەر بانکی بەهێز


پاوەربانك بۆ بارگاوی کردنی ئامێرەکان لەکاتی گەشت و گەڕان و ئەو شوێنانەی دەست بە کارەبا ڕاناگا، گرنگترین ئامێرە.. قەوارە و توانایی و جۆری پاوەربانکەکان جیاوازە.

پاوەربانکی SmartCoby Pro بە بچووکترین پاوەر بانك لە جیهاندا دادەنرێت. پاوەربانکەکە بچووکەو کێشی کەمە بەڵام توانای بارگاوی کردنی زۆرە، هەرچەندە پاوەربانکی بە قەوارە گەورە هەن بەڵام توانایی کارکردیان زۆر کەمە. توانای هەڵگرتنی وەزەی دە هەزار میلی ئامێرە. قەوارەی پاوەربانکەکەش بەقەد کارتێکی بانکی دەبێت.

پاوەربانکی ناوبراو دەتوانێت لاپتۆپیش شەحن بکاتەوە. جگە لە شوێنی USB-C شوێنی USB-A هەیە.

کێشی پاوەربانکەکە ۱۸۰ گرامە و دەتوانرێت لە گیرفان یان جانتای دەست دابندرێ.





چاویلکە زیرەکەکان هەتا ئێستاش بەرهەمێکی نوێن لە جیهانی دیجیتالیدا، زۆر پێشوازیان لێنەکراوە، بەڵام بەو مانایە نییە کە ئەوان ئامێرێکی گرنگ نین. چاویلکەکانی AR یەکێکن لە چاویلکە سمارتەکان. چاویلکەی سمارتی جۆری INMO Air کە بەم دواییانە بەرهەمهاتووە، زۆر ئەرك تایبەتی ئەنجام دەدەن.

چاویلکەی ئاماژە بۆ کراو، جووتێك چاویلکەی ARی پێشکەوتوون، کێشی ٧٦ گرامە. کە سەیری دەکەی زۆر وەك چاویلکەیەکی ئاسایی دەچێت. چاویلکەکە ئەرکی بینین بۆ ئەوانەی کەم بینان ئاسانتر دەکات و بۆ هەردوو بواری خوێندنەوە و بینین دەگونجێت.

چاویلکەکە کامێرایەکی HD هۆشمەندی هەیە کە نەتەنیا وێنە وفیلم تۆمار دەکات، بەڵکو زانیاری ورد لەبارەی ئەو شتانەی تۆماری دەکات بۆ بەکارهێنەرەکەی نیشان دەدات.

کۆنترۆڵ کردنی چاویلکەکە بە چوار شێواز دەکرێت، کۆنترۆڵی بەشێوەی دەستپێداهێنان، بەشێوەی جوڵەی سەر و کۆنترۆڵ بە دەنگ.. هەربۆیە بەکارهێنەر دەتوانێت بە هەر شێوازێك حەز بکات چاویلەکەکە کۆنترۆڵ بکات. بەهۆی چاویلکەکە دەتوانرێت کاروباری رۆژانە رێك بخەی. یادداشتەکان، زانیاری لەبارەی کەش و هەوا و هەندێك زانیاری دیکە لە جامی چاویلکەکەدا ببینی. بە پەنجە پێداهێنانێك دەتوانی بەشداری تۆڕێکی کۆمەڵایەتی بکەی.

# فەیسبوک دوو شاشەی زیرەک بەرهەم دێنێ

«زاکێر بێرگ» بەڕێوەبەری کۆمپانیای فەیسبۆك، لایڤێکی کردەوە و رایگەیاند، دەزانن فەیسبوك ئامێرێکی نوێی بەرهەمهێناوە، دەزانن ئەم ئامێرە چییە؟ دواتر دەرکەوت کە بەرهەمەکە شاشەیەکی زیرەکە کە بە Portal Go ناسراوە.

تایبەتمەندیی بەرچاوی شاشەی Portal Go باترییەکەیەتی کە بۆ شەحنکردنەوەی پێویستی بە کارەبا نییە و بگرە لە رێگەی ستاندێکی موگنتاتیسی بارگاوی دەبێتەوە.

شاشەکە ١٠ ئینجە و کوالیتی نیشاندانی ١٢٠٠ لە ٨٠٠ پیکسێلدایە و کامێرای پێشەوەی ١٢ میگاپیکسلە.

شاشەی ناوبراو بۆ کۆنفرانس و کۆڕە ئۆنلاینەکان دەبێت و دەتوانرێت بەشێوەی ئاسۆیی و ستوونی بەکاربێت و فۆکس دەخاتە سەر بەکارهێنەرەکەی. شاشەکە لەگەڵ ئاپەکانی Face- book، WhatsApp، Zoom، WebEx، Blue jeans و GoToMeeting دەگونجێت.



شاشەی زیرەکی Portal Plus شاشەیەکی دیکەی فەیسبوکە و ١٤ ئینجە و تایبەتمەندیی بەرچاوی ئەوەیە کە دەتوانرێت تا ٢٥ کەس پێکەوە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی zoomدا قسە بکەن. هەردوو شاشەکەی فەیسبوك لەگەڵ سیستەمی دەنگی ئامازۆن واتە ئەلکسا دەگونجێن.




# بچووکترین کامێرای فڕۆک

درۆن (drone) یا بە واتایەکی دیکە کوادکۆپتەر، خۆیان خزاندۆتە گشت بوارەکانی ژیانی مرۆڤەوە و کارئاسانی زۆر دەکەن، لە بواری فیلم هەڵگرتنەوە و سینەمادا گرنگترین ڕۆڵ دەبینن، ئەوەی جاران بە ئامێری گەورە و ئۆتۆمبیلی تایبەت و کۆپتەر دەکران ئێستا بە درۆنێك ئەنجام دەدرێن. لە بواری سیخوڕی و ئەمنییەتی و سوپاییدا ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە. لە بواری گواستنەوە و پزیشکشدا هەروا... درۆنەکان شێواز و توانایان جیاوازە..

لەم دواییەدا نوێترین درۆن، یا بە واتایەکی دیکە کامێرای فڕۆك بەرهەمهاتووە، کۆمپانیایەکی بازرگانی ڕایگەیاند کە درۆنێکی زۆر بچووکی بەرهەمهێناوە کە لە بەرکدا جێگای دەبێتەوە و ئەرکی درۆنە گەورەکانیش ئەنجام دەدات.

درۆنی AIR pix وێنە و ڤیدیۆکان بە کوالیتی بەرز دەگرێت. کۆمپانیای بەرهەمهێن ڕادەگەیەنێ کە ئەمە بچووکترین و سووکترین کامێرایە کە دەفڕێت و لە گۆشەی جیاوازە وێنە و دیمەنەکان دەگرێت.

کامێرای ناوبراو دەتوانێ ١٨ مەتر لە دیمەنی مەبەستی دوور بکەوێتەوە، لە ڕێگای ئەپێکی مۆبایلەوە کۆنترۆڵ دەکرێ. چوار مۆتۆر و و پەڕەی هەیە، لە تواناکانی کامێراکە دەتوانرێ ئاماژە بە جێگیر بوون لەسەر وێنە، سیستەمی نیشتنەوەی خۆکار ئاماژە بکرێ.

لەگەڵ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئایفۆنیش دەگونجێت. کوالیتیەکەی ١٢ میگاپیسکلە بە چوارچێوەی ڕوانینی ٧٠ پلە بە دەوری خۆیدا و ڕوونی و گەشی وێنەکانی ١٩٢٠ لە ١٠٨٠دا واتە فول ئیچ دی. قەوارەی کامێراکە تەنیا ١٠ سانتیم لە ٨,٥ سانتدایە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن دەکرێت فایلەکان جا وێنە بن یا ڤیدیۆ و هی دیکە لە مۆبایلەکەمدا بشارمەوە؟**

خوێنەری بەڕێز لە سیستەمی ئەندرۆیددا چەند ڕێگایەك هەیە بۆ شاردنەوەی فایلەکان، ئەگەر مۆبایلەکەت سامسۆنگ بێ، خۆی ئەو تایبەتمەندییەی تێدا هەیە. بەڵام بۆ هەر مۆبایلێکی دیکە پێویستە پرۆگرامێك بەناوی Files by Google دابەزێنی و پاشان لەو ئەپەدا فایلێکی پارێزراو واتە Safe folder دروست بکەی. دواتر داوای کۆدێکی چوار ژمارەییت لێدەکا کە دەبێ دایبنێی. دوای ئەوە ئەوەی مەبەستتە وەك وێنە و ڤیدیۆ و هەرچییەکی دیکە لەو فایلەدا دابنێ و ئەوکات کردنەوەی فایلەکان تەنیا بەو کۆدە دەبێت کە داتناوە.

# سکۆتەری کارەبایی تویۆتا

کۆمپانیای تویۆتا بە بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیل و ئامرازەکانی گواستنەوە بەناوبانگە و لە ڕیزی یەکەمەکاندایە. لەم ماوەیەدا جۆرە سکۆتەرێکی کارەبایی بەرهەمهێنا کە سێ تایەی هەیە و بە وزەی کارەبا کار دەکات.

سکۆتەری جۆری (C+walk) نەفەرەکان دەتوانن هەم بە پێوە و هەم بە دانیشتنەوە سواربن. بۆ ئەو کەسانە بەرهەمهاتووە کە کێشەی ڕۆیشتن یان تەندروستیان هەیە. سکۆتەرە کارەباییەکە کێشی کەمە و بەکارهێنانی ئاسانە. پێدەچێ دیزاینی سکۆتەرەکە لە فیلمە زانستی خەیاڵییەکان وەرگیرابێ. هەروەك ئاماژە پێکرا بە وزەی کارەبایی کار دەکات کە وزەکە لە باتری لیتیۆن یۆن وەردەگرێ.

سکۆتەری ئاماژە پێکراو ناکرێ چاوەڕوانی ئەوەی لێبکرێ وەك ئۆتۆمبیلێك بە خێرایی بڕوا، بەڵام لە پایسکل خێراترە و دەتوانێت لە کاتژمێرێکدا ١٤ کیلۆمەتر بڕوات. دیارە هەموو کەس ناتوانێ سواری ئەم سکۆتەرە بێ، دەبێت ئەوانەی سوار دەبن کێشیان نەگاتە ١٠٠ کیلۆ، هەروەها باڵایان کەمتر لە ١٨٥ سم بێت.

سکۆتەری ((C+walk هۆشمەندە، بەو مانایە کاتێك دەگاتە لەمپەرێکی وەك تاسە خۆی خێرایی کەمدەکاتەوە، ئەگەر بگاتە کەسێك یان بەربەستێك هۆرن لێدەدا.

# پرۆگرامێکی بەهێز بۆ شیکاری پرسیاری بیرکاری

بیـرکاری دایکـی زانسـتەکانە، بۆیـە ئـەو قوتابیانـەی لـە بـواری بیرکاریـدا سـەرکەوتوون لـە ریـزی یەکەمـەکان دێـن. لـەم سـەردەمەدا گەلێـك شـێواز و رێـگا هـەن بـۆ وەڵامدانـەوە و شـیکاری کردنـی پرسـیارەکانی بیـرکاری. لـە مۆبایلـدا دەیـان ئەپلکەیشـنی تایبـەت هەیـە بـۆ وەڵامدانـەوە و شـیکاری پرسـیارەکان. لـە کۆمپیوتەریشـدا پرۆگرامگەلێکـی زۆر هـەن. یەکێـك لـەو پرۆگرامانـە پرۆگرامـی Math Resource Studio یـە. بەهـۆی ئـەو پرۆگرامـەوە دەتوانرێـت پرسیارە جۆراوجۆرەکان وەڵام بدرێنەوە وشیکاری بکرێـن. پرسـیارە ئەندازەییـەکان و هاوکێشـەکان. هەروەهـا لـەو پرۆگرامـەدا بـۆ بردنەسـەری ئاسـتی توانـای بیرکردنـەوە چەندیـن پرسـیاری تایبەتـی تێدایـە.





## ماڵپەڕێک بۆ بەرێکردنی کورتە پەیام

هەتـا جیهانـی ئینتەرنێـت بـەم جـۆرە پـەرەی نەسـەندبوو، ناردنـی کورتـە پەیـام زۆر گرنـگ بـوو، هەندێـك ماڵپـەڕ هەبـوون بـە تێچوویەکـی کـەم و هەندێـك بە خۆڕایی رۆژانە هەلی ناردنی چەند کورتەپەیامێکیـان پێـدەدای. یەکێـك لـەو ماڵپەڕانە کە بە خۆڕایی دەتوانی کورتە پەیامـی SMS بـۆ هـەر مۆبایلێـك لـە جیهانـدا لێـی بـەڕێ بکـەی، ماڵپـەڕی /txtemnow.comە. لـەو ماڵپـەڕەدا بـە بـێ ئـەوەی کـە بناسـرێیت دەتوانـی بـێ سـنوور کورتەپەیـام بـەڕێ بکـەی. کۆمپانیـای خاوەن ماڵپەڕەکـە رادەگەیەنێ کـە زانیارییـەکان لەلایـەن کۆمپانیـاوە پارێـزراون، بـەڵام دەبـێ لـە سـەرەتادا بەڵێننامـە پـڕ بکەیـەوە کـە لـەو ماڵپـەڕە کەڵکـی خـراپ وەرناگـرێ، ئەگینـا لـە ماڵپەڕەکـەدا بـۆ هەمیشـە IPی تـۆ بلـۆك دەکـرێ و ئیـدی ناتوانـی سـوودی لێوەربگـری.





# پلازما Prp بۆ نەرمونیانیی پێستی روخسار و قژ
# بە هاوکاریی سەنتەری لین بیوتی

گرنگیدان بە پێست، هەنگاوێکی سەرەکیی جوانییە، چونکە پێست کاریگەرە بە دەرهاوێشتە دەرەکییەکانی رۆژانە، بۆیە بەکارهێنانی پلازما بۆ سافکردن و پاککردنی پێستی روخسار گرنگە، پسپۆڕانی پێست لە کلینکی (لین بیوتی) ئاماژە بە گرنگیی بەکارهێنانی پلازما دەدەن: پلازما بریتییە لە شلەیەك کە لە ناو خوێنی هەموو مرۆڤێکدا هەیە و چارەسەرێکی باشە بۆ قژهەڵوەرین و تندروستیی پێستی مرۆڤ، رێگەی بەکارهێنانی پلازما بریتییە لە: سەرەتا خوێنی نەخۆشەکە وەردەگیرێت، دواتر خوێنەکە دەخرێتە ناو tubeی تایبەت بە پلازما PRP، پاشان دەخەرێتە نێو ئامرێکی تایبەت بە پلازما کە پێی دەگوترێت ( center fage) دواتر ماوەی (١٥) خولەکی پێویستە بۆ ئامادەکردنی، دوای ئەوەی پلازماکە ئامادەبوو بە سرنجێك دەخرێتە ناو Tub-ەکە و، پاشان بۆ روخسار، یان پێست، کە بە دوو شێواز یان بە ئامێری خۆی کە پێی دەگوترێت (دێرماپێن)، پێستەکە دەڕنێرێت و پلازمایەکەی لەسەر بڵاو دەکرێتەوە، یان بە شێوازی دەرزی Injection، رێگەی بەکارهێنانی پلازما بۆ قژ تەنیا یەك رێگەیە، ئەویش شێوازی دەرزییە، هەندێك جاریش رێگەی دیکە دەگیرێتە بەر، بەڵام چاکترینیان دەرزیە.



# رێگەی دروستی لەپێکردنی پێڵاوی پاژنەبەرز



زۆربەی خانمان حەز بە لەپێکردنی پێڵاوی پاژنە بەرزە دەکەن، کە جەستە بەرز نیشان دەدات و هەروەها لەگەڵ زۆربەی دەستەجلەکانیشدا دەگونجێت، وەك باوە لەپێیکردنی پاژنەبەرز سەرەنجام ژان و ماندووبوون و پشتئێشانی بەدوا دێت، بەڵام ئەوە وا لە خانمان ناکات کە دەستبەرداری ئەو جۆرە پێڵاوە بن، هەر بۆیە چەند ئامۆژگاری و رێنماییەك هەن، کە ئازار و ماندووبوونی دوای لەپێیکردنی پێڵاوی پاژنە بەرزە کەم دەکەننەوە، لێرەوە ئاشنایان بە: نابێت هەموو رۆژ و کاتێك تەنیا پاژنەبەرزە لەپێی بکەیت، بەڵکو واباشە لە رۆژانی ئاساییدا پێڵاوی فلات لەپێی بکەیت، تا ماسوولکەکانی پێ لەگەڵ بەرزی و نزمیی پێڵاوەکاندا بگونجێت، کاتێك پێڵاوی پاژنەبەرز هەڵدەبژێریت، هەوڵ بدە پێڵاوی مارکەی چاك و کواڵێتی بەرز هەڵبژێریت، چونکە بە شێوەیەکی تەندرووست دروست دەکرێن، تەنانەت پێڵاوی پاژنە بەرزەی تەندرووست هەن، ئەوانیش ئازار و ژانی پێیەکان ناداتکەم دەکەنەوە. کاتێك زانیت پێیەکانت ئازاریان هەیە، پێڵاوەکانت دابکەنە و ژێر پێیەکانت بشێلە، یان پشوویەك بدە، هەروەها کاتێك لە شوێنێکی گونجاویت، پێڵاوە پاژنە بەرزەکەت دابکەنە تا ئەو کاتەی پێویستت پێی دەبێت.





# تاج و سەربەند بۆ قژی خانمانی بووک

خانمانی بووك لە سەروبەندی ڕۆژی ئاهەنگدا پێویستیان بە جوانكارییەكی تەواو هەیە، دوای هەڵبژاردنی كراس و ماكیاژ، پاشان نۆرەی خشڵەكان دێت، تاوەكو دیمەنە جوانكارییەكە تەواو بكات، خشڵەكان بە ملوانكە و بازن و ئەڵقە، دواتریش بەستەرەكانی قژ ڕۆڵی خۆیان لە جوانكردن و بەشازادەكردنی خانمانی بووك دەبینن، بەستنی قژی بووك لە ڕێگەی ئارایشتەوە دەبێت، بەو پێیەی قژ پێویستی بە بەستنێكی توند هەیە تاوەكو لە كاتی ئاهەنگدا هەڵنەوەشێتەوە، خشڵەكانی قژبەستن بریتیین لە تاج و تەوقەی بەستەری قژ، هەردووانیان دیمەنێكی جوان وسەرنجڕاكێشیان هەیە، بەستەری قژ تەنیا بۆ جوانكاری نییە، بەڵكو وەك پشتێنی قژ دەناسرێت، سەربەندی قژ مۆدێكی جوانە و مۆدێرنە، جاران زیاتر تاجەكان باو بوون، بەستەری قژ بەشی پێشەوەی قژ دەگرێت و دیمەنێكی سەرنجڕاكێشی هەیە، ماركەی بوشرۆنی فەرەنسی گرنگی بە سەربەندەكان Head bandداوە بۆ ڕۆژی ئاهەنگی بووك، ماكس ئەند كۆ، پێیان وایە تاجەكان زیاتر سەرنجڕاكێشترن، بەو چەشنە خانمان لە نێوان تاج و سەربەندەكاندا دەستكراوە دەبن تاوەكو یەكێك لەو خشڵانە بۆ ڕۆژی زەماوەند و بووكێنی هەڵبژێرن.

# پێشبڕکێی هەڵگرتنی هاوسەران



پێشبڕکێیەکی ساڵانەیە لە ئەمریکا و لە ویلایەتی ویسکۆنسن بۆ خۆشی ئەنجام دەدرێت، ماوەی دوو ساڵ بوو لە دوای بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا و کەرەنتینەدا پێشبڕکێیەکە وەستێنرا بوو، بەڵام ئەمساڵ بۆ جارێکی دیکە کرایەوە، پێشبڕکێیەکە بریتییە لە هەڵگرتنی هاوسەران لەلایەن مێردەکانیانەوە، کە ماوەیەکی دیاریکراو هەیە، کێ براوە بێت دەتوانێت خەڵاتی پێشبڕکێیەکە بباتەوە، هەمان پێشبڕکێی لە وڵاتی رووسیاش ئەنجام دراوە، لە پێشبڕکێکەی ئەمریکادا، پیاوێك بە ناوی کالیب و هاوسەرەکەی جۆستین رۆسلەر توانییان نازناوەکە ببەنەوە و یەك دەفتەر دۆلار خەڵاتەکە بە دەست بهێنن، پیاوەکە دەڵێت: «کاتێك هاوسەرەکەت لاواز بێت، دەتوانیت زۆر خەڵات ببیەتەوە، بەڵام ئەوانی دیکە زۆربەیان هاوسەرەکانیان قەڵەو بوون، بەمەش من توانیم بەسەریاندا سەرکەوم، لە دیمەنە سەیرەکانی پێشبڕکێیەکەدا چەندین وێنەی سەیر و سەمەرە دەردەکەوێت کە زۆربەیان بەر لەوەی بگەنە هێڵی کۆتایی دەکەون.



# هاوسەرگیریی نێو پرسە


چیرۆکی هاوسەرگیری ئەو ئافرەتە بەتەمەنە و ئەو کوڕە گەنجە سەیرە، چونکە لە کاتی ناشتن و پرسەکەدا سەری هەڵداوە، کاتێك ئافرەتەکە کوڕێکی دەمرێت، هەر لە کاتی ناشتنی کوڕەکەیدا کەسێك دەناسێت و پاشان خۆشەویستی دەگۆڕنەوە و دەبنە هاوسەری یەکتر، ئەو ئافرەتە ناوی (ئەلمیدا ئیریل)ـە، دوای ئەوەی کوڕێکی دەمرێت و لە کاتی ناشتنی کوڕەکەیدا چاوی بە گەنجێك دەکەوێت کە ناوی (جار هاردۆوێك)ـە، کە ئافرەتەکە تەمەنی (٧١) ساڵە و کوڕەش (١٧) ساڵە، ئاشقی یەکتر دەبن، ئەوەی سەیرە ئەو کوڕە گەنجە پێشتر پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ ئافرەتێکی (٧٧) ساڵ هەبووە، بەڵام لەبەر ئەو هاوسەرە تازەیە، وازی لەوەی پێشووی هێناوە.





# یارییە میللی و کوردەوارییەکان لە کوردستان

شەوانی کوردەواری و کولتووری دیوەخان هەمیشە قەرەباڵغ بوون، کە بە چەندین یاری و مەتەڵ و قسەی خۆش و حەیران و لاوك شەوانی هاوینی گەرم و زستانی ساردیان پێ بەڕێ دەکرد، جگە لەوەی ماڵەکان دەبوونە شوێنی یاریی کەرەمستانێ و کڵاوێن و سینی سینیانێ و زۆرانبازی، لە ئێستادا لە چەند شوێنیکی کوردستان ئەو یادانە لەلایەن تیپیە میللیەکانەوە ماون، تیپی کڵاوێنی بەحرکە، یەکێکە لەو تیپە میللییانەی کە مۆرکی ڕەسەنایەتیی ون نەکردووە و، کۆمەڵێك ئەندامی چوست و خاوەن دیدگەی کوردەواری سەرپەرشتیی تیپەکە دەکەن، ئازاد مومەحەمەد یەکێکە لە ئەندامان و سەرپەرشتیارانی تیپەکە، دەربارەی تیپەکەیان دەڵێت: « وەکو ئاشکرایە یاریی کڵاو کڵاوێن یاییەکی کۆنی کوردەوارییە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چەندین ساڵ بەر لە ئێستا، هەر لە کۆنەوە خەڵکی بەحرکە لەگەڵ ئەو یارییەدا دۆستایەتیان هەبووە، چەندین یاریزانی لێزان و لێهاتووی تێدا هەڵکەوتووە، ساڵانی حەفتاکان شەوانی زستان پیاوان لە دیوەخان و ماڵان کۆ دەبوونەوەو تا درەنگان یارییان دەکرد، لە ساڵی ٢٠٠٥ تاوەکو ئێستا ئێمە بەردەوامین لە زیندووڕاگرتنی ئەم یارییانە، تیپەکەمان پێکهاتووە لە نۆ یاریزان، کە بریتیین لە: عەبدوڵڵا موحەمەد، ئازاد موحەمەد، ڕەوەند عەبدولڕەحمان، نزار شێرزاد، ڕێبین لوقمان، هەردی عەزیز، کاروان عومەر، فەرمان قادر و فەرمان زیاد)، بەشداریی چەندین خول و پێشبڕکێمان کردووە و دوو جار گەیشتووین بە یاریی کۆتایی و جارێکیش پلەی یەکەمان بە دەست هێناوە، ساڵانە چەندین یاری لەگەڵ تیپەکانی ناو هەولێر و دەوروبەر ئەنجام دەدەین، مەبەستیش لەوە بەردەوامبوون و گرنگیدانە بە یارییە کوردەواریەکان و، پاراستنی ئەو یارییە فۆلکۆرییانەیە بە گشتی و، هێشتنەوەی ناوی تیپی میللی بەحرکەش لە نێو تیپە میللەکاندا.





## شەوێکی دارستان

ئەوانەی حەزیان بە سەرکێشیی نزیـك بوونـەوە لـە گیانـداران و گەشـتکردن بۆ نێو دارستانەکاندا هەیـە، ئیـدی دەتوانـن لەمـەودوا نـەوەك هـەر بـە ڕۆژ، بەڵکـو شـەوانەش لـە نزیـك گیانـداران بـە سـەلامەتی بخـەون، ئەوەتا لـە ناوەڕاستی دارستانەکانی (ئۆك) کـە دەکەوێتـە نێـوان وڵاتـی ئەمریکا و مەکسیك، هەمـوو جۆرە گیاندارێك لـەو دارستانەدا بـە بەردەوامـی بەرچـاو دەکـەون، بیرۆکـەی ئـەو کارە سـەیرە لەلایـەن ئەندازیارێـك بـە نـاوی (جـای بارگمـان) بـووە، کـە لـە خانوویەکـی شووشـە پێـك دێـت، هەمـوو کەسـێك دەتوانێـت شـەوێك لـەوێ بەسـەر ببـات و بەدیـار دیمەنـی سرووشـتی گیانـدارە ترسـناك و ئاژەڵـە جوانەکانـەوە سـەرخەو بشـکێنیت، ئـەو خانـووە نـاوی (شۆکان)ـە و هـەر شـەوێك مانـەوە تیایـدا نزیکـەی (٥٠٠٠) هـەزار دۆلارە، وەك ئـەوە وایـە لـە نێـو گیاندارانـی دارسـتاندا بیـت، بـەڵام گرێنتـی و سـەلامەتیت پـێ دەبەخشـرێت.





## کاریکاتێر

بـاس لـە سـەردەمی ڤاکسـین دەکات، کـە ڤاکسـینەکان وەك کارتێـك بـەکار هێنـران، بـۆ ئـەوەی پـارە لـە خەڵـك وەر بگرێـت، وەك لـە چەندیـن شـوێن و وڵاتێکـی جیهـان ئـەو مامەڵەیـە بـە ڤاکسـینەکانەوە دەکـران.



## میوزیک

**لە چاوەڕوانی تۆدا - WAIT FOR YOU**
یەکێکـە لـە تراکـە تازەکانـی مانگـی ٧ی ئەمسـاڵ، کـە لـە زۆربـەی کەناڵـەکان بڵاوبووەتـەوە، لەلایـەن ڕاپـەری ئەمریکـی (فیوتەر)ـەوە گوتراوە، فیوتەر لە ساڵی ١٩٨٣ لـە دایکبـووە و لـە سـاڵی ٢٠٠٠ـە وە کاری میوزیکـی ڕاپ دەکات، تراکەکـە لـە جـۆری هیـپ هـۆپ ڕاپـە، لە ئەلبوومـی I never liked you بڵاو کراوەتـەوە.

## فیلم

## باوەڕ پێهێنان – Persuasion




فیلمێکـی درامـا و ڕۆمانسـییە، بـاس لـە گەنجێـك دەکات بـە نـاوی (فریدریـك) دوای ئـەوەی بـۆ لای خۆشەویسـتە کۆنەکـەی بـە نـاوی (ئانـی) دەگەڕێتـەوە، لـەو کاتـەی کچەکـە لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ کەسـێکی دیکـە دایـە، بەمـەش کچەکـە دەکەوێتـە نیگەرانییـەوە و نازانێت خۆشەویسـتە کۆنەکـەی وەربگرێتـەوە، یـان لەگـەڵ کەسـە تازەکـەی بێـت، مـاوەی فیلمەکـە یـەك کاتژمێـر و ٤٧ خولەکـە، لـە دەرهێنانـی (کاری کاراکهنێل)ـە، لـە وڵاتـی ئەمریکا وێنـەی گیـراوە، لـە نواندنـی (کۆسـمۆ جارڤیـس، داکۆتـا جۆهانسـۆن، هێنـری گۆدلینـگ، میـا ماکینـا، سـوکی واتەرهـاوس، ریچـارد گرانت)ـە.

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

لەگـەڵ هاوپیشـەکانت ئاسـوودەیت و کارەکانتـان بەباشـی بەڕێـوە دەڕوات، لـە ڕووی سـۆزدارییەوە هێنـدە بەهانـە بـە خۆشەویسـتەکەت مەگـرە، سـوود لـە دەرفەتـەکان ببینـە بۆئـەوەی زیاتـر پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـت فـراوان بکەیـت، تەندروسـتیت فەرامـۆش مەکـە.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لـەڕوی پیشـەییەوە لەلایـەن کەسـانی چواردەورتـەوە و هـان دەدرێـت و، وا باشـترە سـوود لـەم چانسـە ببینیت، بۆئـەوەی زیاتر بـەرەو پێش بچیت، لە ژیانی تایبەتیتـدا نمونەیەکیـت کـە زۆر کـەس چـاوت لـێ دەکات و لاسـاییت دەکەنـەوە، هەربۆیـە هـەوڵ بـدە ئـەو جوانییـە لەدەسـت نەدەیـت.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

پلانەکانـت لەگـەڵ هاوپیشـەکانت بـاس بکـە و گفتوگۆیـان لەربـارەوە بکـەن، بـەم شـێوەیە چانسـی سـەرکەوتنتان زۆرتـر دەبێـت، کات تەرخـان بکـە بـۆ وەرزشـکردن، لـە ڕووی تەندروسـتییەوە چالاکیـت بەپێـی پێویسـت نییـە و ئەمـەش زیانـی بۆجەسـتەت دەبێـت.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

لـە ئێسـتادا گۆڕانـکاری ئاسـان نییـە، کاتـی ئـەوە نییـە بـە شـێوەیەکی نەرێنـی بیـری لێـە ژیـان بکەیتـەوە، ئاسـوودە بـە و دڵخـۆش بـە بـەوەی کـە ئێسـتا هەتـە، شـێوازی ژیانـت زۆر ناتەندروسـتە، هەوڵبـدە گۆڕانکاریـی تێـدا بکەیـت لـە ڕووی ڕێکخسـتنەوەی ژەمـەکان و کاتەکانـی وەرزشـەوە.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

چاوەڕێـی یارمەتیـی هاوپیشـەکانت مەکـە و تەنیـا پشـت بـە خـۆت ببەسـتە، کاتـی ئەوەیـە خـۆت هـاوڕێ و هاوپیشـەی خـۆت بیـت، لـە ڕووی سـۆزدارییەوە دەچیتـە قۆناغێکـی نوێـوە و، زۆر شـتیش لـە ژیانتـدا دەگۆڕێـت، لەلایەنـی جەسـتەیی و دەروونییـەوە زیاتـر هەسـت بـە باشـی دەکەیـت.


**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەمـو ئامـاژەکان بـەو ئاراسـتەیەن کـە لـە داهاتوویەکـی نزیکـدا گۆڕانـکاری ڕوو دەدات، هەربۆیـە پێویسـت ناکات لە خۆڕا نیگـەران بیت، لـە لایەنـی پیشـەییەوە پلانـی نـوێ دادەنێـت و بـەرەو پێـش دەچیـت، پاڵپشـتی خۆشەویسـتەکەت زیاتـر هاندەرتـە بـۆ سـەرکەوتن.

بۆ زانیاریت

## پێکداچوونی یان تێکەڵبوونی ناوکی Nuclear Fusion

تێکەڵبوونی ناوکی ئەو کاردانەوەیەیە کە لە ڕێگەیەوە دوو ناوکی سووك، یان زیاتر بە یەکدا دەچن، بۆ دروستکردنی ناوکێکی قورستر، پرۆسەی تێکەڵکردنی ناوکی لە توخمەکاندا ڕوو دەدات، کە گەردیلە ژمارەیان نزم بێت، وەك هایدرۆجین و هاوشێوەکانی، تێکەڵبوونی ناوکی کردارێکە پێچەوانەی کرداری کەرتبوونی ناوەکییە، کە تێیدا توخمە قورسەکان بڵاو دەبنەوە و توخمی سووکتر پێك دەهێنن. هەردوو کرداری تێکەڵی ناوکی و کەرتبوونی ناوکی بڕێکی زۆر وزە بەرهەم دەهێنن، کە دەتوانرێت وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ زۆر مەبەستی گرینگ بەکار بهێنرین، کاتێك ئایزۆتۆپەکانی هایدرۆجین وەك (دووتریوم و تریتیۆم) تێکەڵ دەکرێن، یان بەیەکدا دەچن، واتە پێکهاتەکانیان دووبارە تێکەڵ دەکرێنەوە، بۆ دروستکردنی گەردیلەی هیلیۆم و نیوترۆنی خێرا، چونکە دوو ئایزۆتۆپی قورس دووبارە کۆدەکرێنەوە بۆ ناو گەردیلەی هیلیۆم و نیوترۆنێك، پاشماوەی ئەم پرۆسەیەی دەگۆڕدرێت بۆ جووڵە وزە، واتە



ئێمە دەتوانین وزەیەکی زۆرمان دەست بکەوێت ئەوکاتەی کە دوو توخم تێکەڵ بە یەکتر دەکەین، لە ئەنجامدا گەریلەی هیلیۆم کە توخمێکی نوێیە، لەگەڵ نیوترۆنێکی خێرا، لە میانەی ئەم پرۆسەیە وزەیەکی زۆر دەردەچێت، بۆ ڕوودانی ئەم پرۆسەیە پێویستە ئەو گەردیلانەی کە بەکار دەهێنرێن لە کاتی تێکەڵکردنیان، ناوکەکانیان ئەوەندە لە یەکتر نزیك بکرێنەوە تا هێزە ناوەکییەکان چالاك بن، بۆ ئەوەی هەردووکیان بە شێوەیەکی پتەو پێکەوە پچەسپێن، بۆ دروسبوونی توخمێکی نوێ، بۆ نموونە (هیلیۆم).

## ئۆتۆمبێل - Cars

### کۆرۆنا دروستکردنی ئۆتۆمبێلی ڕاگرت

دوای ئەوەی سەردەمی کەرەنتینەی جیهانی سەپێنرا، تەواوی کارگەکانی ئۆتۆمبێل لە جیهاندا وەستان، دواتر زیاتر لە ٨٠٪ی کارگەکانی پیشەسازیی ئۆتۆمبێل لە ١٣ وڵات دەستیان بە کارکردن کردەوە، کۆمەڵەی پیشەسازیی ئۆتۆمبێل لە کۆرۆیای باشوور ڕایگەیاند، لە چوارچێوەی کەمکردنەوەی ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، زیاتر لە ٨٠٪ی کارگەکانی ئۆتۆمبێل کە دەکاتە ٢٣٢ کارگە، لە ١٣ وڵاتی سەرەکیی پیشەسازیی ئۆتۆمبێل، وەك کۆریای باشوور، ژاپۆن، چین، ئەمریکا، هیندستان و چەندین وڵاتی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و هەروەها ئەورووپا، دووبارە دەستیان بە پرۆسەکانی بەرهەمهێنان کردووەتەوە. کۆمەڵکە ئاماژەی بەوەشدا، کارگەکانی ئۆتۆمبێل لە ئەمەریکا و ١٢ وڵاتی دیکە، لە نیوەی مانگی ڕابردوودا، دەستیان بە بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل کردەوە، بەڵام قۆناغ بە قۆناغ، چونکە کارکردن وەك پێشتر و بە دەستهێنانەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی بەر لە کۆرۆنا کاتێکی زۆر دەخایەنێت. پێشبینی دەکرێت لە ماوەی ئەم مانگەدا هێڵی دیکەی بەرهەمهێنان دەست بە کارەکانیان بکەنەوە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

لەگەڵ ئەو فشارە زۆرەی لەسەر شانتە، توانای خۆ گونجاندنت هەیە، سوود لەو هەڵانە ببینە کە لە ڕابردودا ئەنجامت داون و، هەوڵ بدە بیان کەیت بە وانە، بۆ خۆت و کەسانی دیکە، ئەم ماوەیە تەندروستیت بەرەو باشی دەڕوات و پێویستە زیادەڕۆیی لە خواردن نەکەیت.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

لە بیرت بێت لە کاتی گرفتەکاندا پێویستە ئارام بگریت، زۆرکات چارەسەرەکان لەوە نزیکترن کە بیری لێ دەکەیتەوە، مەترسە لەوەی ڕای خۆت بە ئاشکرا دەرببڕیت، بەرپرسیارێتییەکی زۆرت لەسەر شانە، بەڵام ڕێگە مەدە نیگەرانت بکات، چونکە کەسێکی بەهێزیت.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

دەتوانیت بە ئاسانی چارەسەری هەر گرفتێك بکەیت، کە ڕووبەڕووت دەبێتەوە، تەنیا هەوڵ بدە ئارامیی خۆت بپارێزیت، ئەمەش چارەسەری زۆر شت دەکات، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە وریایی وشەکانت هەڵبژێرە لە کاتی گونجاو بەپێی بارودۆخ بیاندرکێنە.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

خۆت ئامادە بکە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی چەند بەربەستێك ببیتەوە، ئەم ماوەیە کارەکانت زۆر باش بەڕێوە ناڕۆن، هەربۆیە پێویستە زیاتر وریای هەنگاوەکانت بیت، لەگەڵ ئەوەشدا کەسانی دڵسۆزت بۆ ئاشکرا دەبێت کە کێ لەم کاتەدا یارمەتیدەرت دەبێت.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

تا ڕادەیەکی زۆر متمانەت بە خۆت هەیە، ئەمەش کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر پیشەکەت هەیە و بەرەو پێش دەچیت، ئەم ماوەیە زیاتر لەو کەسانە نزیك ببەرەوە کە کارەکەیان لە تۆوە نزیکە، دەتوانیت سود لە ئەزمونەکانیان وەربگریت.

**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

بەشێك لە کارەکان بە سەختی بەڕێوە دەچن، بەڵام نابێت پشتگوێیان بخەیت، چونکە خراپتر دەبن، لەڕوی سۆزدارییەوە چێژ لەو کاتانە ببینە کە لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەسەری دەبەیت، چونکە ڕەنگە لە داهاتوودا بۆ ماوەیەك لە یەکتر دوور بکەونەوە.




## پەند و وتە

فیکتۆر ئیمل فرانکل، فیزیاناسی نەمساوی، لە ساڵی ١٩٠٥ لە شاری ڤیەنا نەمسا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٩٧ لە ڤیەنا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی گۆڕانکاری دەڵێت: «لەو کاتەی ناتوانین هەڵوێستێك، یان کارێك بگۆڕین، ئەو کاتە دەکەوینە ژێر پاڵەپەستۆی گۆڕینی ناخی خۆمانەوە».




## یاریی وێنە


لەم وێنەیەدا پیاوێك و ئافرەتێك هەن، شێوەیان ئاساییە، بەڵام وێنەکە بە جۆرێك گیراوە، وەك ئەوەیە کە ئافرەتەکە زۆر بچووك بێت، هەوڵ بدە لە ماوەی یەك خولەکدا فێڵکاریی وێنەکە بدۆزیتەوە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
August 1, 2022 Issue,No.1326


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626